

29
راستینەی
نەتەوەگەرایی سەرەتایی



56
کەتەلۆنیا و کوردستان لە
پایزێکی گەرمدا



50
کۆمەڵگە لەنێو بەرداشی
دەسەڵاتدارێتیدا



45
دواهەمین
شەوی خوداوەندێک

ژمارە
21
ساڵی دووەم
تشرینی دووەم ٢٠١٧
گەلاڕێزان ٢٧١٧

# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge
www.komelge.com
Political, Intellectual and Social monthly Magazine
گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

# سەرەتاو کۆتایی ناسیۆنالیزم پوچە

## زەروان توراقی

پیلانا تاریا ڕێفراندۆمێ و تاکە ڕێکا
چارەسەریێ، نەتەوا دیموکراتیکە




## دێریك وۆڵ

من ئارگومێنتی ئەوە دەکەم،
شۆرشی رۆژاڤا شۆرشی نۆسترومە

# Azadî Komelge




21

# ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز**
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

**سەرنووسەر**
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

**دەستەی نووسەران**
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

**راوێژکاری یاسایی**
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge
چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# ریفراندۆمەکەیی هەرێم؛ شکستخواردووترین پرۆسەکانی سیاسەتی ئەقڵییەتی میللیگەرای سەرەتاییە

ریفراندۆمەکەی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەهەموو پێوانەکان یەکێك لە شکستخواردووترین پرۆسەکانی سیاسەتی ئەقڵییەتی میللیگەرای سەرەتاییە. ئەو ئەقڵییەتە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لەنێو شکستی بەردەوامدا بووە. پێشهاتەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەم ریفراندۆمە شکستخواردووە ببێتە سەرەتای کۆتایی بۆ لەشانۆ دەرچوونی کارەکتەرە میللیگەرا سەرەتاییەکان لە مەیدانی سیاسەتدا، کە ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی ئێستای باشوور لە لوتکەدا نوێنەرایەتیی دەکەن.

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەنجامدانی ئەو ریفراندۆمە کەوتنەخوارەوەی دەمامکی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بوو کە ساڵەهایە وا خۆیان نمایش دەکرد گوایە لەدەرەوەی بازنەی ئەو ئەقڵییەتە بیر دەکەنەوە. کەچی ریفراندۆمی میللیگەرای تاڵانکار و وەهمدار ماهییەتی هەمووانی بە ڕوونی ئاشکرا کرد. ئیدی هێڵی میللیگەرای سەرەتایی بەهەموو تایبەتمەندییە کرێت و داتەپیوەکەیەوە خۆی نمایش کرد.

ئەوەی گرنگە؛ لەو راستییە تێبگەین کە تا ناسین و تێگەیشتنێکی قووڵ و فراوان لەو ئەقڵییەتە بەسەرچووە نەیەتەدی تێپەڕاندنی ئەو ئەقڵییەتەش نایەتەدی. بۆئەمەش لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی پێویستە. ئەگەرنا کۆتایی بەو مێژووە پڕ لە تراژیدیا و نەهامەتیانە نایەت کە ئەو ئەقڵییەتە بەسەر گەلەکەمانیاندا هێناوە.

ئێستا؛ پێچەوانەبوونەوەی سیحری ریفراندۆم بەسەر خودی ساحیرە میللیگەرا سەرەتاییەکان و درانی دەهۆڵەکەیان ئیدی لەگەڵ خۆیدا قۆناخێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. ئەو قۆناخە نوێیەش پێویستی بە جێگرەوەیەك (ئەلتەرناتیفێك)ی زیهنی شۆڕشگێڕی نوێ هەیە. ئەو جێگرەوەیە خاوەن جوداییەکی جەوهەری و بنچینەیی بێت لەو ئەقڵییەتە دارزیوەی میللیگەرایی.

وەکو دیارە؛ هەر لە ئێستاوە چەندین ڕەوت و لایەن وا خۆیان دەخەنەڕوو کە جێگرەوەی هێڵی میللیگەرای سەرەتایین. بەڵام لە گەوهەردا هێڵی هاوتەریب یان سێبەری ئەو هێڵەن، ناکۆکییەکی جەوهەرییان لەنێواندا نییە، بەڵکو دەخوازن بە شێوە و بەرگ و دەمامکی جیاوازەوە درێژە بە هەمان هێڵ و هەمان ئەقڵییەت بدەن. بێگومان ئەم جۆرە یارییە دەمێکە ئاشکرا و بەسەرچووە.

بە واتایەکی دیکە؛ ئەقڵییەتی میللیگەرای سەرەتایی بەهەموو ڕەوت و ئاراستە و لق و پۆپەکانییەوە ئەقڵییەتێکی دژە شۆڕشییە، ئەرکە هەمیشەییەکەی بریتی بووە لە لەباربردنی هەموو هەوڵێکی شۆڕشگێڕانە. بۆیە تەنیا ئەقڵییەتێکی شۆڕشگێڕانە دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەقڵییەتی دژە شۆڕشی ببێتەوە و ببێتە جێگرەوەی ڕاستەقینەی ئەو.

گۆڤارەکەمان لەم ژمارەیەیدا بە پێویستی بینی کە بە دۆسیەیەکی هەمە لایەنە تاوتوێی ئەو ئەقڵییەتە کوشندەیە بکات. مسۆگەر پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر و چڕوپڕتر هەیە. دەکرێ لە ژمارەکانی دیکەدا بخرێتە بەر ڕەخنەی زیاترەوە. بۆ ئەوەی زەمینەی پەرەدان بە جێگرەوە شۆڕشگێڕە زیهنییەکەی بدرێت، کە لەو باوەڕییە داین ئەقڵییەتی «نەتەوەی دیموکراتی» جێگرەوەی ڕاستەقینەیەتی. نەتەوەی دیموکراتی کە یەکێك لە ستوندە سەرەکییەکانی پارادیگمای مۆدێرنیتەی دیموکراتییە، وەرچەرخانێکی زیهنی مەزنە بۆ تێپەڕاندنی ئەقڵییەتی میللیگەرای سەرەتایی، هەروەها وەڵامێکی شۆڕشگێڕانەشە بۆ ڕزگاربوون لەو گێژاوەی کە ئەقڵییەتی میللیگەرایی خوڵقێنەر و هۆکارێکی سەرەکییەتی.

# نەجیبە عومەر:
# لەباشووری کوردستاندا زۆرترین قوربانیی دراوە، بەڵام کەمترین دەسکەوتمان هەیە

ئازادیی کۆمەڵگە
سازدانی: دانا عومەر


نەجیبە عومەر

نەجیبە عومەر، نووسەر و چالاکوانی بواری ژنان لە دیدارێکیدا بۆ گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە رایدەگەیەنێت:» زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک ئەو زهنیەتەیە کە بەردەوام پشتی خۆی گرێداوە بەپرۆژە و هێزی دەرەکی، هیچ کاتێک بۆ بڕیارگرتن لەسەر چارەنوسی گەل ناگەڕێتەوە بۆ بڕیاری جەماوەر بەڵکو تەواوی بڕیارەکانی لەسەر داخوازی و بەرژەوەندییەکانی گەل ناگرێت.

هەروەها ئەو چالاکوانەی بواری ژنان دەشڵێت:» لەباشووری کوردستاندا زۆرترین قوربانی دراوە، بەڵام کەمترین دەسکەوتمان هەیە، هۆکارەکەی ئەوەیە گەل بەکەوچک کۆی کردۆتەوە، ئەم هێزە دەسەڵاتدارانەش بەمەنجەڵ رشتویانە.

**«کۆمەڵگەی کورد دابەشکرا بۆ دوو چین: چینی سەردەست و چینی ژێردەست»**

**o ئەقڵییەتی میللیگەرای سەرەتایی چۆن پێناسە دەکەن؟ چەمك و تێگەیشتنی ئەو ئەقڵییەتەیە چییە؟**

- ئەقڵیەتی میلیگەرای سەرەتایی ئەقڵیەتێکە کە هێزە دەسەڵاتدارەکان لەپێناوی مانەوە و درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان بەرهەمیان هێناوە، بۆ مەبەستی ئاواکردنی هێزێکی بەکارهێنەر، لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لە سایکۆلۆژی گەلی کورد، بەتایبەتی ئەو کوردەی کە لەچینی ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و سەرۆک خێڵە، ئەگەر ئەم ئەقڵیەتە لەکاتی خراپکردنی فۆرمی کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتەکان و خۆبەڕێوەبردنی گەلاندا و پێشخستنی فۆرمی بەگ و ئاغا لە کوردستاندا تۆوەکەی چێنرا، کۆمەڵگەی کورد دابەشکرا بۆ دوو چین: چینی سەردەست و چینی ژێردەست. بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەبەڕێوەبردن و بەرخودانی میرنشینەکاندا بەتەواوەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک فۆرم قازانج دەکات. لەکاتێکدا میرنشینەکان لە کوردستاندا بەرفراوان دەبن وەک میرنشینی بابانی و بەدرخانی و ئەردەڵانی و سۆران، کە ئەم شێوازی بەڕێوەبردنە شێوازی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆرەکان بوو. لەم کاتەدا بەشێوەیەکی پیلان بۆدارێژراو دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنسا دەست دەکەن بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی پارچە

بکە و زاڵ بە. لەلایەک عوسمانیەکان دژی میرنشینەکان هان دەدەن، لەلایەکی تریش میرنشینەکان لەدژی عوسمانیەکان هان دەدەن. لەئەنجامدا عوسمانیەکان هێرشیان کردەسەر ئەم میرنشینانە و راستی و کارەکتەری کوردی دەسەڵاتدار زیاتر ئاشکرابوو، ئەو کوردە کە لە بەڕێوەبردندا لاسای ئیمپراتۆرە گەورەکان دەکاتەوە. لەکاتێکدا هێرش لەسەریاندا دەکرێت بەهۆکاری ئەوەی لەناوکەوە بە ئیمپراتۆرەکانەوە گرێدرابوون دەسەڵات زۆرگەورە دەبینن و لەهێزی جەماوەر بێ باوەڕ لەناوخۆدا رووبەڕووی زۆرترین خیانەتی ناوخۆیی و شکەستی گەورە دەبنەوە. لەلایەک هێزی دەرەکی(فەرەنسا و بەریتانیا ) هانیان دەدەن و دەڵێن ئێمە لەپشتانین بڕۆن مافی خۆتان داوابکەن لەلایەکی تریشەوە ئەم هێزە دەرەکیانە هاوکاری هێزی ستاتۆگەری ئیمپراتۆری عوسمانی دەکەن. واتا سیاسەتی کەروێشک راکە و تانجی بیگرە بەبنەمادەگرن و گەلی کوردی خاوەن باوەڕی ئێزدی و ئاشوری خاوەن باوەڕی مەسیحی لەگەڵ کوردی موسڵماندا بەگژ یەکیاندا دەدەن. بەدەستی بەدرخانەیەکان ئاشوری کۆمەڵکوژ دەکرێت و بەدەستی میرمحەمەدی رەواندوزیش ئێزیدیەکان کۆمەڵکوژ دەکرێن. بەم جۆرە زهنیەتێکی نەتەوەپەرستی کلاسیکی خاوەن باوەڕی سوننەی تەنگ دەردەکەوێتە پێش. لەئەنجامدا هەموو میرەکان لەجێگای پاراستنی نەتەوەیەک ئامانجەکانیان بۆ پاراستنی خانەوادەیەک بچووک دەکەنەوە. ئەم جارە هەریەک لەو میرانە دەڵێن بادەسکەوت کەم بێت و بەمەرجێک هی من بێت. ئەم شێوازی تێکۆشانە لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەبێتە مۆدێلێک بۆ سەدەی بیستەهەم،لەدوای پارچەکردنی کوردستان و پیرۆزکردنی زهنیەتی دەوڵەت نەتەوەش ئەم زهنیەتە زیاتر پەرەی سەند. بێگومان ئەم شێوازی تێکۆشانە کاریگەری لە ئاراستەکردنی

> **لەجیاتی تێکۆشانێکی رادیکاڵ و پێداگر کەپشتی خۆی بداتە جەماوەر، ئاواکردنی هێزێک کەپێک هاتووە لەچینی سەرەوەی کۆمەڵگە و ئاگای لەئێش و ئازارەکانی گەل نییە پێش دەخەن**

زۆربەی زۆری پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان دەکات لەسەدەی بیستەهەمدا، نەک تەنها لە کوردستاندا بەڵکو لەناو ئەو نەتەوانەی کە چەوسیندراونەتەوە بەدەستێوەردانی هێزی دەرەکی پشتگیری هێزی نەتەوەپەرستی کلاسیک کراوە لەدژی ئەو پارتی و رێکخراوانەی کە هەڵقوڵاوی گەلن. لەجیاتی تێکۆشانێکی رادیکاڵ و پێداگر کەپشتی خۆی بداتە جەماوەر، ئاواکردنی هێزێک کەپێک هاتووە لەچینی سەرەوەی کۆمەڵگە و ئاگای لەئێش و ئازارەکانی گەل نییە پێش دەخەن. چونکە ئەم هێز و لایەنانە دەتوانن بەپێی بەرژەوەندییە تەنگەکانیان گەورەترین داخوازی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان پێک بهێنن. چونکە پێوانی دیبلۆماسیەت لەلای ئەم جۆرە هێزانە بەواتای تەسلیمیەت دێت نەک پەیوەندی لەسەربنەمای بەرژەوەندی هاوبەش. ئەمەش یەکێکە لە هەڵە گەورەکانی ئەم هێڵە فیکریە.

بەکورتی زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک ئەو زهنیەتەیە کە بەردەوام پشتی خۆی گرێداوە بەپرۆژە و هێزی دەرەکی هیچ کاتێک بۆ بڕیارگرتن لەسەر چارەنوسی گەل ناگەڕێتەوە بۆ بڕیاری جەماوەر، بەڵکو تەواوی بڕیارەکانی لەسەر داخوازی و بەرژەوەندیەکانی گەل ناگرێت. ئەم زهنیەتە نەخۆشی زووگەیشتنە دەسەڵاتی هەیە، لەپێناوی ماف و ئامانجەکانی گەلدا تێناکۆشێت بەڵکو ئامانجی زوو وەرگرتنی دەسەڵاتە. نەتەوەپەرستی کلاسیک هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی نییە. لەگۆشەنیگای بنەماڵەگەری و پاشان عەشیرەتگەری دوای هەرێمگەری و پارچەگەری سەیری پرسی نەتەوەیی دەکات. واتا ئامادەیە تێکۆشانی گەلێک بکاتە قوربانی مانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی خۆی. هەربۆیە ئەو هێزانەی لەسەر بنەمای ئەم زهنیەتە خۆیان بوونیات ناوە تەنها دەوڵەتی داگیرکەر لە یەک پارچەی کوردستان بەداگیرکەر دەبینن دەوڵەتانی داگیرکەری تر لەپارچەکانی تری کوردستان وەک

دۆستی ستراتیجی تەماشادەکەن. ئەم هێزانە لێهاتوویی و بوێری لاوانی کوردیان لەشەڕدا بەکارهێناوە، بەڵام ئەو دەسکەوتانەی لەشەڕیشدا بەدەست هاتووە بەهۆکاری بێ باوەڕبوون بەخۆیان و خۆبچووک بینینیان لەبەرامبەر دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و دەسەڵاتدارانی جیهان هەمیشە لەسەرمێزی گفتوگۆ دەسکەوتەکانیان دۆڕاندووە و تەسلیمی زلهێزەکانیان کردووە. ئەو چینەی کە نوینەرایەتی زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک دەکات خاوەنی کارەکتەرێکی وەهایە لەبەرامبەر دەسەڵاتدان تادوارادە کۆیلەن و لەبەرامبەری خەڵکی هەژار و ژێردەستەش ئاغان.

**«پێشمەرگەکانی پارتی بەفەرمانی سەرەوەی خۆیان سەنگەریان بەردا و رایانکرد»**

**o ئایا تا چەند ئەو ئەقڵییەتە شێوەی بە بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری داوە و چ کەسێتییەکی دروستکردووە؟**

- ئەقڵیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک کاریگەری لەسەر پارتی و رێکخراوە سیاسی و چەکداریەکانی سەدەی بیستەهەم کردووە و هەتارۆژی ئەمڕۆش بەردەوامە. بەڵام هەندێک پارتی و کۆمەڵە و رێکخراو کاریگەر نەبوون .بۆنموونە کۆمەڵەی دارکەر کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری نەتەوەیی بووە توانیویانە گوزارە لەراستیەکانی گەلی کورد بکەن، دیسان حیزبی هیوا هەروەها کۆمەڵی ژیانەوەی کورد(ژ .ک) لەرۆژهەڵات و کۆمەڵەی خۆیبوون و کۆمەڵەی رەنجدەران و کۆمەڵەی ژنان بۆ هاوکاری هەژاران و ... هتد بەڵام بەهۆکاری بەمۆدێل کردنی زهنیەتی نەتەوەپەرستی تەواوی ئەو هێز و رێکخراو و کۆمەڵانەشیان لەناو زهنیەتی نەتەوەپەرستی تەنگی کلاسیکدا تواندەوە یان لەناویان بردن. بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا

> **کەسێکی بێ باوەڕ کەسایەتی ناجێگیر بێ؛ بڕیارە و نابێتە خاوەنی بڕیاری خۆی و بۆ کاریگەریەکانی دەرەوە کراوەیە**

لەسەدەی بیستەهەمدا ئەم زهنیەتە زۆر باڵادەست بووە، (پارتی دیموکراتی کوردستان )پێشەنگایەتی ئەم زهنیەتەی کردووە و ئەو پارتیانەی تریش کە وەک ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتوون لەدژی( پ. د. ک ) ئەم زهنیەتەیان تێنەپەڕاندووە. چونکە ئەوانیش بۆماوەیەکی درێژ لەناو سکی ئەم پارتیەدا گەورەبوون. بەهۆکاری نەگۆڕینی ئەم زهنیەتە کە بزوتنەوە یان پارتیەکی نوێش دروست دەکەن ناتوانن ببنە هێزی گۆڕانکاری، چونکە ئەو پارتی و بزووتنەوانەش لەو قوتابخانەیەدا گەورەبوون کە هێڵە فیکریەکەیان زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیکە. بێگومان کاتێک ئەم راستیانە دەڵێین بەواتای ئەوە نایەت نکۆڵی لە کار و خەبات و تێکۆشانیان دەکەین. چونکە ئەوەی لەچینی خوارەوەی ئەم پارتیانەدا تێکۆشاون کەسانی دڵسۆز بوون و ئامانجەکانیان گەورە بووە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی ئەوانەی رێبەرایەتی ئەم پارتیانەیان کردووە خاوەنی ئەم چەمکی پارچەگەری و ناوچەگەریە و هەروەها گەورەبینینی داگیرکەران و بچوک بینینی جەماوەر ئاراستەکراون. لەئەنجامدا کارەکتەرێکی نیوە شۆڕشگێریان دروست کردووە. ئەمەش وەهای کردووە کە بەردەوام کەسێکی کە لەتێکۆشاندا بووە لەهەموو کەس زیاتر بێ باوەڕبووە. کەسێکی بێ باوەڕ کەسایەتی ناجێگیر بێ بڕیارە و نابێتە خاوەنی بڕیاری خۆی و بۆ کاریگەریەکانی دەرەوە کراوەیە، هەمیشە لەترسێکی وەهادا دەژی کە رەنجی بەخەسارە. بێگومان ئەم سایکۆلۆژییە رێگەنادات کەسایەتی رادیکاڵ پێش بکەوێت لەجەماوەری ناو ئەم پارتی و لایەنانەدا. لەناو هێزی چەکداریشدا بەتێپەڕبوونی کات ئەو رۆحیەتە فیداکاریەی کە لەرابردوودا هەبوو ئێستا شکاوە. بۆنموونە لەکاتی هێرش لەسەر شەنگال پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەفەرمانی سەرەوەی خۆیان سەنگەریان بەردا و رایانکرد. بەڵام ژمارەیەکی کەمیشیان کە خاوەن ویژدانی زیندوون چوونە پاڵ هێزەکانی هەپەگە و یەژاستار و تێکۆشان، لە کاتی ٣ی ئاداری ٢٠١٧دا زۆرینەی پێشمەرگە هەتا پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گوێیان لەفەرمانی سەرەوەی خۆیان نەگرتووو ئامادەنەبوون شەر دژی یەبەشە و یەژەشە بکەن. بەڵام

ژمارەیەک پارەخۆری بێ ناسنامە و کوردی نامەرد لولەی تفەنگەکانیان کردە ڕووی خەڵکی شەنگال و هێزی پاراستنی شەنگال و ژمارەیەکیان لێ شەهید خستن. ئەم تابلۆیانە ڕەنگدانەوەی زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیکە. ئەم هێزانە لەگەڵ هێزی پیلانگێڕ هاوپەیمانی دەکەن و دوایش دەڵێن ئێمە نەمانکردووە، بەردەوام لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە دەخوازن ئەم کارەکتەرە بکەنە ماڵی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.

**«گەل بەکەوچک کۆی کردۆتەوە ئەم هێزە دەسەڵاتدارانەش بەمەنجەڵ ڕشتویان»**

**o تا چەند شکستەکان و ئەنجامگیرنەبوونی تێکۆشانی ئازادیی گەلەکەمان بۆ ئەو ئەقلییەتە دەگەڕێتەوە؟**

- لەباشووری کوردستاندا زۆرترین قوربانی دراوە، بەڵام کەمترین دەسکەوتمان هەیە. هۆکارەکەی ئەوەیە گەل بەکەوچک کۆی کردۆتەوە ئەم هێزە دەسەڵاتدارانەش بەمەنجەڵ ڕشتویانە. واتا هەرخەڵک ڕاپەرین و سەرهەڵدانی کردووە و دەسکەوتی بەدەست هێناوە و ئەمانە بەسیاسەتی هەڵە و گوێڕایەڵی دەوڵەتانی داگیرکەر ئەم دەسکەوتانەیان لەدەست داوە. ئەم جۆرە زهنیەتە وەهای کردووە کە خەڵک لەتێکۆشان بێ باوەڕ بووە. دیسان لەبەرامبەر بە بەشەکانی تری کوردستانیش ئەم زهنیەت باشترین مقاشی بەردەستی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بووە کە بۆ مەبەست و مەرامەکانی خۆیان بەکارهێناون، بۆ نموونە دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان هێزێکی باشووری کوردستانیان خستۆتە پێش خۆیان و لەدژی هێزێکی شۆڕشگێڕ بەکاریان هێناون .واتا ئەو هێزانەی خاوەنی زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیکن بەهەموو شێوەیەک باشترین پێکهێنەری پرۆژەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بوون.

> **خەڵک تێکۆشانی کرد بۆئەوەی خاوەنی وڵاتێکی ئازاد و سیاسەتێکی نەتەوەیی و سیستەمێکی دیموکرات و ئابوریەکی سەربەخۆ بێت**

**«٧٠٪ داهاتی ئەم وڵاتە لەخزمەتی دەوڵەتی تورکیا دایە»**

**o لەم ٢٦ ساڵەی ڕابردوودا لەباشووری کوردستاندا ئەو ئەقڵییەتە خاوەن دەسەڵاتدارێتیی بووە، ئایا ئەم ئەقڵییەتە لەڕووی ئابووری و سیاسی و چانددی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگە و وڵاتی بە چ ئاراستەیەك بردووە؟**

- خەڵک تێکۆشانی کرد بۆئەوەی خاوەنی وڵاتێکی ئازاد و سیاسەتێکی نەتەوەیی و سیستەمێکی دیموکرات و ئابوریەکی سەربەخۆ بێت. لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ماف و ئازادیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە پارێزراو بێت و یەکسانی و ئازادیی ژن لەهەموو کایەکانی ژیاندا بەرقەرار بێت. بەڵام دەبینین لەماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا هەتاڕۆژی ئەمڕۆ هەردەچێت ئەو مافانەی کە هەمان بوون لەدەستمان دەچێت، لەلایەک لەڕووی ئابوری و چاندیەوە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە داگیرکراوین لە ٧٠٪ داهاتی ئەم وڵاتە لەخزمەتی دەوڵەتی تورکیا دایە و ئێرانیش زۆرترین وڵاتی دەرەکی لێی سودمەند دەبن بەڵام خەڵک لە باشوور برسیە. بۆچی؟ چونکە پارتی دەسەڵاتدار هاوپەیمانی ستراتیجی هەیە لەگەڵ تورکیا. لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە زۆرترین ڕێژەی کوشتن و خۆکوشتن لەباشووری کوردستانە کە ئیتر بۆتە دیاردە و کۆمەڵکوژی. منداڵ لەهەموو مافە سەرەتاییەکانیاندا بێ بەشن، لەڕووی چیانەیەتیەوە چینێکی مشەخۆری دیکتاتۆر پێش کەوتووە و کە لەڕێگەی دەسەڵات و سیاسەتی گەندەڵیەوە، چینێکی هەژار و چەوساوەش دروست بووە کە کار نییە بیکات بۆئەوەی بژی. بۆیە لەجیاتی ئاوەدانی وەها لەخەڵک دەکەن ڕابکات لەوڵات و بەهەموو تێکۆشان و بەرخودانیەک بێ باوەڕ بێت. تاکێکی خەرچکەری بەکاربەر بونیاتنراوە. ئەم تاکەش لەخزمەتی زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک دایە کە لەبواری ڕۆشنبیری و زانیاریدا لاوازە

و تا دواڕادە هەستیارە، هەربۆیە یاری بەهەست و دەروونیان دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە. گەلێک بەچاند و کلتوری خۆیەوە هەست بەبوونی خۆی دەکات بەڵام کار لەسەر ئەوە دەکەن تاکی کۆمەڵگە زمان و فەرهەنگ و هونەر و چاندی هەموو داگیرکەران فێربێت و خۆشی بوێت. بەڵام چاندی خۆی بچووک بینێ. هەربۆیە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر رووبەرووی داگیرکەری کولتوری بووینەتەوە.

**«زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک لەبنەمادا دوژمنی ژنە»**

**o وەك دەزانن ئەو ئەقڵییەتە لە بنچینەدا ئەقڵییەتێکی پیاوسالارییە، ئایا رەوشی تراژیدی ئیستای ژنان تا چەند پەیوەستە بە باڵادەستبوونی ئەو ئەقڵییەتەوە؟**

- لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی درێژی مرۆڤایەتی ژن پێشەنگایەتی بۆ هەمووو کۆمەڵگە کردووە و تەواوی بنەماکانی ژیان لەسەردەستی ژن پێش کەوتووە. پاشان بەهاتنی سیستەمی دەسەڵاتداری پیاو کە لەرێگەی کۆیلەکردنی ژنەوە تەواوی کۆمەڵگەی رووبەرووی چەوسانەوە و کۆیلایەتی کردەوە، لەو رۆژەوە تارۆژی ئەمڕۆ سەرەڕای هەموو زهنیەتێکی رەزگەرای ناموسپەرستی و بەکاڵاکردنی ژنان بەردەوام ژنان هەوڵیان داوە لەتێکۆشاندا بن و رۆڵبگێڕن لە پێشەنگایەتی کردنی کۆمەڵگادا. نموونە بەرخودانی خانزادی میری سۆران و شەڕ و تێکۆشانی حەلیمە بەدرخانی لەچیای ئەڵباکی هەکاری لەدژی عوسمانیەکان و قەرەفاتمە لەدژی داگیرکەری روسی و شانازخاتوون لەدژی قاجارەکان و عادیلەخان و خەپسەخان و لیلاقاسم و عایشە گوڵ......هتد لەرابردوودا. لەرۆژی ئەمڕۆشدا تێکۆشانی ژنانی شەنگال و رۆژئاوا و باکور و رۆژهەڵات و بەرخودانی و تیکۆشانی قارەمانانی وەک دەنیز دێرەلوک و دەستینا قەندیل و بێریتان دهۆک و سۆلاف و ڤەژین ....هتد.

**داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە جارێک ژنی کۆتگیر و دیل کردبێت، ئەم هێزانە هەزارجار ژنیان کردۆتە ناموسی پیاو و بەزنجیری پۆڵاین گرێیان داوە**

لەپێشەنگایەتی ئەم ژنە قارەمانەدا زەبری کوشندە لەتەواوی زهنیەتە رەگەزگەرا و ناموسپەرستەکان دراون. ئیتر ئەم ژنە قارەمانانە بوونەتە ناسنامەی راستەقینەی ژنی ئازاد بۆهەموو جیهان. روون و ئاشکرایە کە پارتی و رێکخراو لەهەر کۆمەڵگەیەکدا کەدروست دەبن دەبێت پێشەنگایەتی بکەن لەگۆڕینی ئەقڵیەتی کۆندا و بونیاتنانی رۆشنگەری و بیری تازەگەریدا. بەڵام بەپێچەوانەوە زهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک لەبنەمادا دوژمنی ژنە. بەهیچ شێوەیەک حساب بۆ هەبوونی ژن ناکات. ئەو پارتیانەی بەم عەقڵیەتە کاردەکەن لەبواری رۆشنبیری تێپەڕاندنی داب و نەریتە باوەکاندا بەتەواوی لەدواوەی کۆمەڵگە بەڕێوە دەرۆن. داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە جارێک ژنی کۆتگیر و دیل کردبێت، ئەوا ئەم هێزانە هەزارجار ژنیان کردۆتە ناموسی پیاو و بەزنجیری پۆڵاین گرێیان داون. لەکاتێکدا کە ئەم پارتیانە لەدەسەڵاتدا نەبوون ژنانیان بۆ خزمەتی پیاوان واتا ژن لەماڵدا چۆن کاری خزمەتکردنی پیاوان و منداڵ بوون و چێشتلێنانە ئەم کارانەیان بەژنان کردووە کاتیک ژنێک خواستی شۆڕشگێڕێتی هەبووبێت پێویست بووە هەم کاری ژنێکی ماڵ بکات هەم کارە شۆڕشگێریەکە. بەبێ ئەوەی ژن هۆشیار کرابێتەوە لەسەر راستی سیاسەت و شەڕ و تێکۆشان، بۆ هەموو کارێک بەکارهێنراوە و کاتیک داخوازیەکانی حیزبی پیاوانی پێک نەهێنابێت کراوەتە قوربانی گوللەیەک و خراوەتە ژێر بەردێکەوە. لەکاتی هاتنە سەردەسەڵاتیش بەهەموو شێوەیەک تیپی ژنێکی بەپێی داخوازیەکانی پیاویان خستە سەر شانۆی سیاسەت. بۆئەوەی بیسەلمێنن کە ئەوان راست دەکەن ژن و سیاسەت و بەڕێوەبردن نابێت تەنها ژن بۆ خزمەتی پیاوانە. ئەم هەمووو تراژیدیانە ئەنجامەکەی چەندین یاسای سەقەت و رۆژانە بەهەزاران رووداوی تراژیدی لێکەوتەوە. بێ گومان ئەگەر دەریاچەکانی باشووری کوردستان رۆژانە چەندین لاشەی ساردوسڕی ژنانی تێدا دەدۆزریتەوە، رۆژانە

چەندین لاشەی سووتاو دەخریتە ژێر گڵەوە ئەمانە هەموووی بەرهەمی زهنیەتی پیاوسالارانەی نەتەوەپەرستی کلاسیکە. لەگەڵ نارەزایی تەواوی ژنان بەڵام بەردەوام دەبن. چونکە هەبوونی خۆیان لەسەر بنەمای دژبەرایەتی ژنان جێگیر کردووە. چەندە ژن پێشبکەویت هێندەش بەرژەوەندی بنەماڵە و بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و سیستەمە نادیموکراتە دەستپۆتەکەیان لەدەست دەچێت. چونکە لەجێگایەکدا چەندە ژن پێشبکەوێت و ببێتە پێشەنگ هێندەش کۆمەڵگە دیموکراتیزە دەبێت و هۆشیار دەبێتەوە لە ژێردەستی دەسەلات دەردەچێت و دەبێتە خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆیانەی خۆی. ئەگەرچی پارتیە کلاسیکیەکان چەندە رێگربن لەسەرکەوتنی ئەم فکرە نوێخوازە بەڵام فەلسەفە و بیری ئازادیی بەخوێن بەدەست هاتووە.

**«باشووری کوردستان پێویستی بە تێکۆشانێکی فیکری بەهێز هەیە»**

**o بۆ ئەوەی ئەو ئەقڵییەتە تێپەڕێنرێت دەکرێ چ ئەقڵییەتێك بە بنەما وەربگرین؟**

- ئاشکرایە کە لەکۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا ئەو پارتی و رێکخراوانەی کە تێکۆشان دەکەن هەموویان خاوەنی عەقڵیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک نین. بەڵام بەهۆکاری باڵادەستی و دەسەڵاتداریان زۆرترین کاریگەریان ئەنجامداوە. راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە بە بەردەوامی لە سەرەتای تێکۆشانەوە هەتاڕۆژی ئەمڕۆ تیکۆشانی دیموکراتیانە و نەتەوەیی و رێکخراوەی ژنانی رادیکاڵ هەبوون. ئەم هێزانە رۆڵێکی گەورەیان گێراوە لەهۆشیاری کۆمەڵگە و بەزیندووهێشتنەوەی ویژدانی کۆمەڵگە و بیری نەتەوەیی و زهنیەتی دیموکراتیەتی گەل. بۆ تێپەڕاندنی ئەقڵیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک و بونیاتنانی زهنیەتێکی نوژەن

> **فیکر و فەلسەفە و پرۆژە پێشنیاری چارەسەری خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی لەلایەن "رێبەر ئاپۆ"وە تاکە چارەسەرییە بۆ هەموو ئەو کێشە و نەخۆشیانەی کوردستان**

و دیموکراتیانە باشووری کوردستان پێویستی بە تێکۆشانێکی فیکری بەهێز هەیە. بەتایبەتی لەپێناوی بونیاتنانی زهنیەتی نەتەوەی دیموکرات و لەنوێوە ڤەژینی بیروباوەڕی یەکێتی نەتەوەیی و تێپەڕاندنی زهنیەتی ناموسپەرستی و بەهێزکردنی پێشەنگایەتی ژنان لەهەموو کایەکانی ژیاندا و بەهێزکردنی ئیرادەی دیموکراتیانەی گەل و ئاواکردنی سیستەمی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی گەلان، کە سەربەخۆیی راستەقینە گەرەنتی دەکات و رێگریەکی تۆکمەیە لەگەندەڵی و نادیموکراتی. بێ گومان ئەمانەی کە باسمکرد ناوەرۆکی پرۆژەی رێبەر ئاپۆیە بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانی تەواوی کوردستان، بەتایبەتی باشووری کوردستان. فکر و فەلسەفە و پرۆژە پێشنیاری چارەسەری خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی لەلایەن» رێبەر ئاپۆ»وە تاکە چارەسەرییە بۆ هەموو ئەو کێشە و نەخۆشیانەی کوردستان کە لەئەنجامی زهنیەتی نەتەوەپەرستی سەرەتاییەوە تووشی هاتووە. هەموو لایەکیش ئاگادارە هێڵی فیکری نەتەوەی دیموکرات و سیستەمی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی ئەمڕۆ باشترین نمونەی ئەزموونکراوە و سەرکەوتووترین شێوازی بەڕێوەبردنی گەلانە لەپێشەنگایەتی ژنان و گەنجاندا کە تاکێکی سەرکەوتوو و هۆشیار پێدەگەیەنێت. ئەم نمونەیە نەک تەنها بۆ کورد بەڵکو بۆتەواوی گەلانی جیهان دەبێتە تەنها رێگە چارەسەری و کۆتاییهێنان بەهەموو شێوازێکی داگیرکەری و شەری نەتەوەپەرستی و نەژادی و ناموسپەرستی دەهێنێت.

# شکستەکانی ٧٠ ساڵی بزوتنەوەی کورد بەهۆی عەقڵییەتی ناسیۆنالیزمەوەیە

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: ئاسۆ جەوهەر

رەخنەگرانی ناسیۆنالیزمی کوردیی رایدەگەیێنن: ناسیۆنالیزمی کوردیی زیانێکی زۆرگەورەی بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان گەیاندووە، هەربۆیە ناسیۆنالیزمی کوردیی ئامرازێک بووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بنەماڵەکان. جەختیش دەکەنەوە: ناسیۆنالیزم عەقڵییەتێکی پیاوسالارییە و ژن لە پەراویزی ژیاندا دەهێڵێتەوە.

لەم تەوەرەدا کە ئەندامێکی ئەکادیمیای ژن و نووسەرێک بەشدارن، ئەوەش دەڵێن: خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردیی، خەبات نییە بۆ ژیان، بۆ ئازادیی و بۆ چەسپاندنی قانون و حوکمڕانییەکی باش نییە؛ پرۆسەی دیموکراسییش لای نمایشیی و روکەشە.



نەجیبە قەرەداغیی، رۆژنامەنووس و ئەندامی ئەکادیمیای ژنۆلۆژی، ئاماژە بە چەمکی ناسیۆنالیزم دەکات، ناسیۆنالیزم بە«میللگەرایی سەرتایی» ناودەبات و لە رووی تیۆرییەوە ئەم چەمکە بۆ ئازادیی کۆمەڵگە شرۆڤە دەکات: چەمکی میللیگەرایی سەرەتایی (ناسیۆنالیزم) چەمکێکی نوێیە لە بواری تیۆری سیاسیی دا، بۆ یەکەم جار رێبەر عەبدوڵا ئۆجالان بەکاری هێنا بۆ پێناسە کردنی ئەو گروپە سیاسیانەی کە لە رووی پێکهاتەی سیاسیی و کۆمەلایەتییەوە پشت بە چەمکی خانەدان و بنەماڵە دەبەستن و پێگەی سیاسیی، ئابووریی و جیۆگرافیان بۆ بەرژوەندیی بنەماڵەیی بەکاردێنن و لە پێوەندییەکانیان دا بەرژوەندیی گشتیی رەچاو ناکەن. ئەو گروپە سیاسییانە پلانێکیان بۆ دیموکراتیزەکردن یان بونیادنانی سیستمێکی دیموکراتیک نییە و گەرەنتی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بە پێشکەشکردنی سامانی وڵات بەسەر زەوی و ژێرزەوییەوە بۆ هێزی دەرەوەیە و لە هەمان کاتدا پێگەی ئابووریان بە هاوکارییکردن و هاوبەشییکردنی هێزی دەرەوە دەبینن. ئەم فۆرمە لە میللیگەرایی، تەنیا پێوەندیی بە پێگەی سیاسیی عەشیرەت و خێڵەوە نییە، بەڵکو بەشێکیش لە توێژی بورژوا و کۆمپرادۆر(وشەیەکی پورتوگالییە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ هێزی داگیرکەردا هاوکار بوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان). بەڕێز ئۆجالان ئەو پێکهاتەی وەک بەرەی سونی-نەقشیی پێناسە کرد کە لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا، بە هاوکاریی هێزی دەرەکیی و نێونەتەوەیی و ناوچەیی هەوڵی زەقکردنەوەیان و گەیاندنیان بە کورسی دەسەڵاتداریی دەدرێت و چەمکی نەتەوەیی-یش لە فۆرمێکی ناوچەگەریی دا بەکاردەهێنن. هەرچۆن لە ماوەی سەدەیەی رابردوو ئینگلیز و فەڕەنسا دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت-نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوینیان گەیاندە دەسەڵات

و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ڕێی ئەو دەسەڵاتدارانەوە مسۆگەرکرد، لەئاستی باشووریشدا لە ژێر پاساوی پاراستنی خەڵک و پاساوی دیکەدا، ئەو نوخبەیەیان هێنایە سەر شانۆی دەسەڵاتداریی، هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە ئەم نوخبەیە لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی تورکیادا یەکبخەن، ئەمە بۆئەوەی لە داڕشتنەوەی نەخشە و بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا بەکاریان بهێنن.

ئەو ڕۆژنامەنووسە، ئاماژە بەوەشدەکات کە هێزە نێونەتەوەییەکان گرووپە ناسیۆنالیستە کوردییەکان بە باش دەزانن و بەشێکی تریش بە کوردی خراپ دەزانن و وتی:«هێزە نێونەتەوەییەکان، ئەم گروپە سیاسی و دەسەڵاتەدارییەیان بە باش و بزوتنەوەی ئازادییخوازیی گەلی کورد –پەکەکە-یان بە تیرۆریست و خراپ پۆلێن کردووە. ئەم نوخبەیە لە میللیگەرایی سەرەتایی لە چوارچێوەی سەنتێزی تورک- ئیسلامدا کە سەرەتاکانی بۆ سەردەمی ئۆزال دەگەڕێتەوە، تا لە سەردەمی ئەردۆغان دا هەموو هەوڵێکیان بۆ ڕێگرتن لەوەیە کە هەرێمەکە نەبێتە خاوەن مۆدێل و دیدێکی ئەلتەرناتیف بۆ چارەسەریی پرسەکانی خۆی. ئەم چەمک و عەقڵیەتەی میللیگەرایی سەرەتایی کە لە توێژی دەسەڵاتداری باشووردا لە چەند بنەماڵەدا کۆبووەتەوە، لە رووی ئابووریی و بازرگانیی پەترۆڵ دا شێوەی گرتووە و زیانێکی زۆر گەورەی بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان گەیاندووە و لە رووی شێوەی حوکمڕانییەوە بوەتە تەگەرەیەکی گەورە، لەبەردەم د یمۆکراسیی. ئەوەی ماوەی ٢٦ ساڵی رابردوو لە باشووری کوردستان روویداوە، راستیی پێناسەی ئەو چەمکە پشتڕاست دەکاتەوە.»

ناوبراو، هێما بۆ ئەوەدەکات کە بزوتەوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان گشتییان خاوەنی یەک عەڵییەتن و رایگەیاند: نزیکەی هەموو بزوتنەوە سیاسیی و چەکدارەییەکان لە باشووری کوردستان بە هەمان ئەقڵیەت کەوتنە سەر رێ و تا ئێستاش بەردەوامن. پێدەچێت لە گوتاردا وەک دیمۆکرات و ئازادییخواز خۆیان نیشان بدەن، بەڵام جیاوازیی ئاسمان و رێسمان لە نێوان گوتار و کرداریان دا هەیە و ئەمەش هەر بۆ ئەو عەقڵییەتە دەگەڕێتەوە. قسەیەکی ئەردۆرنۆ هەیە کە دەڵێ»ژیانی چەوت بە راست ناژێنرێت» لە راستیی دا بوونی ئەو هەموو قەیران و ئاڵۆزییە لە کەسایەتی تاکەکان و کۆمەڵگەدا، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ ئەو چەمکە دەگەڕێتەوە. چەمکێک کە هۆکارەکەی تا دواڕادە بییرکردنەوەی تەنگ و داخراویە، بەڕووی ناوەوەدا. دیدی بۆ دیمۆکراسیی قۆرغکار و ناوەندییە، دیدی بۆ ژن لەسەر بنەمای ئۆبجێکتیڤزمە و بەکارهێنانە و دیدێکی کۆنەپەرستانەیە. لە باشترین حاڵەتی دا ژن تاک و تەرا دیکۆرە بۆ رازاندنەوەی رووی پێشەوەی سیاسەتی نا دیمۆکراتیک، لە خراپترین حاڵەتیش دا قوربانیی توندوتیژییە بە هەموو فۆرمەکانییەوە.

قەرەداغیی، بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کاسایەتییە دەخاتەڕوو کە ناسیۆنالیزم بودنیادی دەنێت، جەختیکردەوە: ئەم دید و چەمکە کەسایەتییەکی بەرهەمهێناوە باوەڕی بە خۆی نییە، هەموو هێزێکی خۆی لە دەوڵەت و ناوەندەوە وەردەگرێت، پشت بە هێز و دینامیزمی ناوخۆیی نابەستێت و هەمیشە چاوی لە دەرەوەیە، مۆدێلی بۆ حوکمڕانیی لاساییکەرەوە و هاوردەیە، لە چەمکی ئابووریی دا خودژێنی بە بنەما ناگرێت، دیدی بۆ دیمۆکراسیی ناوەندیی و باوەڕی بە بەشدارییکردن نییە و میکانیزمەکانی بڕیاردانی، نادیمۆکراتییکە. پرۆسەی دیمۆکراسیی لای نمایشیی و روکەشە، نەک جەوهەر و رێباز و شێوازی ژیان. زۆر دوورە لەوەی چارەسەریی بۆ پرسە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە و بە تایبەتی ژنان هەبێت، لەبەرئەوەی لە تێکۆشان دا جێ بە هزر نادات و لە ئاست هێزی خۆیدا دیدێکی ئۆرێنتالیستیی (خۆرهەڵاتناسی) و بێباوەڕ بە خۆی هەیە. ئایین وەک پێپلیکانە بەکاردێنێ بۆ گەیشتنە دەسەڵات. هزر ناخوڵقێنێ و رێبازێکی لاساییکەرەوەی لە بەکارهێنانی کۆپیەئاسای هزری رۆژئاوایی هەیە. راستیی کۆمەڵگە و رێکخستبوونی بە بنەما ناگرێ، پرۆسەی دیمۆکراسیی لەلای ئەم دیدە تەنیا دەنگدان و رەوایی وەرگرتنەوە لە دەنگدەرانەوە بۆ ئامانجی بنەماڵەیی و عەشیرەتی و تاکە کەسییە، ئەم دیدە بە کوالیسیۆنی نەتەوەپەرستیی و ئایینگەرایی، تەگەرەیە لەبەردەم هەر چارەسەرییەکی دیمۆکراتیکانە. دیدی بۆ نەتەوە، ئەتینیک، مەزهەب، ئایینی جیاواز ناوەندگەراییانەیە، کەی ئەو دیاردە و دیدانە خزمەت بە ئامانجەکانی بکات بۆ ئەو دەبێتە مایەی سەرنج و بایەخ. کەی نەکەوێتە خزمەتی ئامانجەکانییەوە، فەرامۆشی دەکات و تا ئاستی کۆمەڵکوژیی بۆ هێرش و لەناوبردنی زەمینە دەسازێنێت، باشترین نموونە هەڵوێستە

کردنییەتی لە ئاست فەیلی، کاکەیی و ئێزیدییەکان دا.

ئەو، ناسیۆنالیزم لە هەرێمی کوردستان بە هۆکاری شکستەکانی بزوتەوەی رزگاریبخوازیی گەلی کورد دەزانێت، جەختیش دەکاتەوە: شکستەکانی ٧٠ ساڵی بزوتنەوەی کورد، لەم بەشەی کوردستان دا بە تەواویی ئەنجامی دەرنەچونە لە بازنەی عەقڵییەتی میللیگەرایی سەرەتایی. کێشەی گەورە لەم زهنیەتەدا ئەوەیە کە هەموو شکستەکان بە دەرەوە دەبەستێتەوە و خۆی تێدا نابینێت. میکانیزمێکی رەخنە گرتنی نییە. ئەم دیدە، لە ئاست نەتەوەپەرستیی، نەژادپەرستیی و ئایینگەرایی ناوەند و نەیارەکانی ئازادیی گەلی کورد دا، دیدێکی جێگرەوە و جیاوازی نییە، لە دەسەڵاتخوازیی دا، لە قۆرغکاریی دا، لە نادیمۆکراتیکبوون دا، تەواو لەوانە دەچێت کە بەرهەڵستیی کردوون.

نەجیبە قەرەداغیی، لەوەش دەدوێت چەمکی ناسیۆنالیزم و عەقڵیەتە کەی لەگەڵ رژێمە سەردەستەکاندا جیاوازییەکی ئەو تۆی نەبووە«ئەو دەسەڵاتداریتییەی کە ٢٦ ساڵە بەم دید و چەمکە بەڕێوەدەبرێت چ جیاوازییەکی لەگەڵ حکومەتە یەک لە دواییەکەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا نەبووە، بەڵکو بۆ لەناوبردنی دیدی ئەلتەرناتیڤیش بەردەوام لە سەنگەری نەیارانی دیموکراسی و ئازادیی دا بووە، ئێستایان لەگەڵ رابردوو زۆر جیاواز نییە. لە رابردوو، خۆیان گوایە بەرهەوڵستکار بوون، بەڵام لە بازنەی هێزی دەرەوەدا کوشتن و تیرۆرەکانی وەک سەعید قرمزی تۆپراغ و سەعید ئەلچی، سیامەند موعینیی، مەلا ئاوارە، رەوف ئاکرەیی ، دکتۆر سیروان و لێدان لە پەکەکە، خەندەق لێدان و گەمارۆ بۆ سەر رۆژئاڤای کوردستان و کوشتنی رۆژنامەوانیان، ئەنجام داوە. دیدی میللیگەرایی سەرەتایی، هەمیشە لە سەنگەری داگیرکەرەکان و هێز نێونەتەوەییەکاندا بوون، بۆ لێدانی دیدی ئازاد و ئەلتەرناتیڤ، هەم لە ناوخۆی باشوور و هەم لەبەرامبەر بەشەکانی تری کوردستان. تا بەر لە ساڵی ١٩٩١ لە چیاکانی کوردستان لە ململانێی داگیرکەرانی کوردستان دا شەڕیان لە بەرامبەر یەک کرد، دواتر کاتێ هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتداریی بڕیاری یەکەمیان لێدانی پەکەکە بوو. ئەو گروپە سیاسیانەی بە زهنیەتی میللیگەرایی سەرەتایی ئاراستە دەکرێن، چ دیدێکیان بۆ ستراتیژیی خۆپاراستن نییە، بەڵکو

## دیدی میللیگەرایی سەرەتایی تەواو خاوەن ئەقڵییەتێکی پیاوسالارییە

بە بەردەمی ئاورێکیان بۆ دواوەوەیە بۆ هەڵهاتن. چەمکی خۆپاراستنیشیان لە بونیادنانی دەزگای ئیستخباراتی ناوخۆیی دا بۆ پاراستنی نوخبەی دەسەڵاتداران بووە و کۆمەڵگەش تەنیا ئۆبجەیەکە بۆ بەکارهێنان. لە چ جێیەکی ئەم جیهانە دەبینی بنکەی سەربازیی وڵاتێکی داگیرکەر لەسەر خاکەکەت ١٣ بنکەی سەربازیی و دەیان هەزار سەرباز و چەکی قورس و سوکی مۆڵدابێ باسی «سەربەخۆیی» بکەی؟! لە راستیی دا لە ژێر ناوی «سەربەخۆیی»دا گەمە بە هەست و چەمکی نەتەوەیی دەکەن و چەواشەکاریی دەکەن. هەڵوێستیان لە ئاستی ئابووریی، کولتووریی و سیاسیی دا بەهەمان شێوەیە. ئابوورییەکی تەواو وابەستە بەدەرەوە و هاوردەی بەرهەمی کوالیتی نزم و ماوەبەسەرچوو باڵادەستە.»

هەروەها ئەو ئەندامەی ئەکادیمیای ژنۆلۆژی، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ناسیۆنالیزم عەقڵییەتێکی پیاوسالارییە و وای کردوە ژن لە پەراویزی ژیاندابێت، رایدەگەیەنێت: ئەو ئاماژەیە راستە، دیدی میللیگەرایی سەرەتایی تەواو خاوەن ئەقڵییەتێکی پیاوسالارییە و ناوەندگەرایە. سیاسەتی دیمۆکراتیانە واتە بەشداریی کۆمەڵگە، بە تایبەتی ژنان تا ئاستی سفر بوونی نییە. ژن لە پەراوێزی هەموو بوارەکانی ژیان دایە، وەک هەبوونێکی کۆمەڵایەتیی بوونی نییە، ژن تەنیا هەبوونێکی بایۆلۆژییە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە دیدی دەسەڵاتداریی و پیاوسالارییەوە نەخشەی بۆ کێشراوە. لەم دیدەوە بە ئاستێک بەشداری ژن لە هەموو بوارەکانی ژیان بە رادەیەک لاسەنگە، ژن ئەوپەڕی بێنرخ کراوە. ئەوەی هەیە لە ئاستی تاکەکەس دایە و لە بواری راگەیاندنەوە بگرە تا ئابووریی لە سیاسەتەتەوە بگرە تا هونەر، جگە لە کولتوورێکی لاساییکردنەوەی دەرەکیی و زەقکردنەوەی ژیانی ماددیی چ شتێکی دیکە نابینی. پرسی ئازادیی نە وەک تاکتیک و نە وەک ستراتیژیی لە خەبات و دیدی میللیگەرایی سەرەتایی دا نییە. پرسی ئازادیی لەو دیدەدا لە دەوڵەتداریی یان بوونی ناوەندێکی

بەهێزدا دەبینرێت، قوربانیی یەکەمی ئەو زهنیەتە ناوەندگەرییەش، ژنانن. لە سایەی ئەم مۆدێلە لە حوکمڕانیی، دید و بیرکرنەوەیەدا ژنان نە لە بڕیار و نە رەنگڕێژکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دا دەنگ و رەنگیان نییە. ئەو ژنانە-ی لە نێو پارتە سیاسییەکان دان، دوای ئەجێندای پیاوانی نێو پارتەکانیان کەوتوون. لەم پرۆسەی دوایی ریفراندۆم دا زۆر بە روونی دیار بوو. ئەم دیدە هۆکاری سەرەکیی و جێبەجێکاری سەرەکیی توند و تیژیی چ لە رووی جەستەیی، چ لە رووی دەروونیی، ئابووریی و زۆر جۆری تری توندوتیژیی، کاراکتەری ئازادییخوازیی و یەکسانییخوازیی نییە، لەوە زیاتر کاراکتەری داگیرکەرانەی لەسەر جەستە و هەست و رۆحی ژن هەیە.

نەجیبە قەرەداغیی، لەوەش دەدوێت: کاراکتەری سەرەکیی دیدی میللیگەرایی سەرەتایی، ئەوەیە هێز لە داگیرکەران و هێزی هەژمۆنی ماوەی ئەو ٢٦ ساڵە وەرگرتووە، ئەوەیە لەسەر بنەمای پارچەکردن، پەرش و بڵاوکردن و بەیەکدادان، کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆنترۆڵ دەکات و لەسەر بنەمای بر سیکردن! هێزی بزوێنەرەکەی لاوازکردووە.



مەحمود عەبدوڵا، یەک لەو نووسەرە گەنجانەیە رەخنە لە ناسیۆنالیزمی کوردیی دەگرێت، سەرەتا ئاماژە بە چەند رستەیەکی «مۆنتسرات گیبرنا» دەکات «لەجیهانێکدا ئەگەر پێوەندییەکی باش لەنێوان کولتوورە جیاجیاکاندا هەبێت، دەوڵەتەکان هەست بەهیچ هاندانێک نەکەن بۆ داگیرکردنی

> **"**
> ## بزوتنەوەی کوردایەتیی ناودەنێم بزوتنەوەی "سیزیف"یی

دەوڵەتە بچوکەکان، ئەوا ناسیۆنالیزم هیچ واتایەکی ئەوتۆی نابێت.» ئەو بۆ ئازادیی کۆمەڵگە ئاماژە بەوەدەکات بەرلەوەی هەڵە و کەموکوڕیی بزوتنەوەی کوردایەتیی دەستنیشان بکەم «پێویستە بڵێم باس لەڕەوایەتی و ناڕەوایی ناسیۆ نالیزم ناکەم، هەروەها رەتکردنەوەی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی نییە. چونکە ئەگەر ئێمە بزوتنەوەی کوردایەتیی بەراورد بکەین، بە بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی تر، رەنگە ناونانی بزوتنەوەی کوردایەتیی بە ناسیۆنالیزم راست نەبێت.»

ئەو نووسەرە گەنجە، وتیشی: ناسیۆنالیزمی کوردیی(کوردایەتیی) هێندەی بانگەشەیە بۆحوکمڕانیی بنەماڵەکان نیوەی ئەوە بانگەشەی گەلێک نییە. واتە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیی خواستی نەتەوەیی گەلی کورد و بزوتنەوەی کوردایەتیی هاوجوت نەبوون. ناسیۆنالیزمی کوردیی ئامرازێک نەبووە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، بەڵکو ئامرازێک بووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بنەماڵەکان، لێرەوە سەرانی سیاسیی لە هەر قۆناغێکدا چوونەتە ناو هەر گەمەیەکەوە کە زامنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بووە. هەروەها ئەوەی لەمێژوی کوردایەتی دا بە هەڵەی سیاسیی ناودەبرێت، لە راستییدا بریتییە لە یارییەکی سیاسیی هەرێمیی و نێودەوڵەتی، ئەمەش واتە یاریکردن بە چارەنووسی گەلێک، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکیتر، لەپاڵ ئەمەشدا پاراستنی بەرژەوەندیی ئەو تاقمە سیاسییە.

ئەو، ناسیۆنالیزمی کوردیی بە بێ فیکر دەزانێت و وەک ئەفسانەیەک ناوی دەبات و لەوەش دەدوێت کاتێک دەرفەت بە گەل بدرێت و ئەم بزوتنەوەیە بخرێتە بەر رووناکیی عەقڵ، ئەوا پاڵەوانەکانی دیار نامێنن، بۆیە جەخت لەمەدەکاتەوە:«بزوتنەوەی کوردایەتیی ناودەنێم بزوتنەوەی «سیزیف»یی، لە راستییدا جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەفسانەی سیزیف ئەوەیە ئەوان بەردەکە بە گەلی کورد دەبەنە سەرچیاکە و لەوێوە خلۆری دەکەنەوە، ئیتر ئەوان پێدەکەنن و گەلیش دەخەنە گریان کە رەنج بەخەسار بووە. هەر لەبەرئەوەیە کە دەبینین گەلی کورد لە شکستێکەوە دەچێت بۆ شکستێک تر. بزوتنەوەی کوردایەتیی بێ فیکر و بێ پەروەردەیە، لەبەرئەوە تەنیا سودی لە هەستی خۆڕسکی نەتەوەیی وەرگرتووە، نەک ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی دروست بکات. بۆئەوەی بتوانێت

پاڵەوانە دۆڕاوەکانی، وەک سەرکەوتوو نیشانبدات. لەبەرئەوە بزوتنەوەی کوردایەتیی لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و تاریک کە هیچ هۆشیارییەکی سیاسیی نەبووە، پاڵەوانی تاریکیی خوڵقاندووە، بۆیە هەرکات دەرفت بدرێت کە گەل هۆشیاربێت و مێژووی ئەم بزوتنەوەیە بخاتە بەررۆشنایی عەقڵانیەت، ئەوا پاڵەوانەکانی دیار نامێنن؟! ئەگەر ئێمە «شۆڕشی ئەیلول» بە نموونە وەربگرین -ئەگەر بتوانین ناوی شۆڕشی لێ بنێین- دەبینین ئەنجامی ئەم شۆڕشە شکستێکی گەورەیە، بەڵام لە زاکیرەی گەلدا وەک سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار دەکرێت. بۆیە کاتێک دەڵێین ئەم بزوتنەوەیە، بەدوای دەسەڵاتدارێتی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیەتی و گەلەکەی دەکاتە قەڵغانی پاراستنی خۆی، نەک بە پێچەوانەوە.

هەروەها ئەو نووسەرە، ئەوەش شرۆڤە دەکات کە کوردایەتیی بڕیارێکی سیاسیی داسەپاوە بەسەر گەلی کورد دا و ناسیۆنالیزمی کوردیی قبوڵکردنی داخوازییەکانی تاقمێکی سیاسییە نەک گەلی کورد، وتی: بزوتنەوەی کوردایەتیی لەو قۆناغەدا، دەچێتە ناو گەمەیەک هەستە نەتەوەییەکان دەوروژێنێت! لەکاتێکدا ئێمە دەزانین ئەم گەمەیە تەنیا بڕیاری سەرانی سیاسیی کورد و چەند دەوڵەتێکی هەرێمیی و جیهانییە نەک خواستی گەل. ئەگەر گەل پشتیوانی کردووە لە ناهۆشیاریی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بووە لەو قۆناغەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین کوردایەتیی بڕیارێکی سیاسیی داسەپاوە بەسەر گەلی کورد دا، گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان ناکات، بە واتایەکی تر ناسیۆنالیزمی کوردیی دەربڕی خواستی نەتەوەیی نییە، بەڵکو قبوڵکردنی داخوازییەکانی تاقمێکی سیاسییە،

> **بێفیکریی و بێ پەروەردەیی بزوتنەوەی کوردایەتیی، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە پشت بەگەل نابەستێت**

لەلایەن گەلی کوردستانەوە کە جۆلانێ دەکات، لەنێوان دەوڵەتی سەربەخۆ و فیدراڵی و شێوەکانی تری سیستمی سیاسیی، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەم گروپە سیاسییە بێتەوە، یاخود لە لەناوچوون بیپارێزێت.

مەحمود، لە چەند خاڵێکدا جیاوازییەکانی نێوان ناسیۆنالیزمی کوردیی و بزوتنەوە ناسیۆنالیزمییەکانی تر، دەخاتەڕوو:- یەکەم: بزوتنەوەی ناسۆنالیزمی کوردیی، بزوتنەوەیەکی خێڵەکییە و لە سیاسەتی گشتیی نێودەوڵەتی تێناگات؟! بۆیە شکست لەدوای شکست تۆماردەکات. دووەم: بزوتنەوەیەکە سەربەخۆ نییە و دەچێتە ناو گەمە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان و دواجار بە دۆڕاویی لێیدێتە دەرەوە. سێیەم: پشت بە گەل نابەستێت، هەر لەبەرئەوەش کە دەربڕی خواستی گەلی کوردستان نییە لەهەر قۆناغێکدا؛ چونکە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بەچاوێکی رەخنەییەوە سەیری چارەگی دووەمی سەدەی بیست بکەین، دەبینین ئەم بزوتنەوەیە لە سیاسەتی گشتیی نێودەوڵەتی تێنەگەیشتووە! ئەم هەموو مەرگەساتەی بەسەر گەلی کوردستان هاتووە، خودی بزوتنەوەی کوردایەتیی دەبێتە شەریکە بەش. بە نموونە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە! پەرچەکردارە لەبەرانبەر هاوکارییکردنی بزوتنەوەی کوردایەتیی لەگەڵ ئێراندا، جا ئەمە پەیوەستە بەنەزانی! یاخود سەربەخۆ نەبوونی بزوتنەوەی کوردایەتیی لە بڕیاردانیدا، هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت کە بزوتنەوەی کوردایەتیی بزوتنەوەیەکی فاشیلە!

ئەو، لایوایە کە بێفیکریی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەیە پشت بە گەلی کورد نابەستێت، لەگەڵ هەر شکستێکیشیدا گەلەکەی بۆ رژێمە رەفتار فاشییەکان جێدەهێڵێت، بۆیە ناسیۆنالیزمی کوردیی گەلەکەی بەرەو لەناوچوون بردووە، وتیشی: بێفیکریی و بێ پەروەردەیی بزوتنەوەی کوردایەتیی، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە پشت بەگەل نابەستێت، بۆیە دەبینین لەگەڵ پێکانی بەرژەوەندیی وڵاتانی دەوروبەر، سەرکردایەتیی سیاسیی بڕیار کۆتایی هاتنی «شۆڕش» دەدات و خۆی بۆی دەردەچێت، گەلیش بێ پشتیوانیی دەهێڵێتەوە و دەیخاتە ژێر رەحمەتی رژێمی رەفتار فاشیستی بەعس و لە لێواری لەناوچوندا! جێی دەهێڵێت. لە کاتێکدا ناسیۆنالیزم وەک گیبرنا دەڵێت:»پاراستنی نەتەوەیە لە لەناوچوون»، ئەم بزوتنەوەیە نزیکی

دەکاتەوە لە لەناوچوون، یان بە نادیاری دەسپێرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین جیاوازییەکی تر دەستنیشانبکەین کە بزوتنەوەی کوردایەتیی لە بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە بزوتنەوەی کوردایەتیی بەهۆی هەڵە، یان نەزانی دەیەوێت مەرگەسات بخولقێنێت و پاشان ڕەوایەتیی لەو مەرگەساتانە وەربگرێ، لەکاتێکدا بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکانیتر، لەدوای ڕوودانی مەرگەساتە نەتەوەییەکان، دێنە مەیدان و دەوڵەتی خۆیان دروستدەکەن و هەوڵی یەکخستنی گەل دەدەن.

مەحمود عەبدوڵا، لەوەشدەدوێت کە ناسیۆنالیزمی کوردیی بڕیارەکانی خۆی بەسەر گەلی کورددا دەسەپێنێت، بێجگە لە نەتەوەپەرستییش شتێکی تری نییە بۆ کۆمەڵگە کەی، وتی:»ئەوەی تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردستانی، لەدەست ئەم بزوتنەوەیدا ڕاگرتووە، هەستی هاوبەش و ئینتیمای نیشتمانیی نییە، بەڵکو پەروەردەی حیزبیی و وەلائی تاکەکانە بۆ سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورایەتیی، ئەوانیش لەکاتی پێویستدا دەتوانن بڕیارێکی حیزبیی کە دەربڕی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، وەک بەرژەوەندیی گشتیی و دەربڕی خواستی نەتەوەیی و پێویستی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لێکبدەنەوە. جا ئەو بڕیارە بۆ عیڕاقێکی یەکگرتوو بێت، یان بۆ جیابونەوەبێت ئەوا جیاوازیی نییە، بەهۆی بە حیزبیی کردنی زۆرینەی کۆمەڵگە، ئەمەیان بۆیان دەچێتەسەر. ئەنجامەکانی ئەم ریفراندۆمە ئەوە دەسەلمێنێت کە بزوتنەوەی کوردایەتیی هەمیشە بڕیاری خۆی بەسەر ئیرادەی گەل دا دەسەپێنێت!

بە بەکارهێنانی شێوازی جیاجیا، وەک تەزویر و بڵاوکردنەوەی بیری فاشیستیی...تاد. بزوتنەوەی کوردایەتیی ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان ناگرێت!

**ئەم بزوتنەوەیە نەک لەهەوڵی پاراستنی کۆمەڵگەی کوردستان نەبووە لە لەناوچوون، بەڵکو هەندێک جار خۆی بووەتە هۆکار**

بەڵکو ڕێز لە و بەشەی کۆمەڵگە دەگرێت کە کوێرانە دوای دەکەون و هەموو بڕیارەکانی بەژێرانە لەقەڵەم دەدات. بۆیە دەبینیین بۆ سەرخستنی بڕیاری بزوتنەوەی کوردایەتیی هەموو شتێکیان حەڵاڵکرد بۆخۆیان، هەم بەخائینکردنی ئەوانەی کوێرانە دوای بزوتنەوەی کوردایەتیی ناکەون و هەم لەڕێگەی ساختەکارییەوە! هەموو ئەم ڕەفتارانەش بەناوی خۆشەویستییەوە! بۆ گەلی کوردستان ئەنجامدەدەن. ئاشکرایە جگە لە نەتەوەپەرستیی! ئەم بزوتنەوەیە هیچ بەدیلێکی نییە بۆکۆمەڵگە، تاڕەوایەتی پێ وەربگرێت، بۆیە لەناو بازنەی کوردایەتییدا دەیخولێنێتەوە؟!

ئەونووسەرە، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا لەوەش دەدوێت»بزوتنەوەی کوردایەتیی، بزوتنەوەیەکە کە هیچ پارادیمێکی ڕوونی نییە، جگە لەدروشمی دەوەڵەت و وروژاندنی هەستە نەتەوەییەکان! بەم دروشمە «دەوڵەتی کوردیی» دوونیشان دەپێکێت، لەلایەک دڵی جەماوەرەکەی پێڕادەگرێت، لەلایەکیش نەیارەکانی پێ تۆمەتبار دەکات .هەر بۆیە خەباتی بزوتنەوەی کوردایەتیی (ناسیۆنالیزمی کوردیی)، خەبات نییە بۆ ژیان، بۆ ئازادیی، بۆ چەسپاندنی قانون و حوکمڕانییەکی باش نییە، تەنانەت ئەوەی ڕژێمی داگیرکەر بەتاکی کوردیی ڕەوادەبینی ئەگەر نکۆڵی لەناسنامەی خۆی کردبایە! ئەو پێی ڕەوا نابینێ. دەبێت کوردایەتیی بکەیت بۆ کوردایەتیی، نەک بۆ گێڕانەوەی شکۆ و مافی هاووڵاتیبوون و ژیانێکی شەرەفمەندانە. بزوتنەوەی کوردایەتیی، هەرگیز نەیویستووە تاکێکی ئازاد و هۆشیار پەروەردە بکات، هەتا بۆئەوەی دواجار بتوانێت خۆی حوکمی بکات، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت. نەک بەو شێوەیەی گەل دەیەوێت.


ئەو، هێما بۆ ئەوەیش دەکات کە ناسیۆنالیزمی کوردیی هەوڵەکانی بۆ ئەوە نەبووە کۆمەڵگە کەی بپارێزێت، هەر بۆیە جەخت دەکاتەوە: ئەم بزوتنەوەیە نەک لەهەوڵی پاراستنی کۆمەڵگەی کوردستان نەبووە لە لەناوچوون، بەڵکو هەندێک جار خۆی بووەتە هۆکار بۆ نزیک بوونەوە لە لەناوچوون، بەهۆی ریسک کردن بەژیانی گەلەکەیەوە، کە دواجار مەبەستیش لێی تەنها بە دەستهێنانی پشتگیریی نێودەوڵەتییە بۆ بزوتنەوەی کوردایەتیی! نموونەی هەرە زیندوویش بازرگانییکردنی بزوتنەوەی کوردایەتیی بە گەلی کوردستانەوە، تەسلیم کردنی شەنگال بوو. واتە بزوتنەوەی کوردایەتیی

بەدوای سارێژکردنی زامەکانی گەلی کوردەوە نەبووە، بەڵکو خۆی بووەتە هۆکارێک بۆ زامدارکردنی جەستەی گەلێک، ئیتر ئەمە نەزانی و هەڵەی سیاسییە یان هەر ناوێکی لێدەنرێت، دەرەنجامی کوردایەتییە. ئەم بزوتنەوەیە بۆگەیشتن بە دەسەڵات ریسک بەژیانی گەلێکەوە دەکات، بۆمانەوەیشی بازرگانیی بە مەرگەساتەکانییەوە دەکات. بزوتنەوەی کوردایەتیی هەمیشە ویستویەتی زامەکانی گەلی کوردستان گەورەبن! بۆ ئەوەی گەل ئەو زامانەی کوردایەتیی نەبینێت کە لەروکەشدا بچوکترن لەو زامانەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان کردیانە جەستەی گەلی کوردستانەوە. واتا بزوتنەوەی کوردایەتیی هێندە کاریگەر نەبووە کە لە رێگای خەباتی سیاسییەوە، وەک مافێکی سروشتیی بانگەشەی حوکمڕانیی خۆی بکات بۆ گەلی کوردستان، بەڵکو وەک دەرئەنجامی تراژیدیاکان لە مافی حوکمڕانیی گەلی روانییەوە، بۆیە کاتێکیش ستەمی سەر گەل نامێنێت، هیچ پاساوێکی نییە جگە لە کولاندنەوەو بیرخستنەوەی تراژیدیاکانی رابردوو. هەر بۆیە نەک بەدوای سارێژکردنی زامەکان نییە، بەڵکو هەردەم زامەکانی دەکولێنێتەوە و بیری دەخاتەوە کە دوێنێ چ مەرگەساتێکی بەسەرهات، بۆئەوەی بیر لە ئەمرۆ نەکاتەوە. پێویستە هاووڵاتیانی کوردستان لەخۆیانبپرسن گەر بزوتنەوەی کوردایەتیی نەبوایە ئەم مەرگەساتانە رووی دەدا؟

ئەو نووسەرە، ئەوزیان و مەرگەساتانە دەخاتەڕوو کە ناسیۆنالیزمی کوردیی بەسەر کوردستانی هێناوە، وتی:»شەڕی ناوخۆ، تیرۆر، گەندەڵیی و تالانکردنی سامانی نیشتمانیی و قۆرغکاریی و رەوایەتیی دان بە حوکمی بنەماڵەیی و قەیرانی ئابووریی ودابەشکردنی کۆمەڵگە و دابەشکردنی نیشتمان بە سەر دوو بنەماڵەدا...تاد. ئایا ئەمانە خواستەکانی گەلی کوردستانن؟ ئایا تا ئێستا بزوتنەوەی کوردایەتیی لە باشوور توانیویەتی ئەوەی هەرەشەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لێی بمان پارێزێت، یاخود بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان جارێکیتر ئاسایشمان دەخەنە مەترسییەوە؟ بزوتنەوەی کوردایەتیی بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەل هاوجوت نییە، بەڵکو گەلی کورد کراوەتە سوپەری سەرانی کورد بۆ مانەوەیان لەدەسەڵاتدا. بۆیە لەنێوان جەنگ و ئاشتیی، جەنگ و رێککەوتن بە ئارەزووی خۆیان هەرکات پێویستیان بێت بڕیارێک بەسەر گەلدا دەسەپێنن، لە رێگەی بەکار هێنانی هەستی نەتەوەیی، لەشکرێک لە نووسەر و ئەکادیمیست سەر بەو تاقمە دەسەڵاتدارە، رەوایەتیی بۆ بڕیارێک وەردەگرن کە نە لە بەرژەوەندیی گەلە و نە ویستی گەلە. بە نموونە دوای دروستکردنی قەیرانی دارایی و برسیکردنی خەڵک، دوای شکاندنی شکۆی تاکی کورد، دوای ئەوەی وڵاتیان کردە کۆیلەخانەی حیزبیی، دێن بانگەشەی سەربەخۆیی دەکەن لە رێگەی کولاندنەوەی برینەکان و بیرخستنەوەی مەرگەساتەکانەوە هاووڵاتیان لە ئێستا دادەبڕن و هەموو ئەو نەهامەتیانەیان بیر دەبەنەوە کە بەهۆی کوردایەتییەوە بەسەریان هاتووە. هەر بۆیە ئەم بزوتنەوەیە بڕیارەکانی لە ئیرادەی گەلەوە سەرچاوەناگرن، بەڵام ئەو لەشکرە ئەکادیمیست و نووسەرە کۆمەڵگە لە رووی زیهنییەوە بۆقبوڵکردنی بڕیارەکەیان ئامادەدەکەن، ئەگەر چی دژی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانیش بێت لە ئێستادا. ئەگەربێت و هاووڵاتی ئامادەی قبوڵکردنی بڕیارەکانی سەرانی کوردایەتیی نەبێت، ئەوا لە رێگەی ئەو لەشکرەوە کار لەسەر ئامادەکردنی هۆشی تاکی کورد دەکەن بۆ رازیبوون بە بڕیارەکەیان، جا چ بۆ وەهمی دەوڵەت بێت، یان عێراقی فیدراڵ، چ بۆ جیابونەوەبێت چ بۆ گەڕانەوە بەغداد بێت.

مەحمود عەبدوڵا- نووسەر، ئاماژەی بەوەشکرد ناسیۆنالیزمی کوردیی «کوردایەتیی» بۆ بەرژەوەنییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت و هەتا بۆ ئەوەی فریای خۆی بکەوێت بانگەشەی دەوڵەت دروست کردن دەکات، بۆ ئەوەی سەرنجی گەل لە دیمۆکراسیی دووربخاتەوە، وتیشی:»ئەمڕۆ دوای نەمانی ستەم لەسەر گەلەکەمان، دوای ئیفلاسکردنی بزوتنەوەی کوردایەتیی، دوای ئەوەی ئەو بەشەی کۆمەڵگە کە هۆشیارە و دەزانێت ئەمانە کوردایەتیی دەکەن بۆ کوردایەتیی و بەرژەوەندییەکانیان جیایە، بۆئەوەی سەرنجی کۆمەڵگە بۆلای ئەو رێکخراوانە رارنەکێشرێت کە بانگەشە بۆ دیمۆکراسیی و حوکمڕانییەکی دیمۆکراتیک دەکەن. بزوتنەوەی کوردایەتیی بۆ ئەوەی فریای خۆی بکەوێت، دێت قەتماغەی زامەکانی هەڵدەداتەوە و بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات. دەیانەوێت فۆکەس بخەنە سەر دەوڵەتێک کە هیچ پێوەندیی بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستانەوە نابێت.

# میللیگەرایی و میللیگەرایی سەرەتایی لە کوردستان



ئازادیی کۆمەڵگە
عەبدوڵلا ئۆجالان

**بەشی یەکەم:**

**کورد لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا**

لەدیالەکتیکی مێژووی کۆمەڵگەکاندا بەردەوام ڕێسایەك کاریگەر دەبێت: ئەویش ئەوەیە کە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەربنەمای کام فاکتەرە سەرەکییە ناوەکی و دەرەکیەکان هاتبێتە ئاراوە، تاوەکو ئاواکردنی پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی، لەژێر ئەم فاکتەرانە بەردەوام دەبێت. ئەمە پێویستییەکی دیالەکتیکی کۆمەڵگەیە. هەلومەرجە ناوخۆو دەرەکیەکان کە ڕۆڵی بیرۆکە (سەنتێز) و دژە بیرۆکە (دژە سەنتێز) دەبینن تاوەکو بەسەنتێزێکی نوێ ئەنجامگیر دەبێ، لەچالاکی هاوشێوەدا درێژە بەڕۆڵی خۆی دەدات. هەروەکو چۆن ناتوانرێ لەمیانەی داسەپاندنی ئارەزوومەندی (کەیفی) ڕێگا لەپێش قۆناخەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان بگیرێت، ئەوا بەرامبەر بە نکوڵی و چەواشەکاری بەسووربوونەوە مەیلی بەردەوامکردنی هەبوونی خۆیان هەیە. هێز و قۆناخەکانی نەزانی وەکو پێویستییەکی نەزانی تا چ ڕادەیەك کۆسپ بنێتەوە، ئەوەی ئەنجام یەکلادەکاتەوە ئەو فاکتەر و تایبەتمەندێتیانەن کە بنەمای پێشکەوتنەکان پێکدێنن. دەشێ هێزی لەڕادەبەدەری تێکدەر بێ، بەڵام بەشێوەی چەواشەکاریش بێت ناتوانێ درێژە بەهیچ پێشکەوتنێك بدات.

> **کوردان بۆئەوەی لەمە رزگاریان بێت یان دەبێ بەتەواوی دەست لەخۆیان بەردەن یان بگۆڕێن و ببن بەشتێکی دیکە**

فاکتەرە سەرەکیەکانی پێشکەوتن، شوێنگەی دیاردەکە لەنێو دەوروبەر و ئەو تایبەتمەندیانەی ناوەوەیەتی کە بەسەریدا زاڵە.

کاتێك تایبەتمەندێتیە سەرەکیەکانی دیاردەی کورد و ئەو دەوروبەرە هەڵدەسەنگێنین کە پشتی پێدەبەستێ، پێویستە بەردەوام ئەم یاسا دیالەکتیکی یە لەبەرچاوان بگیرێت. هەروەکو چۆن تایبەتمەندێتیەکانی پێکهاتەی سەردەمەکانی نیۆلیتیك و کۆیلەداری و ئەو زەمینەی تێیدا دەجوڵێتەوە کاریگەری خۆی لەچەرخەکانی ناوینیش بەردەوام دەکات، ئەوا تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و بەدیهێنانی وەرچەرخانی ریشەیی لێکچوون بەردەوام دەکات. کوردان بۆئەوەی لەمە رزگاریان بێت یان دەبێ بەتەواوی دەست لەخۆیان بەردەن یان بگۆڕێن و ببن بەشتێکی دیکە، یاخود بەشێوەیەکی جەستەیی پێویستە لەنێو ببردرێن. دەستبەردان لەخۆیان وابەسانایی نییە. هەرچی پاکتاوکردنی جەستەیی یە، کردەوەیەکە بەشێوەیەکی سنووردار دەتوانرێ ئەنجام بدرێ. ئەوەی دەمێنێتەوە؛ یان لەمیانەی شۆڕشی ریشەیی یان لەڕێگای ریفۆرمی نەرمترەوە وەرچەرخانێکی پلەبەپلەیی (تدریجی) ئەنجام بدرێ و لەم ستاتۆیە چەقبەستووە رزگاری بێت کە لە ڕادەبەدەر دەیرزێنێ و هەنگاو بۆ قۆناخی هەڵسوڕانی نوێی دیالەکتیکی بهاوێژرێ.

ئەوەی مۆری خۆی لەدیاردەی کورد داوە، لەسایەی جوگرافیایەکی لەبار بۆ خۆپاراستن و بەردەوامی هێرشەکانی دەرەوە، لەسەربنەمای کاردانەوەیەکی گونجاو بەرامبەر ئەم دوو هەلومەرجە، ژیانێکە لەسایەی راستینەی گەلێك کە لەژێر وشیاری و فۆرمیلەی خێڵەکیدایە. هەروەکو چۆن تایبەتمەندێتی لەباری جوگرافیا رێگای لە پێش کردنەوە چەرخی نیۆلیتك بخولقێنن، ئەوا داگیرکاریشی هێناوەتە ئاراوە. لەکاتێکدا لەبارییەکەی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەلایەك کۆمەڵگەی پێشدەخست، ئەوا لەدەرەوەش تەماعکاری دەبزواند. دەوڵەمەندێتی کانزا، دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام لەلایەن ئەو شارستانییەتانە ببێتە ئامانج کە پێویستیان بەکانزا هەیە. هەروەکو چۆن ئەم هۆکارانە لەسەردەمی ئاواکردنی شارستانییەتدا بەشێوەیەکی سەرەکی شێوەی بەدیاردەی کورد داوە، لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا بەڕادەی جیاوازی دەوربەری دەرەوە دەگۆڕێ و ئەم رۆڵە بەردەوام دەکات. کاتێك هۆکارە دەرەکیەکان لەئاستێکی بڵنددا رۆڵی کۆسپ نانەوەیان لەپێش رۆڵی یەکلاکەرەوەی دەسپێشخەری ناوخۆ بینی، ئەوا گۆڕانکاری زیاتر لەدەرەوە سەرچاوەی دەگرێت و لەناوەوە وەکو پێشکەوتنێك کاردانەوە و رەنگدانەوەی دەبێت. ئەم رێسایەی کە لە چەرخی یەکەمیندا پەیرەوکرا، ئەوا لە چەرخی ناوینیش بەشێوەیەکی کاریگەرانەتر بەردەوام دەبێت.

ناتوانرێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ باس لەدەرەبەگایەتیبوونێکی کوردان بکرێت. شارستانییەتی کۆماگەنا وەکو دواترین شارستانییەتی مەزنی سەردەمی کۆیلەداری کلاسیك، کاتێك لەساڵانی ٢٥٠ ی زایینی لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی کۆیلەداری رۆما و ساسانی پەرتەوازە بوو، ئەوەی ماوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی شارەکانە کە بەکرێگیراوەکان رۆڵی فەرمانبەریان تێدا بینیوە و کۆمەڵەی عەشیرەتە ئازادەکان بوون کە بەرەو شاخەکان پاشەکشێیان کردووە.

## ”بەناوکردنی قۆناخی ئیسلامیەت بە سەردەمی دەرەبەگایەتی واقیعی یە

قۆناخێکی مەزنی ململانێ و پێکدادان و تێکدان لەسەر میزۆپۆتامیای سەروو بەڕێوەدەچێت. ناوچە و شارەکان بەردەوام فەرمانڕەواکانیان لەگۆڕاندان. کاتێك دەرفەت برەخسێ و هاوسەنگیەکان لەباربێت، ناوە ناوە میرنشێنی سەربەخۆ ئاوا دەکرێ. هیچ کاتێك لەمێژوودا ئۆتۆنۆمیگەرایی کەم نابێت. بەڵام ئەمەش راستیەکە ئەم ئۆتۆنۆمیگەراییانە وابەسانایی ئیرادەی خێڵ تێپەڕ ناکات. قۆناخی ململانێی ساسانی . رۆما تاوەکو لەدایکبوون و پەلهاوێشتنی ئیسلامیەت بەردەوام دەکات. هەروەکو دەزانرێ ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە کلاسیکە کە بەخێرایی بەرامبەر ئیسلامیەت پەرتەوازە دەبن. یەکلاکەرەوەترین فاکتەر لەمەدا ئەوەیە کە ئیسلامیەت وەکو ئایدیۆلۆژیا و کردەوە شێوەیەکی باڵاتری کۆمەڵگەیە و دەرفەتی ئەوەدەدات کە وەرچەرخان بەرەو سیستەمێکی شارستانییەت بکرێت کە ئەویش دەرەبەگایەتییە. تەواوی روونکردنەوەکانی دیکە گرێدراو بەم فاکتەرە سەرەکییە واتادار دەبێت.

بەناوکردنی قۆناخی ئیسلامیەت بە سەردەمی دەرەبەگایەتی واقیعی یە. بێگومان بەهۆی جیاوازی مێژوویی و جوگرافی بەبێ ئەوەی لایەنە جیاوازەکان لەگەڵ دەرەبەگایەتی رۆژئاوا رەچاو نەکرێت، لەمیانەی ئەم شێوازەی شارستانییەتی دەرەبەگایەتی کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەکات. لەگەڵ گەیشتن بەساڵانی ٦٥٠ ی زایینی ڤەبوونەکانی ئیسلامیەت، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو ناوچانەیان فەتح کردووە کە کوردان لێی نیشتەجێن. لەکاتێکدا لەناوچە فراوانەکانی کشتوکاڵ و ناوەندی شارەکان بەتەواوی دەسەڵاتی خۆیان ئاواکردووە، لەناوچە شاخاویەکان بەرخودانی باو بەرامبەر بیانیەکان بەردەوام بووە. لەکاتێکدا هێشتا تەرمی حەزرەتی محەمەد لەسەر ئەرز بوو، ئەو ناکۆکی و پێکدادانانەی ئیسلامیەت بەخۆیەوە بینی، لەگەڵ شەهیدکردنی ئیمام حوسێن و دەوروبەرەکانی لە کەربەلا گەیشتۆتە قۆناخێکی نوێ. کاتێك ئەمەویەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست کە توێژی باڵادەستی فیدارسیۆنی قورەیشی کۆمەڵگەی کۆن بوون، رێگای لەپێش فشارێکی زیاتر بۆ سەر توێژی

هەژار و گەلانی دیکە کردۆتەوە. ئێران لەمیانەی پشتبەستن بە بنەما بەهێزەکانی شارستانییەتی کۆن جێگای خۆی لەڕێزی ئەهلی بەیتی موسڵمانان گرت و لەمیانەی شێوازی شیعەگەرایی وەڵامی دایەوە کە شێوەی گۆڕانی ئیسلامیەتە بەگوێرەی هەلومەرجەکانی خۆی. ئەم بەرخودانەش یەکەمین نموونەی مەزنی جیابوونەوەی ریشەیی ئیسلامیەت و گۆڕانێتی بەگوێرەی هەلومەرجە خۆجێییەکان. هەرچی وەڵامی کوردانە بەرامبەر ئەمە، هەرچەندە لەگۆڕەپانێکی سنوورداریش بێت بەشێوەی عەلەویگەرایی بووە. هەرچی لەناوچە دەشتایی و ناوەندەکانی شارەکان بوو سونیگەرایی زاڵ بووە کە شرۆڤەی بنەماڵەی ئەمەوی باڵادەست بوو سەبارەت بەئیسلامیەت. لەسەرووی هەموویانەوە لەنێو عەرەبەکان و چەندین قەومی دیکە، جگە لەشێوەکانی پێشووتری پارچەبوون، پێشکەوتنی پارچەبوون و جیابوونەوەیەکی وەها بەشێوەیەکی ریشەدار جێگای باسە. بەکۆمەڵایەتی بوونی پێکهاتی چینی نوێ لەبنەوانی ئەم جیابوونەوەیە شاراوە بوو. لەشێوازی کۆمەڵگەی کۆیلەداری و پێکهاتە چینایەتیەکەی بۆ شێوازی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و پێکهاتە چینایەتیەکەی وەرچەرخان ئەنجام دەدرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەنجامدانی پێناسەیەکی زانستیانەی هەرە راست سەبارەت بەئیسلامیەت، بایەخێکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. تەنیا لەمیانەی دۆگما ئاییینیەکانەوە هەوڵدان بۆ روون کردنەوەی ئیسلامیەت، زیاتر بەواتای دەمامکردنی راستی و شاردنەوەی لەنێو تاریکایی دێت. باڵادەستێتی دەرەبەگایەتی لەسایەی حوکمەتە ستەمکارییەکەی ئەم روونکردنەوە دۆگماتیکە ئایینیەی سەبارەت بە ئیسلامیەت وەکو فەرموودەی نەگۆڕی خوداوەند پێشکەش دەکات، بەمجۆرە بەدرێژایی چەندین سەدەیە باڵادەستییەکی هزری و ئەخلاق لەسەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناویندا ئاواکردووە.

> **قەومگەرایی زیاتر لەنێو توێژی ژووردا پێشکەوتووە، لەم قۆناخەدا عەرەبێتی بۆ سۆزی پایەداری کراوە بەفەزیلەت و بیانوویەك**

ئیسلامیەت سێیەمین قەڵەمبازی مەزنی چینی بازرگانی باوی نیمچە دورگەی عەرەبە. وەڵامی پێویستی یەکێتی و بوون بەهێزی سیاسی تیرە و هۆزە عەرەبەکان دەداتەوە کە لەمیانەی بازرگانی نێوان میسر، میزۆپۆتامیا، یەمەن و حەبەشە مەزن بوون. دوا هەڵمەتی شارستانییەتی بەڕیشە سامی یە. لەژێر ناوی ئیسلامیەت تەواوی عەرەبەکانی بیابان کۆ دەکاتەوە کە بەشارستانییەتەکانی دیکە گرێدراو نین و دەیانکات بەهێزی شارستانییەتی دەرەبەگایەتی. بەشێوەیەکی بابەتی قەومیەت بەهێز دەکات. هزری یەکبوون کە چەمکی هۆزگەرایی و تیرەگەرێتی تێپەڕ دەکات لەئیسلامیەتدا زۆر بەهێزە. هەربۆیە ئەو هۆز و خێڵانەی لەچاخی ناویندا لەنێو رەوشی پەرتەوازەیی و دوور لەرۆحی یەکبوونن، دەکەونە نێو پەیوەندی نزیکی قەومگەرایی. قەوم شێوەبەندیەکی دەرەبەگایەتی تایبەت بەچاخی ناوینە؛ لەنێوان ئەتنیك و نەتەوەدا شوێنگەیەك دەگرێت. گرێدانی زیاتر بەخاك و بازرگانی، زەمینەی ماددی یەکێتی قەوم بەهێز دەکات. دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و بازرگانەکانی شار، لەمیانەی ئەم زەمینەیەی قەومدا دەبن بەخاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێزتر. پێشخستنی قەومگەرایی عەرەبەکان لەلایەن ئەمەویەکانەوە بۆ ئەم هۆکارە ماددی یە دەگەڕێتەوە.

قەومگەرایی زیاتر لەنێو توێژی ژووردا پێشکەوتووە. لەم قۆناخەدا عەرەبێتی بۆ سۆزی پایەداری کراوە بەفەزیلەت و بیانوویەك. جۆرێکی شۆڤێنیزمی میللیگەرایی لەئارادا بووە. هەوڵدراوە لەژێر دەمامکی ئیسلامیەت هەم چینی باڵادەست هەم میللیگەرایی لەنێو یەکتردا بژین. ئەوەی لەسەردەمی ئیسلامیەتدا دەسەڵاتدار بوون بەشێوەیەکی گشتی جیاکاری و دەرفەتیان بەو نەتەوانە داوە کە خۆیان پێیەوە گرێدراون. چینە سەردەستەکانی عەرەب و فارس و تورك کە دەسەڵاتی ئیسلامیەتیان بەدەستەوە بووە، رۆڵیان لەوەدا بینیوە کە تایبەتمەندێتی خێڵە ئەتینیکەکانی ئەو قەومانەی خۆیان جێگای تێدا دەگرن بکەن بەتایبەتمەندێتی قەومی پێشکەوتووتر. بەڵام ئەوانەی

لەمیانەی زمان و هەبوونی کولتووری خۆیان جێگایان لەدەستەڵاتدا نەگرت لەم بوارەدا بەدواکەوتوویی ماونەتەوە.

جیاوازی لەنێوان دیاردەی ئەتنیك و دیاردەی قەومگەرایی هەیە. ئەتنیك زیاتر فۆرمی زاڵی کۆمەڵگەی نیۆلیتیك و کۆیلەداری چاخی یەکەمینە. تەواوی کۆمەڵەکان لەم قۆناخانەدا ناچاربوون هەریەکە و جێگای خۆی لەنێو گروپێکی ئەتنیکیدا بگرێت. لەم چوارچێوەیەدا پێکهاتەی ئەتنیکی فۆرمێکی مێژوویی و دیاردەیەکی بابەتی یە. وشیاری ئەتنیکی لەقۆناخێکی جیاوازتردا دەکەوێتە رۆژەڤ. بەشێوەیەکی گشتی ئەمە لەئەنجامی پێویستی یەکبوون و خۆپاراستنی تیرە و خێڵەکان بەرامبەر بەهێزەکانی شارستانییەتی کۆیلەداری پێشدەکەوێت. لەکاتێکدا هەبوونی دیاردەی تیرەو خێڵ بۆ ١٠ هەزار ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە، ئەوا وشیاری ئەتنیکی بەرامبەر هەوڵەکانی بەکۆیلەکردن و چەوساندنەوە پێشدەکەوێت کە لە ٣ هەزار ساڵ پ.ز بەدواوە پێشخرا. تاوەکو چەرخی ناوین بەردەوام دەبێت و لەوە بەدواوەش هەوڵدەدات هێزی خۆی بپارێزێ. ئەم رابردووە مێژووییە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە هێندە بەهێزبوونی عەشیرەتگەرایی لەرۆژهەڵاتی ناویندا. هێندە بەقووڵایی بەرێوەچوونی عەشیرەتگەرایی لەناو کورداندا جگە لەوەی خوڵقێنەری کۆمەڵگەی نیۆلیتیکن و بەشێوەیەکی سەرتاسەری لەنێو ئەم چاخانەدا ژیاون. بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەدرێژایی کۆیلایەتی چەرخی یەکەم بەرامبەر بەهێرشە دەرەکیەکان بەردەوام لەنێو رەوشی بەرخوداندا بوون. هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی عەشیرەتگەرایی کوردان زۆر بەرفراوانە. لەمیانەی شیکردنەوەیەکی قووڵدا زیاتر دەرکی پێدەکرێت.

هەرچی قەومە، زیاتر وەکو شێوەیەکی دەرەبەگایەتی چەرخی ناوین، وەکو فۆرمێکی سەرووتری ئەتنیك و عەشیرەت هاتۆتە ئاراوە. لەگەڵ زیاتر بوونی گرنگی گرێدان بەزەوی و بازرگانی و

> **لەنێو عەرەبەکاندا شۆڤێنیزمی عەشیرەتگەرایی قەوم وەکو گەوهەری زاراوەی "ئەصحابیەت" بەشێوەی هەستێکی بەهێز لەئارادایە**

هاتنەئارای یەکێتی سیاسی بەشێوەیەکی بەرفراوانتر، لەپەیوەندی خێڵەکیەوە بەرەو پەیوەندی قەوم گۆڕانکاری و پێشکەوتنی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە. لەم لایەنەوە ئیسلامیەت رێگای لەپێش کاریگەریەکی بەهێز کردۆتەوە. ئەو رۆڵەی سەرمایەداری لە ناسیۆنالیزم و میللیگەرابووندا بینیویەتی ئیسلامیەت لە قەومبووندا بینیویەتی. هەروەکو چۆن دەمارگیری نەتەوەپەرستی وەکو مەیلی توێژی هەرە راسترەو و پاوانخوازەکانی سەرمایە دەرکەوتووە ئەوا قەومگەراییش لەئیسلامیەتدا وەکو مەیلێکی راسترەوی دواکەتووترین چینی دەرەبەگەکانی زەوی و بازرگانەکان لەنێو میللەتە باڵادەستەکاندا پێشکەوتووە. ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراش نەبێ، تەنانەت بەدەمامك کراویش بێت، ئەم مەیلە لەنێو ئیسلامیەتدا هەیە و بەهێزە. بەئەندازەی ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتییە، ئەوا لەلایەنی خۆیشیدا ( سۆبژەکتیف) دەردەکەوێت. کاتێ هێشتا حەزرەتی محەمەد لەژیاندا مابوو ئەم مەترسیەی بینبوو، بۆیە ناچاربووە بڵێ « هیچ جیاوازیەك لەنێوان عەرەب و عەجەمێکدا نییە، تەنیا بەعیبادەت نەبێ». کاتێك لینینیش زیندوو بوو، ئاگاداریەکی هاوشێوەی ئەمە بەرامبەر بە شۆڤێنیزمی روس دەکات.

لەنێو عەرەبەکاندا شۆڤێنیزمی عەشیرەتگەرایی قەوم وەکو گەوهەری زاراوەی (ئەصحابیەت) بەشێوەی هەستێکی بەهێز لەئارادایە. هەروەها پێشکەوتنی ئەوپەڕگەری سۆزداری خێڵەکیش جێگای باسە. شێوەیەکی شۆڤێنیزمی خێڵەکی لە کۆمەڵەی ئەتنیکی نەتەوەکان و ئەو قەومانەی پێشنەکەوتوون بەشێوەیەکی بەهێز درێژە بەهەبوونی خۆی دەدات؛ هەندێ جار رەوشی خۆپاراستن تێپەڕ دەکات و دەشێ ببێتە هێرش بەر. هەرچەندە ئیسلامیەت، بەتایبەتیش لەرێگای حەزرەتی محەمەد خواستبێێتی ئەم هەستانە تێك بشکێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. تەنانەت بنەماڵەی دەسەڵاتدار، گەیشتۆتە ئاستێك کە خۆی لەتەواوی تیرە و هۆزەکان زیاتر بەرەسەن نیشان بدات و پەسند بکات.

گونجاندنی ئیسلامیەت لەلایەن

گەلانەوە بەگوێرەی کولتوور و هەلومەرجە خۆجێییەکانیان، دەرکەوتنی مەزهەب و تەریقەتی جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەکولتووری رۆژهەڵاتی ناویندا، بەتایبەتیش لەدوای ئیمپراتۆریەتی ئاشووریەوە، لەیەکینەکانی بەبنەما ئەتنیکی بەرەو یەکینەی بنەما تەریقەتگەراییەکان پێشکەوتنێکی نوێ سەریهەڵدا. ئەم یەکینانەی بۆ یەکەمین جار لە ٥٠٠ پ.ز بەربڵاو بوووە دەکەوێتە نێو فۆرمی هزر و باوەڕی. خەڵکانی هەموو قەوم و تیرە جیاوازەکان، یەکینەی وەها ئاوا دەکەن کە هەمان باوەڕی و رەوشت و هەڵسوکەوتیان هەیە. دەشێ ئەمانە وەکو شێوازێکی سەرەتایی رێکخستنی چینە چەوساوە و زۆرلێکراوەکان پێناسە بکرێت. لەکاتێکدا توێژەکانی سەرەوەی تیرە و قەومەکان لەنێو دەوڵەتە فەرمیەکاندا خۆیان رێك دەخەن، ئەوا چینەکانی ژێر دەخوازن جگە لەوشیاری ئەتنیکی، لەمیانەی ئەو باوەڕی و بۆچوونە سۆفیگەراییە نیمچەنهێنیانە ئەو تەنیایی و بێچارەییە بەلاوە بنێن کە تێکەوتوون. دەتوانرێ ئەمانە وەکو نموونە سەرەتاییەکانی یەکەمین بەپارتیبوونی ئۆپۆزسیۆن هەڵسەنگێنرێت. باوەڕی نیمچە نهێنی سۆفیگەرایی دەبنە نموونەی رێکخستنی هەژاران و دەزگاکانی فەلسەفەگەرایی گریك و بلیمەتی میزۆپۆتامیا و پێغەمبەرایەتی شێوەی پێشکەوتووی ئەم مەیلەن.

تەنانەت عیساش کاریگەری تەریقەتێکی سافی هەژارانی لەسەرە کە بەرلەو پێشکەوتووە و بە ئەسەنیەکان ناو دەبرێن. لەماوەی نێوان ٥٠٠ ی پ.ز تا ٥٠٠ ی زایینی کە هێشتا موسڵمانێتی و مەسیحیەت بەتەواوەتی باڵادەست نەببوون، بەپشتبەستن بەمجۆرە بۆچوونانە، قۆناخی تەریقەتەکانی جێگای باس بوو. بۆ نموونە لەجیهانی گریك و رۆمادا، لەسەرووی هەموویانەوە رەواقیەکان، ژمارەیەکی زۆری گروپی باوەڕی بەمجۆرە مرۆڤیان راکێش دەکرد. یەکێك لەهەنگاوە هەرە بەهێزەکانی میزۆپۆتامیا لەم قۆناخەدا جوڵانەوەی مانی یە. ئەم مەیلەی لەساڵانی ٢٥٠ ی زایینی یەکلابۆتەوە سەنتێزێکی

> **تەنانەت ئیسلامیەتیش بەشی خۆی لەکاریگەری مەزهەبی باوەڕی تاکخودایی وەرگرتووە کە لەم قۆناخە لەمەککە بە حەنەفیەکان ناو دەبران**

لەمەسیحیەت، زەردەشتایەتی و بودیزم خوڵقاندووە، خواستوویەتی رێنسانسێك ئەنجام بدات. لەسەرەتادا زۆر بەکاریگەر بووە. مانی خواستوویەتی لەپایتەختی ساسانیەکان تاوەکو رۆما لەمیانەی ئەم باوەڕەوە نەوەیەکی ئاشتی بخولقێنێ. هەروەکو دەزانرێ بەخۆی لایەنگری شەڕ نەبووە. سەنتێزی پێشووی کۆماگەنا قووڵدەکاتەوە و دەخوازێ درێژەی پێبدات. بەڵام کاهینە فەرمیەکانی ساسانیەکان کە بەرژەوەندیان گرێدراوی دوژمنایەتی و شەڕە، لەیەکەمین دەرفەتدا لەئەنجامی پیلانگێڕیەکدا بەشێوەیەکی دڕندانە دەیکوژن و تیرۆرێکی مەزن لەسەر لایەنگرەکانی پەیڕەو دەکەن. ئەگەر مانی بیتوانیبایە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، ئەوا لەوانەیە یەکێك لەهەنگاوە سەرەکیەکانی شارستانییەتیکی شێوازی ئەوروپا دەبووە رێنیسانسی رۆژهەڵاتی ناوین.

تەنانەت ئیسلامیەتیش بەشی خۆی لەکاریگەری مەزهەبی باوەڕی تاکخودایی وەرگرتووە کە لەم قۆناخە لەمەککە بە حەنەفیەکان ناو دەبران. تاکو بڵێی حەزرەتی محەمەد سوودی لە مەسیحیەت، یەهودیەت، حەنەفی و زەردەشتی وەرگرتووە و ئیسلامیەتی وەکو سەنتێزی ئەو باوەڕی و تێڕوانینە پێکهێناوە. لەبەرئەوەی ئیسلامیەت لەگەوهەری خۆیدا لەئەنجامی پەرەسەندنی ئەو باوەڕی و هزرانە بەشێوەیەکی واقیعی لەژێر سایەی هەلومەرجە نوێکان وەڵامی پێداویستییە یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی و ئابووریەکانی قۆناخی دەدایەوە، پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆوە بینیوە. باوەڕیەکی وەها بەهێز و جیهانی هزر لەژێریدا شاراوەیە. لەم چوارچێوەیەدا حەزرەتی محەمەد هەم ریفۆرمخوازێکی مەزنە هەم شۆڕشگێڕە. لەمێژوودا ماوەی نێوان ٥٠٠ ی پ.ز و ٥٠٠ زایین بەقۆناخی هزر و باوەڕی مەزن ناو دەبرێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تەواوی باوەڕی و هزرە فەلسەفی و ئەخلاقیەکانی کاریگەریان لەچارەنووسی مرۆڤایەتی کرد. لەم قۆناخەدا لەلایەن دامەزرێنەرە مەزنەکانیان پێشکەش کران و پێشخران. لەلایەنێکەوە دەشێ بەقۆناخی رەوتەکانی

هزر و تەریقەتگەراییش ناو ببرێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم هزر و تەریقەتانە کاریگەری لەیەکتری دەکەن، کارەکتەریان رەسەنە. بێگومان کاریگەری میتۆلۆژیای چاخی دێرینیان لەسەر هەیە. هەڵبەتە دەرکەوتنیان وەکو کاردانەوەیەك ئەنجامێکی ئەم کاریگەریەیە

هەرچی قۆناخی ٥٠٠ـ١٥٠٠ زایینی یە چەرخێکی بەهێزی باوەڕی جێگای باسە کە زیاتر مەسیحیەت و ئیسلامیەت و بودیزم مۆری خۆی لێداوە. ئەم قۆناخە سەردەمی دەرەبەگایەتی یە. لەمیانەی باوەڕی بەهەبوون و یەکبوونی خودا کە بناخەی ئایدیۆلۆژی سیستەمی ئاواکراوە و لەگەڵیدا رێکە، ئامانجی ئەوە بووە ئەم چاخە بکات بەچاخێکی بێ کۆتایی(ابدی). هەروەکو چۆن هەرسەردەمێك خۆی وەکو یەکەمین و دواترین سیستەم رادەگەیەنێ، ئەوا سەردەمی دەرەبەگایەتیش بەپشتبەستن بەهەبوون و یەکبوونی خودا لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکدا خواستوویەتی خۆی بکات بەسیستەمێکی ئەبەدی. ئەم راستینەیە کە بنەماکانی پێکهێنانی لە چاخی وشکە باوەڕیدا شاراوەیە. لەگەوهەری باوەڕی و چەمکی پەیوەندیەکانی چەوساونەوە و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی چینایەتی لەباوەڕی و چەمکی «خودای نەمر، سیستەمی ئەبەدی» شاراوەیە. دەمامککردن و نیشاندانی وەکو فەرمانێکی پیرۆز، لەپێناو ئەو سیستەمە بەرژەوەندیخوازیەیە کە دەپەرسترێ. ئەوەی دەخوازرێ لەکەسایەتی خوداوەندا بکرێت بە نەمروئەبەدی بەرژەوەندی و باڵادەستی خۆیانە.

شیکردنەوەیەکی وردکارانە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هێڵکاریە ئایدیۆلۆژیەکان و سیستەمی چەوسانەوە و ستەمکاری چینایەتی و بەشێوەیەکی رۆشنکەرەوە پێشکەشکردنی بەچەوساوە و زەحمەتکێشان، لەسەرووی ئەرکەکانی رۆشنگەری دێت. چونکە بەبێ شیکردنەوەی سەردەمی وشکە باوەڕی کە هەزاران ساڵ بەردەوام بووە ناتوانرێ واقیعی کۆمەڵگەی جیهان بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوین روون بکرێتەوە و بەچەمکێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی راست بگەین. هەروەها بە بەهاکانی لێپرسینەوەی عەلمانیەتی ساختە و باوەڕیە کوێرانەکان ناتوانرێ دەرك بەم سەردەمە بکرێت کە هەزار ساڵی خایاند.

> **تەواوی وڵات بەگوێرەی زاراوە عەرەبیەکان ناوی لێنراوە، بۆ یەکەمین جار بە ئەکراد موخاتەبەی گەل کراوە**

لێکۆڵینەوەی تەواوی ئەم وشکە باوەڕە دۆگماتییانە وەکو زنجیرەیەکی بەڵگەی مێژوویی و ئەدەبی و شیکردنەوەیان و دیاریکردنی ئەم راستینە چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی لەناواخنی خۆیدا شاردۆتەوە، مەرجێکی سەرەکییە بۆ رۆشنکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوین و پێویستییەکە دەستبەرداری لێناکرێت. ڤەبوون بەرەو عەلمانیەتی رووکەشی رۆژئاوایی و جیهانی باوەڕی کە سەرلەنوێ دەخوازرێ زیندوو بکرێتەوە، ئاستەنگێکن کە ئەم ئەرکە مێژوویی یە پووچەڵ دەکەنەوە.

کاریگەری ئیسلام لەسەر کوردان لەم چوارچێوە سەرەکیەدا بووە. چینی سەرووی عەشیرەتی خەرەکی و میرنشینەکانی زەوی، یەکەمین توێژن کە تەسلیم بوون و لەگەڵ بنەماڵەی ئەمەوی و عەباسیەکان لەنێو پەیوەندیەکی نزیکدا بوون؛ شرۆڤەی سوننی ئیسلامیەتی فەرمییان پەسند کردووە و تەواوی پەیوەندییەکانی خۆیان بەگوێرەی دەسەڵات گونجاندووە. لەبواری زمان و کولتووردا ئەمجارە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی. ناو و شێوازی ژیان و تەنانەت رەچەڵەکی خۆشیان بەعەرەبەکانەوە گرێداوە و، لادان بەرەو نکوڵیکردن لەخود لەبەرژەوەندی خۆیاندا بینیوە.

لەقۆناخی دەسەڵاتدارێتی عەرەبەکان بەسەر ناوچەدا پێشکەوتن لەشارستانییەتی دەرەبەگایەتی بەدیهاتووە. تەواوی وڵات بەگوێرەی زاراوە عەرەبیەکان ناوی لێنراوە، بۆ یەکەمین جار بە ئەکراد موخاتەبەی گەل کراوە. لەگەڵ ئەوەی نکوڵیان لەکوردان نەکردووە، قولپ لێدان لە رابردووەکەیان و گرێدانیان بەخۆیان زیاتر بەگوێرەی سیاسەتی خۆیان بینیوە. یەکبوونی چەمك و پەیوەندی بەمجۆرە لەگەڵ بەشی سوننی دا گەیشتۆتە ئاستێکی بڵند. لەشوێنە بەبەرهەمەکانی

ناوچە بەتایبەتیش لەشوێنە ئاویەکاندا و کەناری رووبارەکان ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عەرەب بەجێکراون، تاوەکو بنارەکانی تۆرۆس بڵاوبۆونەتەوە، تاوەکو بڵێی توانەوە لەنێو کولتوور و زمانی عەرەبیدا پێشکەوتووە. بەرامبەر ئەمەش چینی ژێرەوە و نەداری عەشیرەتەکان و ئەوانەی لەناوچە شاخاویەکان دەژیان تایبەتمەندێتی بەرخودانیان پاراستووە؛ لەهەندێ شوێندا بەئاخافتن ئیسلامەتیان پەسند کردووە، سەبارەت بەپاراستنی باوەڕی و ژیانی خۆیان بەبڕیار بوون. ئەو توێژەی لەسەر ئەم بنەمایە جوڵاونەتەوە، زیاتر بەشێوەی عەلەویگەرایی کوردان بەتەواوەتی بەجێ بوونە؛ بەشێوەیەکی سنووردار ئیسلامیەتێکیان پەسند کردووە کە بەگوێرەی هەلومەرجەکانی ژیانی خۆیان گونجێنراوە. ئەمەشیان لەئەنجامی فشار و توندوتیژی نەبژاردووە، بەڵکو وەکو دڵسۆزیەك بەرامبەر بەو ستەمە ئەنجامیانداوە کە دەرهەق بە ئەهلی بەیت کراوە، عەلەویگەرایی کوردان هەڵوێستێکە کە کەمترین پەیوەندی لەگەڵ ئیسلامیەتدا هەیە. بەجۆرێکە تەنانەت ناتوانرێ بەمەزهەبیش دابنرێ. عەلەویگەرایی کوردان هەندێ لایەنی ئیسلامیان وەرگرتووە کە ژیانیان دەوڵەمەند دەکات و وەکو دەوڵەمەندیەکی کولتووریان بینیوە؛ پەیوەندی سەبارەت بەدۆگما ئایینی یە وشکەکان نیشان نەداوە. لەم لایەنەوە دەتوانرێ بگوترێ کە لە رەتکردنەوەی تایبەتمەندێتییە دواکەوتووە ئەتنیکی و قەومگەراییەکانی ئیسلامی سونی و پەسندکردنی هەندێ تایبەتمەندێتی باشی، باشترین هەڵوێستی نیشانداوە. ئەگەر ئەم هەڵوێستەی عەلەویگەرایی نوژەن بکرێت و بەشرۆڤەیەکی زانستی بگەیەنرێت، دەشێ رۆڵێکی گرنگ لە رۆشنگەریدا بگێڕێ. عەلەویگەرایی جێگایەکی تایبەتی هەیە لەهەستکردن و وەستان لەدژی چەوسانەوە و فشاری ئەو چینە باڵادەستەی کە لەهەناوی ئیسلامدا هەیە. کەموکورتیەکەی، پێشنەخستنی شرۆڤەیەکی ئایدیۆلۆژی بەهێز و تێپەڕنەکردنی ئاستی تەریقەتی سەرەتایی و سۆزدارییە.

> **بەشێکی گرنگی دەرەبەگ و بازرگانەکان بوونە بەچینێکی خاوەن موڵك، ترازاندنی ئاستی ئازادیی و یەکسانی نێو پێکهاتەی عەشیرەت گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز**

بەرامبەر بەئیسلام زەردەشتایەتی نوێنەرایەتی بەبڕیارترین توێژی بەرخودانی کوردان دەکات. ئەم بەرخودانە لەمەزەندەکان زیاتر پێویستی بەشیکردنەوەیەکی زیاتر هەیە. بەهۆی هێرشی بەرفراوانی ئایدیۆلۆژی و فشاری سیاسی و ئابڵوقەی ئابووری بەو هێزە نەگەیشتووە کە بەشێوەیەکی راست گوزارشت لەڕاستینەی خۆی بکات. لەم لایەنەوە بەعەلەویگەرایی دەچێت. بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ درێژەدان بەهەبوونی خۆیان ئەوە نیشان دەدات کە بەژیانێکی زۆر سەختدا تێپەڕیون و بەرخودانەکەیان واتادار دەکات. ئەم سێ جۆرە ئەزموونەی کوردان بەرامبەر بە ئیسلامیەت، فاکتەرێکی گرنگی پێشنەکەوتنی یەکێتی نەتەوەیی پێکدێنێت. کاتێك ئەم بەها بیانیانەی دەرەبەگایەتی بێتە سەر ئەو پارچەبوونە ئەتنیکی و بەکرێگیراوێتیەی لەچەرخەکانی یەکەمدا ماوەتەوە، ئەوا رێگای لەپێش نامۆبوون و پارچەبوونێکی قووڵتر کردۆتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لەئاستی چینایەتیدا پێشکەوتن بەدیهاتووە. بەشێکی گرنگی دەرەبەگ و بازرگانەکان بوونە بەچینێکی خاوەن موڵك. ترازاندنی ئاستی ئازادی و یەکسانی نێو پێکهاتەی عەشیرەت گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز. کۆمەڵگە بەقووڵایی دابەشبوونی چینایەتی بەخۆیەوە بینیوە. بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاژەڵداری، گرێدان بەخاك و جووتیاری پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە. لەتایبەتمەندێتی کۆمەڵگەی شوانکاریەوە بەخێرایی بەرەو کۆمەڵگەی کشتوکاڵی هەنگاو هاوێشتراوە.

لەم لایەنەوە ئیسلامیەت چینی سەردەستی کوردی بەرامبەر بەگەلە مەسیحیەکان کردۆتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز. لەسایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەرامبەر بەم گەلانە بوونەتە خاوەنی چەندین جیاکاری. بێگومان

شرۆڤەی سوننی ئیسلامیەتی چینی سەردەستی کورد لەنزیکەوە پەیوەندی بەبەرژەوەندی ماددیەوە هەیە. لای ئەمانە ئایین و بەرژەوەندی ماددی لەنێو پەیوەندیەکی بەهێزدایە، ئەمەش لەناواخنی ئەوەدا شاراوەیە کە تەواوی ئەو تایبەتمەندێتیانەی کۆمەڵگە دەخەنە پلەی دواوە کە لەگەڵ ئەمەدا کۆك نین و بەتەواوی هێزیەوە جێگای خۆی لە ڕیزی ئیسلامی فەرمی گرتووە و ئەمەیان کردووە بەسیاسەتێکی سەرەکی خۆیان.

بەپێچەوانەی مەزەندەکان ئەمانە لەبەرئەوە نەبوونەتە موسڵمان کە زۆرباوەڕییان بە دۆگما ئایینیەکان هەیە. لەبەرئەوەی باشیان دەزانی کە لەنێو زەمینەی باوەڕی وشك و دەمامکی دۆگماتیزم دەتوانن بەرژەوەندییە ماددیەکانیان بەدەست بێنن و ببن بە هێزێکی سیاسی، بەردەوام پێویستی ئەوەیان بینیوە کە خۆیان لەئیسلامیەتی فەرمی بئالێنن. لەجیاتی چینی دەرەبەگ چینی بۆرژوای خۆجێیش هەوڵدەدات لەم لایەنەوە سوود لەئایدیۆلۆژیای ئیسلام ببینێ. لەپێچە و ئازادی باوەڕی زیاتر، مەسەلەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆ چینی بۆرژوا گۆڕاوە.

ئاشکرایە کە شرۆڤەی سوننیگەرایی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی چەرخی ناوین ڕۆڵێکی خراپەکارانەی کردۆتە سەر جیهانی مەعنەوی کۆمەڵگەی کورد. بەڕێوەبردنی ئەم ڕۆڵە لەڕێگای چینی سەردەست کە وەکو ئاغای زەوی و سەرۆك خێڵ خۆیان بەدەزگا کردووە، خراپەکاری بەرەو فشارێکی سەرکوتکەرانە و جیهانێکی تاریك گواستووەتەوە. هەرچی کاریگەری بلیمەتی و نەریتی باوی گەلە پێ بەپێ کەم بۆتەوە و گەندەڵ بووە. کاتێك بۆچوون و باوەڕی زەردەشتی و عەلەویگەراییش بەهەمان شێوە بەدەزگابوون زیاتر بنەماڵە بەکرێگیراوەکان جڵەویان پێدرا، ئەوا ڕێگای ئەو ڕۆشنگەری و ئازادیەش بنبەست بوو کە لەم ڕێیەوە بەهێز دەکرا. پێ بەپێ ئەو پێکهاتە و هزر و ئازادیخواز

## لەجیاتی چینێکی دەسەڵاتداری سەربەخۆ بەئەنقەست گرێدراوی دەبژێرێ کە تاڕادەیەك گرێدراوی دەرەوەیە

و یەکسانیخوازەی کوردان لەسەردەمی کۆمەڵگەی نیۆلیتیکەوە بەدەستیان هێناوە لەنێو تاریکایی ژێر خاك کراوە و لەژێر ناوی تەسلیم بوونی قەدەر لەلایەنی ئیرادەوە ملکەچی بۆ سیستەم کردووە. سەرەکیترین خراپەکاری چەرخی ناوین لەسەر کوردان ئەوەیە کە قەدەرگەرایی کردووە بەفەلسەفەیەکی سەرەکی. لەڕاستیدا پڕوپاگەندە ئایینی یە مەزنەکان ئەم ڕۆڵەیان بینیوە. بەقووڵایی شیکردنەوەی ئەم ڕۆڵەی ئایدیۆلۆژیای فەرمی و ڕەنگدانەوەی ئەنجامەکانی بەشێوەیەکی ئەلتەرناتیڤی و ڕاست لەنێو گەلدا ئەرکێکی ڕۆشنگەری یە کە بناخەی ڕێنسانسی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێك دێنێ.

بەدەزگابوونی سیاسی چەرخی ناوین ڕێگای لەپێش پێشکەوتنی گرنگی کوردان کردۆتەوە، هەروەها بۆ قۆناخی میرنشینەکانی شیکردۆتەوە. چینی سەردەستی کورد هەروەکو بڵێی لەسەردەمی سۆمەریەکانەوە فێری جۆرێکی میرنشینی خۆجێیی کراوە. لەمیانەی ئەم شێوازەوە لەلایەك وەکو چینی سەردەست خۆی بەسەر کۆمەڵەکانی ژێرەوەی خێڵ سەپاندووە، لەدەرەوەش لەنێو پەیوەندی سیاسی و ئابووری جێگای خۆی لای خاوەنەکانی باش کردووە و بەردەوام بەرژەوەندیەکانی خۆی پێشخستووە. لەم لایەنەوە خاوەنی ڕۆڵێکی تایبەت و دەستپێشخەری یە. لەجیاتی چینێکی دەسەڵاتداری سەربەخۆ بەئەنقەست گرێدراوی دەبژێرێ کە تاڕادەیەك گرێدراوی دەرەوەیە، لەناوەوەش لەسەربنەمای ئۆتۆنۆمیخوازی یە. تەنیا باڵادەستیەکی سەربەخۆ، هەم لەناوەوە هەم لەدەرەوە بەڵای بەسەردا دێنێت، ڕێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە ڕووبەڕووی تاڵان ببێتەوە. هەم یاخیبوونی گەل، هەم داگیرکارە بیانیەکان دەرفەتی ژیانێکی ئاسوودەیان پێنادات. ئەو وەڵامەی دەیدۆزنەوە مۆدێلێکی بەکرێگیراوێتییە کە لەناوەوە پشت بەئۆتۆنۆمی دەبەستێت. لەڕاستیدا لەدەرەوە ڕێگا بەدەزگابوونێك نادەن کە خاوەنی گەوهەرێکی پێشکەوتووخوازی بێت. بۆ نموونە بۆ خۆیان یان سۆمەریەکان سیستەمی سۆمەریان بۆ بەدەزگا کرد بوایە، ئەمە دەبوو بەهەنگاوێکی پێشکەوتوو. دواترین نموونەش کۆماری تورکیایە. یان بەخۆیان یاخود ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەرایەتی تورك کۆماریان بەدەزگا

کردبوایە، ئەوا دەشێ ڕۆڵێکی باشتر ببینن. بەڵام لەمیانەی کۆسپ نانەوە لەپێش هەردوو ڕێگا ئەوا بنبەستکردنی ڕێگاکانی پێشکەوتن زیاتر لەبەرژەوەندی خۆیاندا دەبینن. لەناوەوە سڕکردنی گەل لەگەڵ بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان دەگونجێ، لەدەرەوەش لەڕێگای گۆڕینی بەرامبەرەکەی بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری، دەرفەت و قازانجێکی دوولایەنە بەدەست دێنن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆمان سەرباری ئەوەی سەردەمێکی درێژە ڕێگاچارەی دیموکراتییانە بۆ کوردەکانی ئێراق تاوەکو دوایی ئاوەڵایە، بەڵام بەپشتبەستن بەبنەماڵەگەرێتی داکۆکی کردن لەسەر ئۆتۆنۆمیخوازی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گونجاوترین ڕژێمە سەبارەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەم داب و نەریتە مێژوویی یە.

لە چەرخی ناویندا لە ئاستێکی بەرزدا بەجووتیاربوونی کۆمەڵەی عەشیرەتەکان ڕێگای لەپێش پێشکەوتنێکی مەزنی سیستەمی میرنشینی کردۆتەوە، ژمارەیەکی زۆری حکومەتی کوردی ئاواکراون کە ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوانیان هەبووە. پەیوەندیان لەگەڵ خەلیفە و سوڵتانەکان قۆناخێکی زێڕینی بۆ ئەم حکومەتانە ئافراندووە. لەماوەی نێوان سەدەی نۆیەم و سێزدەیەم، لەقۆناخی خەلیفە و سوڵتانە عەباسی وعوسمانیەکان، لەدەوڵەتی دەرەبەگایەتی مەروانی کوردیەوە تاوەکو بنەماڵەی ئەیوبی ڕێگا لەپێش قەوارەی سیاسی بەهێز کراوەتەوە. چەندین میرنشینی دیکەی کوردی هاوشێوەی ئەمانە بەشێوەی حکومەت خۆیان بەسوڵتانەکانەوە گرێداوە؛ وەکو شێوازێکی بەڕێوەبەرایەتی بەفەرمی دان بە رەوابوونیان نراوە.

ئەم شێوە بەڕێوەبەرایەتییە لەقۆناخی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیاتر فەرمی بووە و ٣٠٠ ساڵ بەردەوام بووە. ئەم قۆناخە لەسەدەی شانزەهەمەوە تاوەکو سەرەتای

**جیهانێکی بەرژەوەندیخوازی هەزاران ساڵەی نەفرین لێکراو لەژێر ئەمەدا شاراوەیە**

سەدەی نۆزدەهەم، بەشێوەیەکی تایبەت زیاتر بۆ میرنیشینەکانی کوردان و سەرۆك خێڵەکان پێشخراوە و پەسند کراوە. بەمجۆرە لەسەردەمی سۆمەریەکانەوە تاکو ئێستا گرێدراوی ڕۆحی سیستەم ماونەتەوە، هەر قۆناخێك تایبەتمەندێتی خۆیان خستۆتە سەر، بەردەوامکردن وەکو گونجاوترین ڕێگا دیاریکراوە.

شیکردنەوەی دەرەبەگایەتی کورد کەلە چەرخی ناوین تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پێکهێنراوە و بەردەوام بەکاریگەر کراوە و گرنگیەکی مەزنی هەیە سەبارەت بەدەرککردن بەرابردوو و ڕووداوەکان. کاتێك بەئەندازەی کارەکتەرە گشتییەکانی لەهەموو لایەنێکەوە شیبکرێتەوە، لەڕێچکەکانی پێکهاتن و بەردەوامبوون، چۆن و بەرژەوەندی یەکێتی بەدیهێنا، چی لەگەڵ بردووە، چۆن و بەچ شێوەیەك کاریگەری کردۆتە سەر هزر و ژیانی ڕۆحی، چۆن ئیرادە و ئەخلاق خستووە، لەناسنامەی مێژوویی گەل و کولتوورەکەیدا ڕێگای لەپێش کامە خراپەکاری و لادان کردۆتەوە، تاچ ڕادەیەك نامۆبوونی قووڵکرۆتەوە، لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی چۆن کۆسپی خستۆتە پێش تواناکاری دەوڵەمەند تر، ئەوا ڕۆشنگەریەکی مەزن بەدیدێت. لەم چوارچێوەیەشدا ڕێگای شێوەگرتنی دیموکراتی و سیاسیبوونێك دەکرێتەوە کە ڕاست و بەرەو پێشەوە بێت. بەبایەخەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە تاکو ئێستا بەهیچ جۆرێك ئەم ئەرکە جێبەجێ نەکراوە. هیچ کاتێك چینی سەردەستی کورد زەمینەی سیاسی خۆی بۆ گفتوگۆ نەکردۆتەوە و ڕەخنەی خۆی نەداوە. جیهانێکی بەرژەوەندیخوازی هەزاران ساڵەی نەفرین لێکراو لەژێر ئەمەدا شاراوەیە، لەبەرئەوەی باش دەزانێ بەئاشکرابوونی ئەمە دەبن بەخیانەتکار و تاوانبارێکی مەزن، کێ بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی گونجاو بێت، بەبێ ئەوەی گرێدان بەهیچ پرەنسیپێکی مرۆڤایەتی بەرچاو بگرێت، پێویست بکات، بەبێ هیچ چاوتروکاندنێك گەل لەتاریکایی دا دەهێڵن و پێکهاتەی پێشکەوتخواز و پێشکەوتنەکان لەنێو دەبات و تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ فاشیستترین و تاریکترین و تەسفیەکارترین هێز دەبەستێ و جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ئەمە بەگونجاوترین سیاسەت دادەنێ؛ هەرگیز دەست لە مێژووی نەفرین لێکراو و بێ خێر بەرنادات و بەردەوامی پێدەدات.

باڵادەستی عەرەبەکان لەسەر کوردستان، تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی دوانزەهەم بەپشتبەستن

به بەکرێگیراوە بەهێزەکانی کوردان بەشێوەی ئۆتۆنۆمی خۆجێیی بەردەوام بووە. لەسەدەی پانزدەهەمەوە بەهێز بوونی هۆزە تورکەکان سەرەتا لەبواری سەربازی دواتریش لەبواری سیاسیەوە، گرێدانی خەلیفە عەباسیەکان بەخۆیانەوە قۆناخێکی نوێ دەست پێدەکات. لەجیاتی باڵادەستانی عەرەب کە گەندەڵ ببوون، هۆزە تورکەکان وەکو خوێنێکی تازە جێگای خۆیان لەنێو سیستەمدا دەگرن. لەسەدەی یانزدە بەدواوە بەشێوەیەکی کرداری دەسەڵات لەژێر بەرێوەبەرایەتی هۆزە تورکە سەلجوقیەکاندا بوو. هەبوونی خەلیفە تەنیا شتێکی رووکەشی یە. سیاسەتی میرنشین و سوڵتانە تورکەکان سەبارەت بە کورد و کوردستان بابەتێکە شایانی لێتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە. خودی سوڵتان سنجار بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا ئەو شوێنانەی بەچڕی کوردان تێیدا دەژیان بە کوردستان ناوبرد و کردوویەتی بەناسنامەیەکی فەرمی. سیاسەتی هۆزە تورکەکان لەم سەدانەدا ئەوە نەبووە کە کوردان لەشوێنی خۆیان دەربەڕێنن و لەجێگایان نیشتەجێ ببن «بێگومان هێزەکەیان بۆ ئەمە تێرناکات و بەرژەوەندیەکانیان رێ نادات» لەجیاتی ئەوە لەگەڵ کوردەکان رێکدەکەون و روو لەشوێنی رۆمەکان دەکەن و دەیکەن بەوڵاتی خۆیان. دەتوانرێ بگوترێ ئەم هەڵوێستە تاوەکو سەدەی بیستەم مۆری خۆی لەسیاسەتەکانی میرنشین و سەڵتەنەتەکانی تورکان دایە، سەرباری ئەوەی ناوە ناوە تەنگەتاوی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بەردەوام بووە و پەیڕەوکراوە. تورکەکان باش دەرکیان بەوەکردووە کە لەمیانەی دوژمنایەتی کردنی کوردان لەرۆژهەڵاتی ناوین نابن بەخاوەنی قەوارەیەکی بەهێز. دوژمنایەتی لەگەڵ کوردان بەواتای ون کردن و دووبارە گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنە دێت کە لێوەی هاتوون. هەربۆیە جگە لە ناکۆکیە نائاساییەکان بەرژوەندی لایەنی زاڵ بەسەر پەیوەندی نێوان کوردان و تورکان لەسەدەی یازدەهەمەوە تەبایی و رێککەوتنە. لەم رێککەوتنەدا ئیسلامیەت تای تەرازووی زیاتر بەلایەنی سونیەکاندا شکاندۆتەوە. بەشی عەلەوی و شیعە لەسوود زیاتر، زیانیان بەرکەوتووە. واتە رێککەوتن لەئەنجامی شرۆڤەی فەرمی سونی بەدیهاتووە کە بەرژەوەندی نێوان چینە سەردەستەکان هاوسەنگ دەکات. رێککەوتنی سەردەمی یاوز سوڵتان سەلیم ئەم راستینەیەی ئاشکراتر کردووە.

> **لەئیسکیتەکان تاهێلینیەکان، لەڕیشە سامیەکان تاڕیشە تورکەکان، گرنگترین گروپەکانی مێژوو لەنێو زەمینەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردان بوونەتە کورد**

تایبەتمەندێتیەکی دیکەی لەدیاردەی کۆمەڵگەی کورد بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی لەلایەنی سیاسی یەوە لەنێو دەزگا دەسەڵاتدارە بیانیەکاندا تواوەتەوە، لەلایەنی کۆمەڵایەتیدا هێزی ئەوەی هەبووە ئەم گروپانە بتوێنێتەوە کە تەڤلیان بووە. ئەمە بەتایبەتی سەرچاوەی خۆی لەهێزی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێت. بەلاوازی مانەوەیان لەلایەنی سیاسی، مەیلی هاوسەنگ کردنی لەبواری کۆمەڵایەتیەوە لەنێو کوردان دەردەکەوێتە پێش. بەدرێژایی مێژوو چوار گروپ لەنێو کورداندا هاتن و چوون. لەئەنجامدا هەموویان لەتوانەوەی سروشتی رزگاریان نەبووە. لەئیسکیتەکان تاهێلینیەکان، لەڕیشە سامیەکان تاڕیشە تورکەکان، گرنگترین گروپەکانی مێژوو لەنێو زەمینەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردان بوونەتە کورد. ئەم مەیلە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو کە باڵادەستی سەرمایەداری تێیدا دەستپێکرد. کۆمەڵە دراوسێکان لەمیانەی سەرمایەداری دەوڵەتی باڵابوونی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریان بەدەست هێناوە و قۆناخ بەپێچەوانەوە هەڵسوڕاو رووبەڕووی توانەوەیەکی بەرفراوان مانەوە.

کولتووری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کە لەسەردەمی نیۆلیتیکدا جیهانی وەرچەرخان و لەگەڵ ئەوەی لە چەرخەکانی یەکەم و ناویندا درێژەی بەم باڵابوونەی خۆیدا، بەڵام نەیتوانی بەرامبەر شۆڕشی پیشەسازی سەردەمی سەرمایەداری بەرخودان بکات. قۆناخێکی سەر بەرەوژێری دەست پێدەکات. لەچوار

لاوە کوردان دووچاری توانەوە دێن. تەنیا لەمیانەی موداخەلەیەکی وشیارانە و جموجۆڵێکی سیاسی دەتوانرێ ئەم قۆناخە بوەستێنرێ. هەرچەندە بزاڤی نەتەوەیی کوردان بەسەرکەوتنێکی ئەوتۆ ناگات، توانەوەی کولتووری و نەتەوەیی دەوەستێنێ. لەبەزیندوویی هێشتنەوەی کێشەی کورد سەردەکەوێ.

لەبەدەزگابوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی چەرخی ناویندا کوردان لەزۆر لایەنەوە لەدراوسێکانیان پێشکەوتووتر بوون. توانستی مێژوویی و هەلومەرجی جوگرافی لەبار دەرفەتی ئەوەی بەکوردان داوە کە پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتی بەخێرایی پێشبکەوێت. نیشتەجێبوونی خێڵە کۆچەرەکان لەم قۆناخەدا گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز. ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بەژمارەی کۆچەرەکان زۆر زیادی کردووە. گرێدان بەخاك، بووە بەتایبەتمەندێیەکی جووتیاری. بەڵام دیسان پێکهاتەی خێڵە کۆچەرە باوەکان تا ئاستێکی مەزن بەردەوامیان بەهەبوونی خۆیان داوە و پاراستوویانە. بەرامبەر بە کارەکتەری ئازادانە و یەکسانیخوازتری عەشیرەت، رۆحی کۆیلایەتی لە جوتیارەکاندا قووڵبۆتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا پێ بەپێ پێکهاتەی رۆحی و هزری دەرەبەگایەتی لەنێو پێکهاتەی خێڵدا بەکاریگەر بووە. سەرۆکایەتی خێڵ و ئاغایەتی زەوی بەتایبەتمەندێتی هاوشێوە دەگات. هەڵسوکەوت و هزری شێوازی دەرەبەگایەتی، هەم لەنێو دەزگای جێگری ئاغایەتی و هەم لەنێو بەڕێوەبەرایەتی خێڵدا پێ بەپێ کاریگەر بووە. سەرۆکایەتی خێڵ و ئاغایەتی و گوند نزیکی کارەکتەرێکی هاوبەش بوونەتەوە.

لە کوردستان بازرگانی لەژێر کۆنترۆڵی بازرگانە عەرەبەکان پەرەی سەندووە. ئابووری بەپارە پێشکەوتنی بەدیهێناوە. ئەم رەوشەش خێرابوونی بازرگانی و چڕبوونەوەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. وەکو نەریتێکی باو باڵابوون لەکانزاکاری و پیشەکاری لەدەستی وەستا ئەرمەنی و ئاشوریەکاندا بوو. ئەمەش رێگای لەپێش ئەوە کردەوە کە دانیشتوانی سوریانی و ئەرمەنی لەناوەوەی شارەکان

> **پیشەکاری و بازرگانی کاری سەرەکین کەدانیشتوانی شار پێیەوە خەریك دەبن**


چڕببنەوە. پیشەکاری و بازرگانی کاری سەرەکین کەدانیشتوانی شار پێیەوە خەریك دەبن. لەشارستانییەتی شاردا بازرگانە عەرەبەکان و وەستا پیشەکارە ئەرمەنی و سوریانیەکان ژمارەی سەرەکی دانیشتوان پێکدێنن. کوردان و توێژە هەژارەکانی دیکە بەجۆرێك رۆڵی تڵتەی پرۆلیتاری شارەکان دەبینن. بێگومان ئەم رەوشە بابەتییە لە یەکبوونی جولانەوەکانی یاخیبوونی باتینیەکان دیار دەبێت. ئەوەی جەماوەرە سەرەکیەکەی جوڵانەوەکان پێکدێنن، لەپێکهاتەی تازە پەرتەوازە بووی عەشیرەتەکان و ئەو لادێیانە سەرچاوە دەگرێت کە ئابووری دەشت لەجێگای خۆیانی دوورخستۆتەوە.

زیادبوونی باڵادەستی دەوڵەتی ناوەندی و کۆبوونەوەی موڵکایەتی خاك لەچەند دەستێکی سنووردار‌دا جیابوونەوەی چینایەتی یەکلادەکاتەوە و رێگا لەپێش تەقینەوەی جولانەوە باتینیە ناسراوەکان دەکاتەوە. بەدرێژایی چەرخەکانی ناوین و لەنێو هەلومەرجی کۆمەڵی دەرەبەگایەتییدا ناچاربوون لەژێر پەردەی ئایینی جیاواز وەکو مەزهەب و تەریقەت سەرهەڵبدەن. لەهیچ شوێنێکیدا ئایدیۆلۆژیایەکی نوژەن و زانستی پێشنەکەوتووە. تەنیا لەسەردەمی سەرمایەداریدا چینەکان دەتوانن لەژێر ناوی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان بە گوزارشتێکی زانستیانە بگەن.

لەگەڵ ئەوەی جیابوونەوەی چینایەتی لەشارەکان بەرچاوترە، بچووکبوونەوەی پێکهاتەی خێزان عەشیرەتگەرایی لاواز دەکات. شارەکان خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزتری ژمارەی دانیشتوانن. هەرچی لەناوچە لادێیەکانە، لەسەربنەمای زمان و کولتووری هاوبەشی بەرفراوانتر یەکێتی عەشیرەتەکان پێ بەپێ وشیاری قەوم پێشدەخات.

وەکو گەل لەم قۆناخەدا کوردان دووچاری رووخان و تێکدانێکی قووڵ هاتن. دەزگاکانی شێخایەتی و دەرەبەگێتی و سەرۆك عەشیرەتی وەکو پێویستییەکی کارەکتەرەکەی لەمیانەی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خێزان خاوەن ئاسۆیەکی سنووردارە. کاتێك یاری بەبنەماڵەکانیان کرا، بۆ هەموو جۆرە بەکارهێنانێك کراوە دەبن. لەیاخیبوون و تەسلیمکاری چاوارِواننەکراو دوو دڵ نابن یاخود لێی رزگار نابن. ئەم پەیوەندییانەی بەدەستی ئەم رێبەرایەتییە

ئەنجامدراوە، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەنجامی هاوشێوەی ئەمە بەسەر گەلدا دەسەپێنن، بەمجۆرە بچووککردنەوەی گەلیان کردووە بەرێسایەك. رزگاری و ئازادی و ژیانێکی برایانە و شەرەفمەندانەی هاوبەش لەگەڵ گەلانی دیکە لەڕاستینەی دەزگای ئەم شێوازەی رێبەرایەتی بوونی نییە. لەوێدا یاخیبوون لەپێناو بەرژەوەندییە تەسکەکانی بنەماڵە و تاکەکەس و خۆبەدەستەوەدان و خزمەتی نۆکەرایەتی نووسراوە. هەروەکو بڵێی ئەمە بووە بەتایبەتمەندیەکی بۆماوەییان.



ئیمپراتۆریەتی ناوەندی دەرەبەگایەتی عوسمانی لەڕەوشی مەحافەزەکاری مێژوویی و دواکەوتندایە. شارستانییەتی سەرمایەداری رۆژئاوا کە لەدەرەوەی ئیرادەی ئەو پێشکەوتنە ، ئەمەی کردووە بەراستینەیەکی بابەتی. بەڵام لەمیانەی رێگرتن لەوەی داگیرکەری سەرمایەداری زوو بکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوین، پێشکەوتنی داگیرکاری کلاسیکی ئاستەنگ کردووە کە لەتەواوی گۆشەکانی جیهان پێشکەوت. ئەمە کاریگەریەکی دوولایەنەی هەبووە: لەکاتێکدا لەمیانەی درێژکردنی تەمەنی دەرەبەگایەتی رۆڵێکی نیگەتیفی بینیوە، ئەوا لە کۆسپخستنە پێش داگیرکاری جوگرافی ناوچەکە و ئەو خراپەکاریانەی ئەگەری دەرکەوتنیان هەبوو، رۆڵێکی پۆزەتیفی بینیوە. بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناخە وەکو سەدەیەکی لەدەستدراو سەبارەت بەکولتوور و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین لەجێگای خۆیدایە.

لە قۆناخی ئیمراتۆریەتی عوسمانی ئەم مەیلە زۆر بەئاشکرایی پیادە کراوە. هەڵسەنگاندنی بەجێی سوڵتان سەلیم یاوز کە باڵادەستی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوین لەڕێککەوتن لەگەڵ دەرەبەگی کوردا دەبینێ و بەبنەماگرتنی تەباییەکی نزیك بەئاستی یەکسانی تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم رێگای لەپێش پێڕەوێکی سیاسی سەرکەوتوو کردەوە. لەم قۆناخەدا دەرەبەگایەتی کورد بەشێوەیەکی فەرمی خاوەنی حکومەت و فەرمانڕەوایی بوون کە دەسەڵاتێکی خۆجێییە و لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمایەوە. دەسەڵاتی ناوەندی سوڵتان و دەسەڵاتی خۆجێیی دەرەبەگایەتی بەهاوبەشی بەڕێوەچووە. لەگەڵ ئەمەشدا هەبوونی خێلە کۆچەرەکان بەردەوام بووە. عەلەویگەرایی و ئێزدیەکان درێژەیان بەڕەوشی بەرخودان داوە، قەوارەی کولتووری و زمان درێژەیان بەهەبوونی خۆیان داوە. هیچ جۆرە قەدەخە کاریەك جێگای باس نییە. گرنگتریش بەهۆی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییە بەهێزەکەیان، چەندین تیرە و هۆزی عەرەب و تورك بەشێوەیەکی سروشتی لەنێو ئەم پێکهاتانەدا تواونەتەوە. سەرباری شوێنگە و رۆڵی خراپی باڵادەستی سیاسی چینە سەردەستەکانی عەرەب و تورکەکان و کوردە بەکرێگیراوەکان، ئەم هێزە توێنەرەوەی زمان و کولتووری کورد سەرچاوەی خۆی لەو تایبەتمەندێتیە بەهێزانە دەگرێت کە لەسەردەمی کۆمەڵگەی نیۆلیتیکەوە بەدەستی هێناوە.

**+لە بەرگی دووەمی بەرگرینامەی "لە دەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتی" وەرگیراوە**

# راستینەی نەتەوەگەرایی سەرەتایی



ئازادیی کۆمەڵگە
حەسەن جودی

بەگەیشتنی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بەقۆناخی بۆرژوازی، « هزری نەتەوەیی» وەک دەرئەنجامێکی ئەو پێشکەوتنە سەریهەڵدا. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا چەمکی « دەوڵەتی نەتەوەیی» و « سەروەری نەتەوەیی» و « کەسێتی نەتەوەیی » و « کولتووری نەتەوەیی «... هتد بەرهەمهێنا، هەرچەندە چەمکی « نەتەوە » و چەمکە پەیوەستدارەکانی بەر لەقۆناخی بۆرژوازیش دەرکەوتبێت، بەڵام فۆرمیلەبوون و چوارچێوە وەرگرتنی لەو قۆناخەدا دێتەدی. هەڵبەتە ئەوکاتە هزری فیۆداڵێتی و ئایینی و ئایینزایی (مەزهەبگەرایی) بەسەر هەموو هزر و چالاکییەکی کۆمەڵگەدا باڵادەست و زاڵ بوو، بەڵام گەندەڵبوون و رزیبوونی ستووندەکانیشی تا دەهات پێکهاتە و بنچینەکەی هەڵدەتەکاند و بەسەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٨٧٨ قۆناخێکی نوێ دەستپێکرد. ئیدی هزری نەتەوەیی وەک چەمک و پراکتیک سەقامگیر بوو. لەسەر ئەو بنەمایە، بەبنچینە وەرگرتنی چەمکەکانی» خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەش، ئابووری هاوبەش و مێژوو و کولتووری هاوبەش»ی کۆمەڵگەکان لەقەوارەی نەتەوەییدا فۆرمیلە دەبوون.

بێگومان بەرلەوەی قەوارە و سەروەری و کەسێتی و کولتوورە نەتەوەییەکان بێنەکایەوە، هزری نەتەوەگەرایی وەک ئایدیۆلۆژیایەک خۆی فۆرمیلە کردبوو. بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، (نەتەوەگەرایی)ش وەک ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی دەرکەوت. بەمەش گەلێک بیریار و تیۆریزان رۆڵیان لەداڕشتن و چەکەرەکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا بینی و بەرەو پێشەوەیان برد. لەئاکامدا لەڕووی پراکتیکیشەوە لەچوارچێوەی چەمکە نەتەوەییەکاندا شوێنی گرت و سەقامگیر بوو.

دەبێ ئاماژە بەو راستینەیەش بکەین کە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی هەر لەسەرەتای دەرکەوتن و چەکەرەبوونیدا لەژێر کاریگەری هزرەکانی بەر لەخۆی، رزگار نەبووە، بۆیە لەگەڵ نەشونما و گەشەسەندنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بە چەمک و تێڕوانینەکانی بەرلەخۆیشی کاریگەر بوو. بۆ نموونە: کاریگەری هزری ئایینی و ئایینزانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەسەر قۆناخی دەرکەوتن و چەکەرەبوونی ئەو ئایدیۆلۆژیایە، تەنانەت لەقۆناخی نەشونما و گەشەسەندن و بگرە تارۆژی ئەمڕۆش ئەو کاریگەرییە دەبینرێ. هەڵبەتە هەبوونی کاریگەرییەکی بەمجۆرە لەهەر ئاست و رادەیەکدا بێت، بەو واتایە نایەت کە هزری نەتەوەیی ماخۆی جەوهەر و تایبەتمەندی و چەمکی خۆی نییە و بێ چوارچێوەیە. بەپێچەوانەوە، وەک هەر ئایدیۆلۆژیایەک بێبەری نییە لەجەوهەر و تایبەتمەندی و چەمکی تایبەت و هەروەها چوارچێوەداریشە. بەڵام نکوڵی لەکاریگەرییەکانیش ناکرێت، تەنانەت ئەو کاریگەریانە چ لەڕووی تیۆری و چ لەڕووی پراکتیکییەوە بوویێت، وایکردووە کە دەوڵەمەندی و بەرفراوانییەک بەئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی ببەخشێ. هەروەها لەبری یەک ئاراستە، چەندین ئاراستەی جیاوازیشی پێدا.

لەم رووەوە خاڵێکی دیکەش هەیە پێویست بەئاماژەکردنی دەکات؛ ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی (نەتەوەگەرایی) کەوتۆتە ژێر کاریگەری هزرە

لەدایکبووەکانی دوای خۆیشی. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر لەکاریگەری هزری سۆسیالیزم بەسەر ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت. ئەو کاریگەرییە بەدرێژایی سەدەی بیستەم و لەچوارچێوەی شۆڕشە رزگاریخوازەکانی گەلاندا فۆرمیلە بوو و بەئاوێتەیی ئاراستەی خۆی وەرگرتووە. تەنانەت ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییش کاریگەری خۆی بەسەر هزرە لەدایکبووەکانی دوای خۆیشی کردووە و تاڕادەیەکیش لەگەڵێک شوێندا چوارچێوە و فۆرمێکی بەهزر و ئایدیۆلۆژیاکانی سەدەی بیستەم داوە.

بەپوختی مرۆڤ دەتوانێ بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنە دووخاڵی بنەڕەتی بخاتەڕوو:

١ . ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی، ئەگەرچی ماخۆی جەوهەر و سیمای تایبەتی خۆیشی بێت، وەلێ لەژێر کاریگەرییەکان .لەئاست و رادەی جیاوازدا . دەرکەوتووە و گەشەیسەندووە، هەروەها بەگوێرەی رەوش و توانستەکان کاریگەری بەسەر گشت هزر و ئایدیۆلۆژیایەکی دوای خۆیشی کردووە. لەئاکامدا ئاوێتەبوون و تێکچڕژانێک لەنێوان ئایدیۆلۆژیای بەر لەخۆی و دوای خۆی بەدیهاتووە.

٢ . چەندە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی کەوتبێتە ژێر کاریگەری هزر و ئایدیۆلۆژیا دواکەوتوو و پاشقەڕۆکان ئەوەندەش مۆرکی دواکەوتوویی پێوەلکێندراوە و رێبزرکراوە، هەروەها ئەوەندەش رۆڵی پۆزەتیفانەی کەمتر بووە و کەلێن کەوتۆتە نێوان خۆی و جەوهەرەکەیەوە. چەندەش کەوتبێتە ژێر کاریگەری هزر و ئایدۆلۆژیا پێشکەوتوو و زانستییەکان، ئەوەندەش مۆرکی پێشکەوتوویی وەرگرتووە و پۆزەتیفانە رۆڵگێڕبووە و جەوهەری خۆی پێپاراستووە و تۆکمەی کردووە. لەدەرئەنجامدا چ کاریگەری پۆزەتیفانە بێت یاخود نێگەتیفانە، ئاوێتە بوون و تێکچڕژانێکی دیالیکتیکی لەنێوان هزر و ئایدیۆلۆژیاکان و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی بەدیهاتووە.

**چەمکی "نەتەوەی سەردەست" و "نەتەوەی ژێردەست" وەک قۆناخێک لە پەیوەندی نێوان نەتەوەکان دەستپێکرد**

ئیدی بەو ئاوێتەبوون و تێکچڕژانە هزری و ئایدیۆلۆژییە، ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی لەسەدەی بیستەمدا گەیشتە ئاستی پێگەیشتن و کامڵبوونی خۆی. لەو میانەشدا تێکۆشان و شۆڕشە رزگاریخوازە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان پەرەیان پێدرا و زۆربەیان ئەنجامگیر بوون. قەوارە سیاسییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و نیشتمانی دامەزران و لەو چوارچێوەیەدا لەهەندێک جوگرافیادا پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری رێچکەی پێشکەوتنی خۆی وەرگرت.

بەڵام لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا ئەو ئایدیۆلۆژیایە، جەوهەرێکی بۆرژوازیانەی هەیە، بۆیە کاتێک لە بواری کرداریدا بە قەوارەی سیاسیانە جێگیر بوو، چینی بۆرژوازی باڵادەستی خۆی بەسەر ئەو قەوارانەدا سەپاند. بەردەوامبوونی پێشکەوتن و پەرەسەندنەکان لەژێر باڵادەستی ئەو چینەدا، شاڵاوی داگیرکاری دەستپێکرا و فراوان بوو. بەمەش چەمکی «نەتەوەی سەردەست» و «نەتەوەی ژێردەست» وەک قۆناخێک لە پەیوەندی نێوان نەتەوەکان دەستپێکرد. هەڵبەتە ئەمەش تێکۆشان و شۆڕشی رزگاری نەتەوەیی لێکەوتەوە. هەر پەیوەست بەم خاڵەوە دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە: ئەو شاڵاوە داگیرکارییە سەرەتا لەخۆرئاوای پەرەسەندووی سەرمایەداریدا دەستپێکرد و بۆ خۆرهەڵاتی ناوین و ئەفریقیا و ئاسیای ناوین شۆڕبۆوە. ئیدی شاڵاوی داگیرکاری و بندەستکردنی گەل و نەتەوەکان مۆری خۆی لەسێ سەدەی رابردوو دا. تا لەسەدەی بیستەمدا باڵادەستی ئەو چینە و شاڵاوە داگیرکارییەکەی گەیشتە ئاستی هەرە بڵندی خۆی، کە شۆڤێنیزم و فاشیزم بوو. ئیدی لەلایەک داگیرکاری فاشیزم و شۆڤێنیزم لەو ئایدیۆلۆژیایەوە سەریهەڵدا، لەلایەکی دیکەشەوە بووە ئایدیۆلۆژیای رزگاری گەلان.

بەڵام لەخۆرهەڵاتی ناویندا، بەتایبەتی کاتێک گەلانی ژێردەست بەتێکۆشانی رزگاریخوازانەی خۆیان رزگاریان بووە، چینی باڵادەستی ئەو گەلانە لەگەڵ باڵادەستبوونیان داگیرکاری و

فاشیزم و شۆڤێنیزم و گەلێک شێوازی دیکەی سیستەمی داپڵۆسێنەریان پیادە کردووە. هەڵبەتە ئەو چینی باڵادەستە لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکە لە توێژاڵی فیۆداڵ، خانەدان و کۆمپرادۆر و بۆرژوای بازرگان، لەلایەکی دیکەشەوە، بۆئەوەی بەردەوامی بەدەسەڵات بدەن خۆیان وابەستەی هێز و سیستەمە دەرەکییەکان کردووە. بەتایبەتی لە سەردەمی دوو جەمسەری جیهاندا ئەو وابەستەییە گەیشتە ترۆپکی خۆی. ئەمەش لە ئاکامدا رەوشێکی پڕ لەنائارامی و ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانی هێنایە ئاراوە . هەڵبەتە لەرەوشێکی بەمجۆرەشدا ئەو گەلانە بەشێوەیەکی سروشتی پێشنەکەوتن و، زەمینە و دەرفەتی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەش نەڕەخسا. لەوەش مەترسیدارتر دەروازەی خۆرهەڵاتی ناوینی لەبەردەم دەستێوەردانی دەرەکی کردەوە و بێچارەیی و بێئیرادەیی گەلانی سەپاند.

هەڵوێستی ئەو سیستەمانە بەرامبەر ئەو گەلانەی لە ژێردەستیاندا بوون لەسەر بنەمای بێئیرادەکردن و کۆیلەکردن و چەوسانەوە بووە. بۆیە گەلانی ژێردەست بەسەرهەڵدان و یاخیبوون تێکۆشانی خۆیان لەبەرامبەر ئەو سیستەمانە دەستپێکردووە و پەرەیانپێداوە.

لێرەدا پرسێک خۆی دەوروژێنێ: بۆچی ئایدیۆلۆژیا پێشکەوتووەکان و ئەو سیستەم و دەسەڵاتانەی لەسەر بنەماکانیان بونیادنراون، دەبن بە ئایدیۆلۆژیا و سیستەم و دەسەڵاتی پاشڤەڕۆ؟ لەوانەیە گەلێک هۆکاری بابەتی و خودی هەبن، هەروەها هۆکارەکان لە خۆرئاوا بۆ خۆرهەڵات جیاواز بن، بەڵام لەهەموو بارەکاندا هۆکاری سەرەکی بەپاشڤەڕۆبوونیان جەوهەری نادیموکراسیانەیانە. هەڵبەتە لەخۆرهەڵاتی ناویندا لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی سروشتی پێشنەکەوتوون و هەڵنەکشاون، بۆیە ئەو بۆرژوازییەتەی چەکەرەی کردووە بۆرژوازییەتێکی بازرگان و وابەستە و نانیشتمانییە.

> **ئەو نەتەوایەتییەش سیستەم و دەسەڵاتێکی پاشڤەڕۆ و زاڵمی بەسەر واقیعی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناویندا سەپاند**

بۆرژوازییەتێکی بەمجۆرەش بێبەریە لەهەموو جەوهەرێکی دیموکراسیانە. هەروەها لەبەر زاڵبوونی کاریگەری سەدەکانی ناوین و باڵادەستی ئەقڵییەتی نەژادپەرستی و ئایینی و ئایینزایی تەسک، ئەو نەتەوایەتییەی کە لەژێر کاریگەری پێشکەوتنەکانی سەرمایەداری لەخۆرئاواوە هاتە خۆرهەڵاتی ناوین، تێکەڵاوی ئەو کاریگەری و ئەقڵییەتە بوو. ئەمەش لە ئاکامدا:

١ . نەتەوایەتییەکی پاشڤەڕۆی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

٢ . ئەو نەتەوایەتییەش سیستەم و دەسەڵاتێکی پاشڤەڕۆ و زاڵمی بەسەر واقیعی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناویندا سەپاند.

٣ . لەلایەکی دیکەشەوە وابەستەیی بووە بنەما و لۆژیکی پەیوەندییەکان بەدەرەوە. بێگومان سیستەمێکی بەمجۆرەش ناتوانێ لەدەرەوەی بازنەی ئەو سیستەمە دەرەکییە هەڵسوکەوت بکات کە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەسەر ناوچەکەدا سەپێنراوە.

٤ . بۆیە ئەوەی ئەو سیستەمە پاشڤەڕۆیانە چەسپاندوویانە: نائارامی . شەڕ و پێکدادان . بێچارەیی . دواکەوتوویی و وابەستەییە.

ئەگەرچی ئەو سیستەمانەی کە ئەمڕۆ بەسەر گەلانی خۆرهەڵاتی ناویندا سەپێنراون، لە فۆرم و شێوازی دەسەڵاتی خۆیاندا جیاوازییەکیشیان لەنێوانیاندا هەبێ، بەڵام لەجەوهەر و کرۆکیاندا نوێنەرایەتی بێچارەیی و دواکەوتوویی و وابەستەیی دەکەن. ئەمەش ئەو سیستەمانەی گەیاندۆتە ئیفلاسبوونێکی مسۆگەر. چونکە لەلایەک لەگەڵ راستینەی ئەمڕۆ و مێژوویی خۆرهەڵاتی ناوین ناکۆکن، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئاستی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی جیهان یەکانگیر نابنەوە. ئەم راستییە کەم تا زۆر بەسەرگشت سیستەمە داسەپێنراوەکانی ناوچەکەدا دەچەسپێ. هەروەها ئەو راستییە دوو ئاماژەی تریش دەبەخشێ:

١. واقیعی ئەمڕۆی ناوچەکە و ئەو ئاستەی پێیگەشتووە. ئیدی بەبنەڕەت وەرگرتنی چەمکی دەوڵەت - نەتەوەیی لەبەڕێوەبردنی سیستەمەکان یاخود وەک شێوازی چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان، پەسندناکات.

٢. هەروەها ئەمڕۆ خۆرهەڵاتی ناوین زەمینە و توانستێکی لەبار و گونجاوی دیموکراتیزەبوونی بۆ رەخساوە، تەنانەت ئەمە وەک پێداویستییەک و ناچارییەک خۆی دەسەپێنێ. پەیوەست بەم خاڵەوە، ئیدی ناکرێ و ناتوانرێ گەلانی ناوچەکە لەنێو سنوورە نەتەوەییەکاندا سنووربەند بکرێن. بۆیە پێویست بە تێپەڕاندنی چەمکی دەوڵەت – نەتەوە هەیە و گەیشتن بە چەمکی نەتەوەی دیموکرات و بەبنەماگرتنی یەکێتییەکی ئازادانەی نێوان گەلان بۆتە داخوازییەکی دەست لێبەرنەدراو. چونکە سنووربەندییەکانی نێوان گەلان، هەروەها ئەو ستەمکارییەی لە گەلانی ناوچەکە دەکرێت، بەردەوامی بە نائارامی و شەڕ و پێکدادانەکان دەدەن، ئەمەش لەئاکامدا لەلایەک گشت توانستە ماددی و مەعنەوییەکان بەهەدەردەچن و دەروازە بۆ بەتاڵانبردنی خێروبێری ناوچەکە و دەستێوەردانی دەرەوە دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دینامیکییەتی پێشکەوتن و گۆڕانکاری دەوەستێنێت.

ئەگەر ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی لەخۆرهەڵاتی ناویندا بەجەوهەرێکی پاشڤەڕۆیانە دەرکەوتبێتەڕوو و پراکتیزە بووبێت، داخوا لە کۆمەڵگەیەکی ژێردەستە و دابەشکراو و تادواڕادە دواکەوتووی وەکو کۆمەڵگەی کوردستان چۆن خۆی خستۆتەڕوو؟ هەرچەندە شوێنگەی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەوێتە نێوجەرگەی خۆرهەڵاتی ناوین، وەڵێ لەبەرئەوەی راستینەی کوردستان و کۆمەڵگەکەی جگە لەوەی تایبەتمەندییەکانی خۆرهەڵاتی ناوینی وەرگرتووە، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو رەوشە تایبەتییەی تێیدا ژیاوە، ماخۆی گەلێک تایبەتمەندی خۆیشیەتی،

> **ئەگەر بێتو خۆرهەڵاتی ناوین سەنتەرێکی ستراتیژی بووبێ بۆ جیهان، ئەوا کوردستان لەڕووی ژیۆپۆلەتیک و ستراتیژییەتی جێگا و دەوڵەمەندێتی خاکەکەی وەک سەنتەرێکی ستراتیژی ناوچەکە بووە**

ئەمەش راستینەیەکی جیاوازی لە کوردستاندا هێناوەتە ئاراوە. بۆیە ئەو نەتەوەگەرایییەی کە لە کوردستاندا لەئارادا بووە و ئێستاش هەیە. بەهەردوو لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیفەکەیەوە . جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ نەتەوەگەراییە باوەکەی خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە.

بەرلەوەی تاوتوێی هەردوو جەوهەرە نێگەتیف و پۆزەتیڤەکەی نەتەوەگەرایی لەکوردستاندا بکەین، پێویست دەکات تاڕادەیەک راستینەی کوردستان و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان بکرێن.

ئەگەر بێتو خۆرهەڵاتی ناوین سەنتەرێکی ستراتیژی بووبێ بۆ جیهان، ئەوا کوردستان لەڕووی ژیۆپۆلەتیک و ستراتیژییەتی جێگا و دەوڵەمەندێتی خاکەکەی وەک سەنتەرێکی ستراتیژی ناوچەکە بووە. ئەمەش لەلایەک وایکردووە راستینەی خۆرهەڵاتی ناوین بەخەسترین شێوە لەخۆیدا بەرجەستە بکات، لەلایەکی دیکەشەوە گەلێک راستینەی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە. بۆیە هەمیشە و لەیەککاتدا هەم نوێنەرایەتی خۆی و خۆرهەڵاتی ناوینیشی کردووە.

هەربۆیە کوردستان هەمیشە لەژێر شاڵاو و هێرشی هێزە هەرێمی و جیهانییەکاندا بووە. چونکە باڵادەستبوون بەسەر کوردستاندا بەواتای باڵادەستبوونە بەسەر خۆهەڵاتی ناویندا، باڵادەستبوونیش بەسەر خۆرهەڵاتی ناویندا باڵادەستبوون یاخود بەلایەنی کەمەوە کاریگەربوونە بەسەر جیهاندا. هەڵبەتە راستینەی ئەو هاوکێشەیەش لەڕووی پراکتیکییەوە هەمیشە شاڵاو و هێرشی داگیرکارانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. باڵادەستبوونیش ژێردەستی، کۆیلایەتی، نکوڵی و قڕکردن و دواکەوتوویی سەپاندووە. لەئەنجامدا

کەسێتی و کۆمەڵگەیەکی بێئیرادە، قەدەرگەرا، لەهێز داماڵراو، لەڕاستینەی نەتەوەیی خۆی دوور، لەڕۆح و هزر و هیوادا پارچەکراو و شکست خواردوو، وابەستەیی و خیانەتی پێشخستووە. ئەمانەش بوونەتە سیما و تایبەتمەندی ئەو کەسێتی و کۆمەڵگەیە. بۆیە دەکرێ مێژووی کوردستان لەدوای رووخانی کۆنفیدراسیۆنی میدیاوە بەمێژووی « یاخیبوون. شکست « ناوزەدبکەین.

داخوا لەنێو پانتایی ئەو مێژووە جەنجاڵەدا نەتەوەگەرایی چۆن فۆرمیلەی وەرگرتووە؟ ئەگەر گەلێک هەمیشە لەیاخیبوونەکانیدا شکستی هێنابێ، لەنێوخۆیدا تا دواڕادە پارچەبووبێت، وابەستەیی و خیانەت تاسەر ئێسقانی چووبێت، ئیرادەشکاو و لەهێز داماڵراو، لەبەرامبەر گشت شاڵاو و هێرشەکاندا حاڵەتی « خۆپاراستن «ی کردبێتە ستراتیژ، قەدەرگەرایی و بێچارەیی بەناخی هزر و رۆح و هیواکانیدا رۆچووبێت، پرۆسەی لەمێژوو سڕینەوەی ئەو گەلە بەخێرایی بەڕێوەچووبێت و لەگیانەڵلا دابێت!! بێگومان نەتەوەگەراییەک کە لەنێو ئەو راستییە تاڵانەدا و لەژێر کاریگەری نەتەوەگەراییەتێکی پاشفەڕۆی ناوچەکەدا سەریهەڵدابێ، نەتەوەگەراییەکی پێشکەوتوو و بەبەرهەم نابێ و ناتوانێت نوێنەرایەتی ئیرادە و هیوای گەلێکی ژێردەستە و دابەشکراو بکات، هەروەها نابێتە هێزی چارەسازی و داینەمۆی پێشکەوتن و لەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییەکانی سەردەم ناکۆک دەبێت. هەروەها لەبازنەی نەتەوەگەراییەکی تادواڕادە کۆنەپەرستدا دەخولێتەوە و خاوەن جەوهەر و رۆڵێکی نێگەتیفانە دەبێت.

ئەو نەتەوەگەراییەی لە کوردستاندا سەریهەڵداوە خاوەن جەوهەر و شێوە و رۆڵێکی بەمجۆرە بووە بە «نەتەوەگەرای سەرەتایی – میللیگەرای سەرەتایی» پێناسە دەکرێت. ئەو دەستەواژە (زاراوە) یە بۆ جاری یەکەم لەلایەن رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان پێناسە کراوە و ماهییەت و شێواز و رۆڵە نێگەتیفانەکەی دەستنیشان کردووە. بۆ تێگەیشتن لە « نەتەوەگەرای سەرەتایی – القومیة البدائیة» پێویست بەپێناسەیەکی گشتگیر و دیاریکراو دەکات و دەبێت لەگۆشەنیگای ئایدیۆلۆژی، سیاسی، سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی و ئابوورییەوە لێی بڕوانرێت و ماهییەتە نەتەوایەتی و چینایەتییەکەی دەستنیشان بکرێت، بنەمای مێژووییەکەی بخرێتەڕوو و هۆکار و زەمینە بابەتی و خودییەکانی روونبکرێتەوە، لەئاکامدا ئاماژە بە ئاسەوار و کاریگەرییەکانی لەسەر کەسێتی و کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکرێت. هەڵبەتە هەر یەکێک لەو تەوەرانە پێویستیان بەلێتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەرفراوانی زانستییانە هەیە، ئەگەرچی ئەمە ئەرکێکی سەرەکی و بنەڕەتی سەرشانی رووناکبیرانی کوردە، بەڵام بەداخەوە تائێستا رووناکبیران خۆیان لەقەرەی ئەو تەوەرانە نەداوە، ئەمەش گەلێک هۆکاری خۆی هەیە و لەم باسەدا جێگای نابێتەوە!! لەبەر ئەوەشە تائێستا لەلایەن گەلەکەمانەوە ماهییەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی بەقووڵی و بەرفراوانی نەناسراوە. بۆیە لەم باسەدا هەوڵ دەدەم کەمێک لەسەر ئەو تەوەرانە بدوێم:

> **بۆ تێگەیشتن لە "نەتەوەگەرای سەرەتایی " القومیة البدائیة" پێویست بەپێناسەیەکی گشتگیر و دیاریکراو دەکات و دەبێت لەگۆشەنیگای ئایدیۆلۆژی، سیاسی، سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی و ئابوورییەوە لێی بڕوانرێت**

١ . نەتەوەگەرای سەرەتایی لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە: ئەقڵییەتێکی چەقبەستوو و پاشفەڕۆی کوردەوارییە و بنەما هزرییەکانی لە فەلسەفەی «قەدەرگەرایی»وە سەرچاوە دەگرێت. ئەو ئەقڵییەتە پێشناکەوێت و هیچ پێشکەوتنێکیش پەسند ناکات. لەگۆمە ئاوێکی وەستاو دەچێت کە تادێت بۆگەنییەکەی زیاتر دەبێت. هەروەها پشت بەرەنج و کار نابەستێت و مشەخۆر و تاڵانکارە، هەربۆیە هیچ پەیوەستبوونێکی بەخاک و وڵات و بەهاکانەوە نییە. هێز

لەدەرەوە وەردەگرێت و چارەنووسی خۆی پێوەدەلکێنێت. بۆیە هەمیشە شکست بەقەدەری خۆی دەزانێت و بەشێوەیەکی رەها باوەڕی بەدووبارە بوونەوەی مێژوو هەیە. ئیدی مێژوو و ئەمرۆ و داهاتوو وەک زەمەنێکی وەستاو و نەجولاو دەبینێت. تاکە ناکۆکی کە لەنێویدا هەبێت ناکۆکی نێوان هزر و پراکتیکە. لەسەر ئەو بنەمایانەش هەوڵی فۆرمیلەکردنی کەسێتی و کۆمەڵگە دەدات. هەروەها ئیرادەی دەرەوەی خۆی بەئیرادەی پیرۆز دەزانێت، بۆیە هەمیشە ملکەچیەتی. تەنانەت هیچ بنەما و پێوانەیەکی ئازادی و دیموکراسی بەبنەڕەت وەرناگرێت.

٢ . نەتەوەگەرای سەرەتایی لەڕووی سیاسییەوە: بزووتنەوەیەکی ناوچەگەری و یاخیبوو و پاشڤەڕۆ و وابەستەیە و بەرژەوەندی نەتەوەیەک لەبەرژەوەندی عەشیرەتێکدا . یاخود توێژێکی بچووکدا . دەبینێت، پەیڕەوکاری ئەو لۆژیکەیە کە دەڵێت:»بۆ ئەوەی بژیم دەبێت تۆ نەبیت» هەربۆیە شەڕی براکوژی بەڕەوا و راست دەبینێت. ناوچەگەرێتی و پارچەگەرێتی و عەشیرەتگەرایی ئایینی و مەزهەبگەرایی بەرتەسک ئەو پێوانە و پەنجەرەیەن کە لێیەوە لەگشت رووداو و مەسەلەکان دەڕوانێت و داهاتووی پێ دەپێوێت. داهێنەری ئەو سیاسەتەیە کە دەڵێت:» کە من ناتوانم شۆڕش بکەم، ناهێڵم کەسیش بیکات» لەسەر ئەو بنەمایە هەمیشە لەهەوڵی تەسفیەکردن و لەناوبردنی گشت هێزێکی شۆڕشگێڕ و نیشانپەروەردا بووە. ئەو بزووتنەوەیە بۆ یەکەمجار لە باشووری کوردستانەوە سەریهەڵدا و فۆرمیلەی بە بزووتنەوە و پارتە کوردییەکان داوە و لەبازنەی هەمان ئەقڵییەتدا خولاونەتەوە و دەخولێنەوە، وەڵێ بەشێواز و فۆرم و کراسی جیاوازەوە. لەسەر ئەو بنەمایە، هەرکەسێک و لایەنێکی سیاسی ئەگەر لەتێکۆشانی نەتەوایەتیدا ناوچەگەرێتی و پارچەگەرێتی و عەشیرەتگەری و ئایینگەرایی و مەزهەبگەرایی کردە بنەمای سیاسەتی خۆی، ئەوا نوێنەرایەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی دەکەن. ئەو کەس و لایەنانە چ دەمامکی چەپڕەوی یاخود میانڕەوییان لەڕووبێت، چ کراسی نەتەوەیی یاخود ئایینی و مەزهەبگەرییان پۆشی بێت، لە گەوهەردا یەکن.

سیاسەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی هەمیشە لەسەر ناکۆکی و شەڕ و پێکدادان دەژی و هیچ کاتێک نابێتە هێزی چارەسەری، لەکاتی دەسەڵاتداریدا بەشێوازی داپڵۆسین و تۆقاندن و تیرۆر و دەمکوتکردن خۆی بەسەر گەلدا دەسەپێنێت و گشت پێوانە دیموکراسی و ئازادییەکان و پێودانگە مرۆڤایەتی و ئەخلاقییەکان دەخاتە ژێر پێی خۆیەوە. نەتەوەگەرا سەرەتاییەکان . بە کەس و لایەنەکانەوە . وابەستەیی و بەکرێگیراوی و خیانەت بە ستراتیژی بنەڕەتی خۆیان دەزانن و بێ پەروا جێبەجێی دەکەن و بەڕاست و رەوای دەبینن. لەسەر ئەو بنەمایە، فەرمان و چاوسوورکردنەوە و گوێڕاکێشانی هێزە دەرەکییەکان زۆر لە ئیرادە و داخوازی گەل پیرۆزتر و بەهادارتر دەبینن و بەدیپلۆماسییەتی دەزانن. ئیدی: دەستپانکردنەوە بە «هاوکاری» و پەیمانبەستن و رێککەوتنەکان لەسەر دەستی هێزە دەرەکییەکان و دوژمنانی گەل بە «کوردایەتی» لەقەڵەم دەدەن.

لەمیانەی خستنەڕووی چەند خاڵێکدا بەدیاردەکەوێت کە ئەم ئەقڵییەتە چ مەرگەساتێکی بەسەر گەلی کوردستاندا هێناوە:

١ . ئەو ئەقڵییەتە کێشەی گەلی کوردی بنبەست کردووە و لەچارەسەری دوورخستۆتەوە شان بەشانی ئەمەش تا بۆیان کرابێت نەیانهێشتووە هیچ هێزێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری ئەلتەرناتیفیش دەربکەوێ و کێشەکە بەرەو راستەڕێی چارەسەری ببات.

٢ . ئەو ئەقڵییەتە هەمیشە لەسەر شەڕ و پێکدادان و ناکۆکی و ئاژاوە و ناجێگیریدا ژیاوە و باڵادەستی خۆی سەپاندووە. لەلایەکەوە هەمیشە دژی هێزە شۆڕشگێڕەکان لەنێو پیلانگێڕی و ناکۆکیدا بووە، لەلایەکی دیکەشەوە خاوەندارانی ئەو ئەقڵییەتە . کەس و لایەنەکان . لەنێوخۆشیاندا کۆک و تەبا نەبوونە و شەڕی دەسەڵات و کورسی و پاوانخوازی بووەتە شێوازی پەیوەندی لەنێوانیاندا. بۆیە لەبری کولتووری تەبایی و ئاشتی نەتەوەیی، کولتووری شەڕی براکوژی و ئاژاوە و ناجێگیریان خوڵقاندووە و پەرەپێداوە.

٣ . پارچەگەرێتی، ناوچەگەرێتی و عەشیرەتگەری و.... هتد بونیادی ئەقڵییەتی سیاسی نەتەوەگەرا سەرەتاییەکان پێکدێنن و چەمکی یەکێتی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی لەو چەمکانەدا دەخنکێنرێت. بۆیە لەبری کولتووری یەکێتی نەتەوەیی و رۆحی نەتەوەیی، کولتووری پارچەگەرێتی و ناوچەگەرێتی و عەشیرەتگەرێتیان

خوڵقاندووە و پەرەیانپێداوە. بۆیە بە پراکتیک دژی هەر پرۆژە و هەوڵدانێکی نەتەوەیی یاخود هەر دەزگایەکی نەتەوەیین.

٤ . هێز و لایەنە نەتەوەگەرا سەرەتاییەکان هەمیشە لەپێناو مانەوە و باڵادەستی خۆیان لەگەڵ هێزە هەرێمی و جیهانییە پاشڤەڕۆکان لەنێو هاوکاری و رێککەوتندا بوونە، تەنانەت لەزۆر حاڵەتدا وەک «سوارەی حەمیدییان» و جاش و تۆڕی سیخوڕی ملکەچ و دەست لەسەر سینگ لەڕاژەی هێزە هەرێمی و جیهانییە پاشڤەڕۆکاندا هەڵسوکەوتیان کردووە. بۆیە وابەستەیی و بەکرێگیراوی و خیانەت بووەتە ستراتیژ و سیاسەتی بنەڕەتی ئەو هێز و لایەنانە.

٥ . ئەو هێز و لایەنانە دینامیکییەتی پێشکەوتن و گۆڕانکاری کۆمەڵگەیان تێکشکاندوە و ئیرادەی گەلیان پووچەڵکردووە و هیوا و ئامانج و داخوازییەکانی گەلیان کردۆتە سەراب.

٦ . ئەگەر ئەو ئەقڵییەتە کەمێک دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست زۆر لەدەسەڵاتدارە فاشیست و دیکتاتۆریەتییەکان داپڵۆسێنەرتر و زۆردارتردەبن.

٧ . نەتەوەگەرای سەرەتایی گەلێک لق و پۆپی لێبۆتەوە. هەروەها تەنیا لەباشووری کوردستاندا قەتیس نەماوە، بەڵکو وەک پەتایەک گشت کوردستانی گرتۆتەوە. گشت هێز و لایەنەکانی نەتەوەگەرای سەرەتایی خاوەن هەمان ئەقڵییەت و پراکتیکن، بەڵام بە فۆرمیلە و شێوازی جیاوازەوە.

٣ . نەتەوەگەرای سەرەتایی لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە: نوێنەرایەتی گشت پێوانە و پێودانگە عەشیرەتگەرییەکان دەکات و خاوەنداری لە لەدابونەریتە جێماوەکان و شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پاشڤەڕۆکان دەکات. ئەو ئەقڵییەتە پارێزوان و پێکهێنەری پێوانە و پێودانگە فیوداڵییەکانە، لەوەش مەترسیدارتر پێوانە و پێودانگی دواکەوتووترین چەمکی عەشیرەتگەرایی بەسەر نەتەوەیەکدا دەسەپێنێ و دەیکات بەموڵکی نەتەوە. بۆیە ئەقڵییەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی بەپێی چەمکە سۆسیۆلۆژییەکان دواکەوتووترین ئەقڵییەتە، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا دواکەوتووترین کەسێتی و کۆمەڵگە بونیاد دەنێت. لەبەرئەوەی لەو ئەقڵییەتەدا تادواڕادە فیوداڵێتی باڵادەستە، بۆیە کەسێتی عەشیرەتگەری و ناوچەگەرێتی و پارچەگەرێتی هێناوەتە ئاراوە. هەر بەو کەسێتییەش کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی خۆی دروستکردووە. ئیدی کە کەسێتی و کۆمەڵگەیەکی بەمجۆرە بەهزری نەتەوەگەرایی کاریگەر دەبێ، یاخود کە دەبینێ ئەو هزرە لەنەشونماکردن دایە، ئەو هزرە (هزری نەتەوایەتی) لەچوارچێوەی ئەو ئەقڵییەتە لەقاڵب دەدات و فۆرمیلەی دەکات. واتە نەتەوەگەراییەک کە لەبازنەی عەشیرەتگەری و ناوچەگەرێتی و پارچەگەرێتیدا دەخولێتەوە، پیادە دەکات.

لەسەر ئەو بنەمایە نەتەوەگەرایەتی ئەو ئەقڵییەتە نەتەوەگەراییەکی عەشیرەتگەری و ناوچەگەرێتی و پارچەگەرێتییە. ئیدی هەڵگری ئەو نەتەوەگەراییە، چینی فیوداڵ.کۆمپرادۆر بێت یاخود بۆرژوا و وردەبۆرژوای ریفۆرمیست بێ، جیاوازییەکی زێدە لەنێوانیاندا نابینرێ. هەڵبەتە ئەو نەتەوەگەرایەتییە هەمیشە لەدژی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیە و هەرگیز ناتوانێ نوێنەرایەتی بکات. بۆیە رێبەر و سەرکردەکانی ئەو جۆرە پارت و رێکخراوانە، نەک وەک رێبەر و سەرکردەی پارت و رێکخراوێکی سیاسی، بەڵکو لە سەرۆک عەشیرەت یاخود سەرۆک خێڵیش دەچن و وەکو سەرۆک عەشیرەت و خێڵ هەڵسوکەوت دەکەن. هەروەها پێکهاتەی رێکخستنی ئەو پارت و رێکخراوانە پێکهاتەیەکی عەشیرەتگەری یان ناوچەگەری یاخود پارچەگەری تێپەڕ ناکات. ئەمەش لەڕووی سۆسیۆلۆژیەوە بەرتەسکترین و دواکەوتووترین پێکهاتەی سیاسییە لەنێو کۆمەڵگەیەکدا.

ئەگەر لەگۆشە نیگایەکی دیکەی سۆسیۆلۆژییەوە لەو ئەقڵییەتە بڕوانین ئەوا دەبینین کە تاک بەعەشیرەت و خێڵەوە هەبوونی هەیە و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش گوزارشت لەخۆی دەکات. نەک بەهەبوونێکی نەتەوەیی یاخود بڵێین بە کەسێتییەکی نەتەوەیی. بۆیە بەئەقڵییەتێکی بەمجۆرە، کەسێتی و کولتووری نەتەوەیی و یەکێتی و رۆحی نەتەوەی ناخوڵقێت. چونکە ئەقڵییەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی تادواڕادە گەل پارچە و پەرتەوازە دەکات.

واتە ئەو واقیعەی هێزە دەرەکییەکان و هێزە باڵادەستەکانی سەر کوردستان بەسەر کوردستاندا سەپاندوویانە، ئەقڵییەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی دەیپارێزێت و قووڵتری دەکاتەوە. ئیدی نەتەوەیەک بۆ چوارپارچە و هەر

پارچەیەکیش بۆ چەندین ناوچە و هەر ناوچەیەکیش بۆ چەندین عەشیرەت و خێڵ، پارچە دەکات.

ئەگەر زیاتر بەپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا قووڵ ببینەوە و هەڵوەستە لەسەر فۆرمیلەبوونی خێزان بکەین، ئەوا لەسایەی ئەو ئەقڵییەتەدا مرۆڤ لەنێو خێزاندا لەدژوارترین رەوشدا دەژیت. چونکە بەپێی ئەو ئەقڵییەتە «خێزان» دەبێتە «نەتەوە» و ماڵیش «وڵات». واتە هەموو شتێک لەخێزاندا بەرجەستە دەبێت؛ شەرەف، کەرامەت، خۆشەویستی و... هتد. لەبەر ئەوەی ئەو ئەقڵییەتە ئەقڵییەتێکی باوکسالارییە، بۆیە چەمکی «پیاوێتی» باڵادەستە و نیشانەی هێز و ئاقڵمەندێتییە و خاوەنی هەموو شتێکی خێزانە بە ژن و منداڵ و سامانیشەوە. کەچی ئەو پیاوێتییە لەبەرامبەر دەسەڵاتی دەرەوەی خێزاندا (دەسەڵاتی دەوڵەت، دەسەڵاتی خێڵ و عەشیرەت، دەسەڵاتی حیزب و... هتد) کۆیلەیە و بێ دەسەڵاتە و مەحکومی نکوڵی و بێچارەییە، لەهەمانکاتدا بەسەر ژنیشەوە ئاغا و سوڵتانە و خاوەنیەتی. لەو حاڵەتەدا رەوشی ژن لەنێو خێزاندا رەوشێکی تراژیدیانەیە، چونکە ئەو گوشار و سەرکوتکردنەی «دەسەڵاتی دەرەوە» بەسەر پیاودا دەیسەپێنێت، ئەوا پیاویش لەنێو خێزان بەسەر ژندا بەزیادەوە دەیسەپێنێت. ئیدی ژن لەلایەکەوە موڵک و شەرف وناموسە لەلایەکی دیکەشەوە هەموو جۆرە گوشارێکیشی لەسەرە و سەرکوت دەکرێت. ئەگەر ئەو رەوشە لەپێکهاتەی فیۆداڵێتییەوە سەرچاوە دەگرێت، وەلێ کاتێک کە ئەقڵییەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی دەسەڵاتدار دەبێت گەلێک پێوانە و بنەماکانی فیۆداڵیش تێدەپەڕێنێت. ئیدی ئەو شەرەف و ناموسەی لەڕوانگەی فیۆداڵێتییەوە پیرۆزترین بەهایە و بە ژن لکێنراوە و تەنیا ژن گوزارشتی لێدەکات، کەچی ئەو ئەقڵییەتە دەتوانێت بیکڕێت و بیفرۆشێت.

بەکورتی ئەقڵییەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی خێزانێکی تا بڵێی تەنگ و تراژیدی دەخوڵقێنێت و لەزۆر حاڵەتیشدا پێودانگە فیۆداڵییەکان تێدەپەڕێنێت. لەناو ئەو خێزانەشدا کەسێتییەکی پووچەڵ و پاشڤەڕۆ و کڵۆڵ و بێچارە دەخوڵقێ و ملکەچی هەموو دەسەڵاتێکی دەرەکییە. لەچوارچێوەی خێزانیشدا «پیاوێتی» هەموو شتێکە و «ژنێتی»ش هیچ نییە و سووکترین بەهایە.

٤ . نەتەوەگەرای سەرەتایی لەڕووی سایکۆلۆژییەوە: کەسێتیەکی بەمجۆرە لە سۆز و خۆشەویستی راستەقینە داماڵراوە و سارد و خەمۆکییە. هەروەها ئەو ئەقڵییەتە لەپیاودا کەسێتییەکی تادواڕادە «ساددی» و لەژنیشدا کەسێتییەکی تا دواڕادە «ماسۆشی» دەخوڵقێنێت. ئیدی مرۆڤ دەتوانێت بڵێ ئەو جۆرە خێزانە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بریتییە لەپەیمان و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییانەی نێوان کەسێتی ساددی و کەسێتی ماسۆشی. هەروەها ئەو پیاوەی ماخۆی ئەو ئەقڵییەتە بێت هەمیشە لەبەرامبەر دەسەڵاتی دەرەوەدا «هەست بەکەمی خود» دەکات، بۆیە ناچارە لەسەر بنەمای ملکەچی وابەستەی بێت، ژنیش بەملکەچییەوە وابەستەی پیاو دەبێت. لێرەدا چەمکی هاوسەرێتی بەواتای ملکەچی و وابەستەیی رەها دێت. «زایەندی . جنس»یش لەو دۆخەدا تاکە بنەما و پێوانەی هاوسەرێتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییە. «ئەشق و خۆشەویستی»یش لەو دۆخەدا تەنیا ئەرکی پاراستنی ئەو بنەمایەی لەئەستۆ دایە. کەسێتی نەتەوەگەرای سەرەتایی کەسێتییەکی هەمیشە رەشبین و بێباوەڕە، چونکە دووبارەبوونەوەی یاخیبوون و شکستی بەردەوام، لەڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و سایکۆلۆژییەوە ئەو کەسێتییەی لەهەموو ئومێد و هیوایەک دابڕاندووە و بێچارەی کردووە، ئەمەش رەشبینی و بێباوەڕی چاندووە و بەرهەمەکەشی قەدەرگەرایییە، کەسێتی قەدەرگەرا بەداهاتوو گەشبین نییە، بۆیە لەپێناو داهاتوودا رەنج و هەوڵ نادات و پێی وایە «ئەو نانە نانە کە ئەمڕۆ لە خوانە».

٥ . نەتەوەگەرای سەرەتایی لەڕووی ئابوورییەوە: ئەقڵییەتی نەتەوەگەرای سەرەتایی خاوەن کەسێتییەکی مشەخۆر و بەرهەمخۆرە، تاڵانکار و چاولەدەستە. هەربۆیە لەلایەکەوە هیچ پەیوەستبوونێکیان بەخاکەوە نییە، لەلایەکی دیکەشەوە بێ رەنج و مشەخۆرن. کەسێتییەک کە بەرهەمهێن نەبێت مشەخۆربێت، کولتووری تاڵانکاری و چاولەدەستی دەئافرێنێت.

لەبەرئەوەی لایەنە سیاسییە نەتەوەگەرا سەرەتاییەکان لەڕووی ئابوورییەوە پشت بەخۆی و بەجەماوەر نابەستێت، ئەوا لەڕووی سیاسیشەوە ئیرادەی سیاسی خۆی و جەماوەریش

تەسلیمی ئەو هێز و دەوڵەتانە دەکات کە دەستیان لێپان دەکەنەوە و وەکو خۆیان دەڵێن:» هاوکاریان لێوەردەگرین» ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی وابەستبوون و بەکرێگیراوی ئەو هێزانەیە کە نوێنەرایەتی ئەو ئەقڵییەتە دەکەن. چونکە ئەگەر ئابووری سەربەخۆ نەبێت، سیاسەتیش سەربەخۆ نابێت.

لەمیانەی ئاماژەکردن بەهەندێ لایەن و تایبەتمەندی نەتەوەگەرای سەرەتایی و ئەقڵییەتەکەی، ئەوا جەوهەرە نێگەتیف و راستینە مەرگەساتییەکەیمان بۆ روون دەبێتەوە. هەڵبەتە ئەوەی دەستنیشانمان کرد هێڵە گشتییەکانی ئەو نەتەوەگەراییەیە، وەلێ ئەگەر مرۆڤ تێیدا قووڵتر ببێتەوە و زیاتر تاوتوێی بکات گەلێک تایبەتمەندی و سیمای دیکەش دەستنیشان دەکات.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەنەتەوەگەرای سەرەتایی . کە لایەنە نێگەتیفەکەی نەتەوەگەرایەتییە لەکوردستان . پێویست دەکات ئەگەر زۆر بەکورتیش بێت سەبارەت بەنەتەوەی دیموکراتی . کە لایەنە پۆزەتیفەکەی نەتەوایەتییە و بە لەدایکبوونی تەڤگەری ئازادیخوازی پەکەکەوە سەریهەڵداوە . هەندێک خاڵ دەستنیشان بکەین:

١. لەبەرئەوەی میزۆپۆتامیا لانکەی ژیار و شارستانییەتی مرۆڤایەتییە و گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی ئەو ژیار و شارستانیەتییەیان بونیادناوە، ئیدی کە ئەو گەلە لەنزمترین ئاستی ژیاندا دەژیت و لەڕاستینەی مرۆڤایەتی خۆی داماڵراوە، بۆیە لەکەسێتی گەلی کورددا تەواوی مرۆڤایەتی سووکایەتی پێدەکرێت و بەهاکانی ژێرپێ دەخرێت. لەسەر ئەو بنچینەیە کێشەی نەتەوەیی کورد گوزراشت لەتەواوی کێشە مرۆڤایەتییەکان دەکات. بەواتایەکی دیکە کێشە مرۆڤایەتییەکان لەسەر خاکی میزۆپۆتامیادا لەدژوارترین و مەترسیدارترین رەوشی خۆی دایە.

٢ . هەروەک چۆن کێشەی نەتەوەیی کورد وەک کێشەیەکی پارچە پارچە نابینێت، بەڵکو وەک کێشەی تەواوی گەلی کوردستان دەبینێت، لەهەمانکاتیشدا لەکێشەکانی گەلانی خۆرهەلاتی ناوینیشدا ناپچڕێنێ. واتە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەک لەچوارچێوەی سنوورێکی دەوڵەت – نەتەوەدا، بەڵکو لەچوارچێوەی چەمکی نەتەوەی دیموکراتی و بەیەکەوە ژیانی ئازادانە دەبینێت. بۆیە کێشەی کورد و کێشەکانی گەلانی دیکە بەیەکەوە پەیوەستدار دەبینێت. لەبەرئەوە بەدیهێنانی نەتەوەی دیموکراتی و یەکێتی ئازادانەی نێوان گەلان بەگونجاوترین و راسترین چارەسەری دەبینێت.

٣ . هەروەها کێشەی نەتەوەیی پەیوەستداری کێشە چینایەتی و رەگەزی و کێشە مرۆڤایەتییەکان دەبینێت و لەیەکتریان جودا ناکاتەوە، بەڵکو تێکۆشان لەپێناو چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لەهەمانکاتدا پەیوەست بکرێ بە تێکۆشان لەپێناو چارەسەری کێشەکانی دیکەش. بەواتایەکی دیکە: تێکۆشان بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بەیەکەوە و بەئاوێتەیی ئەنجام دەدرێن.

٤. تێکۆشانی نەتەوەیی لەجەوهەری خۆیدا تێکۆشانێکی دیموکراسیانەیە. چونکە کێشەی کورد خاوەن جەوهەرێکی دیموکراسیانەیە.

لەمیانەی ئەو چەند خاڵەدا ئەو راستییە روون دەبێتەوە کە رێبازی نەتەوەییانەی تەڤگەری پەکەکە خاوەن رەهەندێکی دیموکراسیانە و جەوهەرێکی ژیاندۆست و مرۆڤدۆستیانەیە. بۆیە لەگەڵ رێبازی نەتەوەگەرای سەرەتایی ناکۆکە و سەداسەد لێی جیاوازە.

بێگومان لێتوێژینەوە لەسەر نەتەوەگەرای سەرەتایی پێویستی بەقووڵبوونەوە هەیە بۆ ناخی مێژووی کوردان لەسەدەی بیستەم و چارەگە سەدەی ئێستادا، بەتایبەتی ئەم ٦٥ ساڵەی دوایی، کە بەقۆناخی پەرەسەندن و باڵادەستی نەتەوەگەرای سەرەتایی دەناسرێت. بەڵام بەسەرکەوتنی دیموکراسییەت و پەرەسەندنی شۆڕشی ژیانەوە و دیموکراسیانەی گەلەکەمان و خوڵقاندن و پتەوبوونی یەکێتی نەتەوەیی کوردان و تۆکمەبوونی رۆحی نەتەوەیی، هەروەها لەگەڵ پێشکەوتنی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا کە بەستراتیژی نوێی کوردان بۆ سەدەی بیست و یەکەم دادەنرێت، ئیدی ئەقڵییەت و هزری نەتەوەگەرای سەرەتایی گەیشتۆتە قۆناخی ئیفلاسبوونی خۆی و چیتر ناتوانێت بەردەوامی بەژیان و باڵادەستی خۆی بدات. چونکە مەحکومی تێپەڕاندن و کەوتنە پەراوێزی مێژووە.

# شامــــاران

ئازادیی کۆمەڵگە

ناوەندیی ژنۆلۆژی

لەماڵەکەتان دا، یان دراوسێ یان خزمێکتان، یان لە ماڵی داپیرەت تابلۆی مارێکت بینیوە کە سەرەکەی ژنێکە بەسەر دیوارەوە یان بەسەر بوراق (دۆلابی کۆنی جلوبەرگ) کە بە تایبەتی لە لادێکان و گەڕەکە کۆنەکانی شارەکان دا بووە؟ بە دڵنیاییەوە کەم کەس هەیە نەیبینێت، بەڵام زۆربەشمان ئەو پرسیارەم لا دروست نەبووە کە ئەمە دیمەنی چییە؟ لە کوێیەوە هاتووە؟ چیرۆکەکەی چییە؟ ئەفسانەیە یان راستی؟ یان تێکەڵەکەیەکە لە هەردووکیان؟ ئەم دیمەنە گوزارەیە لە چی؟ بۆچی ژن بە جەستەی مارێکەوە؟ ئەمانە هەموو پرسیاری گرنگن بۆ ڕوون کردنەوەی راستیەک کە سەرەتا بە پرسیار دەست پێبکات و پاشان نیوەکەی تری راستیەکەی بە لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوەی لانی کەمی ئەو پرسیارانە دەستپێبکات.

میتۆلۆژیا یان ئەفسانەگەری بۆ ئاشکراکردنی راستیەکانی مێژوو زۆر زانیاری بنەڕەتی تێدایە. لە مێژووی ژن دا هەندێ چیرۆکی میتۆلۆژی راستیەکانی ژن دەخەنەڕوو. یەک لەو میتۆلۆژیانە شامارانە. ئەو میتۆلۆژیانە بەشێوەیەکی باش نیشانی دەدات کە ژن چۆن هەموو شتێکیان خولقاند، بناغەی زانست، راستی، باشی چۆن لەلایەن ژنانەوە ئافرێندران. سەرەتا با بزانین چی لەسەر ئەم دیمەنە وتراوە کە زار بە زار و بە شێوەی جیاواز گوازراوەتەوە:

ڕۆژێک کوڕێک لەگەل دایکی و هاورێکانی دەچنە دەرەوەی شار. کوڕەکە ناوی تامەسپ دەبێت. کوڕی خێزانێکی هەژار دەبێت و کاری داربڕینەوە دەکات. لەو گەشتەیان دا بیرێک دەبینن کە مێشهەنگێکی زۆری بەدەورەوە دەبێت هاوڕێکانی رازی دەکەن کە بچێتە ناو بیرەکەوە بۆ ئەوەی کە هەنگوینیان بۆ بینێت. تامەسپ دەچێتە ناو بیرەکەوە و سەتڵیان بۆ پڕ دەکات لە هەنگوین و بە پەت رایدەکێشن. کاتێ دەبینن هەنگوینەکە زۆرە پەتەکە دەبڕن و تامەسپ لە ناو بیرکەدا عاسی دەبێت. کاتێ دەزانێ کە هاورێکانی هەڵیانخەڵەتاندووە و ناپاکیان بەرامبەر کردووە و لە هاتنە دەرەوە بێ هیوا دەبێت، کونێک لە دیواری بیرەکەدا دەدۆزێتەوە



شاماران خواوەندێکی مێینەی دێرینی کوردییە و واباو بووە کە خواوەندی زانین و پارێزەری نهێنیەکانە

و بە چەقۆکەی کونەکە گەورە دەکات و لەو کونەوە دەچێتە شارێکەوە ( هەندێ سەرچاوەش دەڵێن لەو کونەوە دەچێتە ناو ئەشکەوتێکەوە و لەوێوە دادەبەزێتە ناو شارەکەوە) کە شاری شای مارەکان – شامارانە. کاتێ شاژن دەزانێ کەسێکی نامۆ کەوتۆتە ناو شارەکەیانەوە نارەحەت دەبێت. بە پاسەوانەکانی دەڵێت " ئەو کەسە یەکسەر بگرن و بێننە لای". ئەویش کاتێ دەزانێ کە دەیانەوێ بیگرن و گومانی لەو دەبێ دەبێت کە ئەگەری کوشتنی هەیە، زۆر هەوڵ دەدات خۆی نەدا بە دەستەوە و داوای ئەوە دەکات کە لێی ببوورن.

کاتێ شاماران تێدەگات کە نیازی ئەو کوڕە خراپ نییە و لەلایەن هاوڕێیکانیەوە خەڵەتێنراوە، شاماران پێی دەڵێ: " مردنت بە دەست منە بەڵام وێڕای ئەوەش ناتکوژم. لە کۆشکەکەی من دا دەمێنیتەوە". کوڕەکە چەند ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و پاشان بیری دایکی دەکات و داوا دەکات کە بگەڕێتەوە ماڵ. شاماران سەرەتا نایەوێ رەوانەی بکاتەوە. شارامان پێی دەڵێ " باشە بچۆ. بەڵام ئەو پیاوەی کە دەیەوێ من بکوژێت داوای ئاشکراکردنی جێگەکەی من لە تۆ دەکات، دەبێ تۆ جێی منی بۆ ئاشکرا نەکەی. لەبەردەم خەڵکی تردا خۆت نەشۆی، بە بەرکەوتنی ئاو پێستەکەت وەک مار کاژ هەڵدەدات و خەڵک پێت دەزانن کە لەگەڵ من بوویت". کوڕەکە بەڵێن دەدات کە وشیار بێت و ماڵئاوایی دەکات. پاشان سوار پشتی مارێک دەبێت و خۆی لە ماڵەکەی خۆیان دا دەبینێتەوە.

کە تامەسپ دەگەڕێتەوە بۆ ناو خەڵکەکەی خۆی بۆ چەندین ساڵ ئەو نهێنیە لە خەڵک دەشارێتەوە. ڕۆژێک پادشای شار تووشی نەخۆشیەکی کوشندە دەبێت. هیچ پزیشک و حەکیمێک ناتوانێ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. لە جێیەکی دوورەوە سیحربازێک هاتووە و بەڵێنی داوە کە پاشا چاک بکاتەوە. بەپێی زانایی خۆی سەری شاماران دەرمانی نەخۆشیەکەی پادشایە. بە هەموو هێزی پاشاوە دەیەوێت سەری شاماران بگرێت. سیحربازی زانا دەزانێ ئەو کەسانەی کە لە مارەوە نزیکن نیشانەیەک بە جەستەیانەوە هەیە. بۆ ئەوەش سیحرباز داوا دەکات پادشا فەرمان بدات کە سەیری جەستەی هەموو دانیشتوانی شار بکرێت.

**ئەردۆغان چەندە بیدرێتێ هێندەی تر داوا دەکات، تورکیا کاریگەر و بایەخی جیۆپۆلەتیکی نەماوە**

کاتێ سەیری جەستەی هەموو خەڵکی شارەکە دەکەن و سەر دێتە سەر تامەسپ، لە جەستەیەوە دیارە کە لە نزیکەوە دانوسانی لەگەڵ شاماران کردووە. لەبەرئەوەی کە خاڵی رەش لە سەر هەموو جەستەی هەیە. ئەوەش دەبێتە نیشانەی ئەوەی کە کوڕەکە جێگەی شاماران دەزانێت. دەست بە لێپرسینەوەی دەکرێت، کوڕەکە هەموو شتێک ناڵێت و دانی بە راستی شاماران دا نانێت بەڵام سیحرباز دەست لە یەخەی ناکاتەوە.

ڕۆژێک کوڕەکە دەچێتە سەر بیرەکەی یەکەم جار و لەگەڵ شاماران یەک دەبینن. ئەو رووداوانەی هەموو پێدەڵێت. شاماران دەڵێت: " باشە، بەو واتایە دێت کە کاتی مردنی من هاتووە. ئەوانە سەری منیان دەوێت. بە تایبەتی ژەهری سەری منیان دەوێت. بۆ ئەوەی کە ژەهری سەری من نەکەوێتە دەستی ئەو سیحربازە چەندین ساڵە لە ژێر زەوی دا خۆدەشارمەوە. بەڵام دیارە جێی منیان زانیوە. من تۆ دەناسم بۆ ئەوەش نهێنی خۆم بە تۆ دەڵێم. تۆ من بکوژە و سەری من ببڕە. بیبە بۆ سیحرباز و پادشا. سیحرباز سەری من دەکوڵێنێ، پەرداخێک ئاوی لێ دەردێنێت، پاشان جارێکی دیکە دەیکوڵێنێتەوە و پەرداخێکی تریشی لێ دەردێنێت و جارێکی تریش پەرداخی سێیەمی لێ دەردێنێت. پەرداخی یەکەم دەداتە تۆ کە ژەهری تێدایە، ئەوەی دووەم شفایە و دەیداتە پادشا. ئەوەی سێیەم زانستە خۆی دەیخواتەوە. تۆ کارێک بکە کە پەرداخی سێیەم تۆ بیخۆیتەوە و ئەوەی یەکەمیش بدە بە سیحرباز. بەو پێیە دەبیتە خاوەنی زانست. تامەسپ هەموو قسەکانی شاماران پێک دێنیت. سیحرباز ئاوەکەی پەرداخی یەکەم دەخواتەوە و دەمرێت. پادشا چاک دەبێتەوە و کوڕەکەش هەموو زانستی جیهان لە خۆی دا کۆدەکاتەوە.

هەندێ سەرچاوەی تر پێی وایە کە " وەزیرێکی پادشا کەسێکی پیاو خراپە، دەڵێت تەنها چارەسەر خواردنی گۆشتی شامارانە. بۆیە وەزیر فەرمان دەدات بە هەمووان کە بچنە ناو حەوزی ئاوەوە بۆ ئەوەی بزانرێت کێ شوێنی شاماران دەزانێ. وەزیر لەم هەوڵەی مەبەستی لەوە نییە خزمەتی پادشا بکات، بەڵکو بەهۆی خواردنی شامارانەوە

دەخوازێت هەموو نهێنی و زانینی جیهانی دەستبکەوێت، سەرەتا تامەسپ نایەوێت کە بچێتە ناو حەوزەکەوە بۆ ئەوەی کە بتوانێت نهێنیەکەی شاماران بپارێزێت. بەڵام چارەی نامێنێت و سەربازەکان هەڵیدەدەنە ناو ئاوەکە و پێستی تامەسپ دەبێت بە کاژی مار و دەستبەجێ نهێنیەکەی ئاشکرا دەبێت. دوای ئەوە سەربازەکان دەستگیری دەکەن و ئەشکەنجەی دەکەن بۆ ئەوەی شوێنی شامارانیان پێ بڵێ. تامەسپ نایەوێت نهێنیەکانیان پێ بڵێت، بەڵام لە کۆتاییدا ناچاردەکرێت کە شوێنەکە ئاشکرا بکات، پاسەوانەکانی پادشا دەچن بۆ ناو بیرەکە و شاماران لەوێ دەگرن. کاتێک کە تامەسپ شاماران دەبینێت، هەست بە شەرمەزاریەکی زۆر دەکات، بەڵام شاماران پێی دەڵێت کە لۆمەی خۆی نەکات و هەڵەی ئەو نەبووە. شاماران پیلانێک دادەنێت بۆ ئەوەی کە نهێنی و زاناییەکەی بدات بە تامەسپ. شاماران لە کۆشکی پاشادا ڕایدەگەیەنێت "هەرکەس کلکم بخوات ئەوا هەموو نهێنی و زاناییەک وەردەگرێت و ئەوەی کە لەشم بخوات چاکدەبێتەوە و ئەوەی سەرم بخوات دەستبەجێ دەمرێت. دوای ئەوەی کە وەزیر ئەوەی گوێ لێدەبێت، شاماران دەکاتە سێ بەشەوە و فەرمان دەدات کە ئەو سێ بەشە بکوڵێنرێت. کاتێک کە گۆشتەکە دەکوڵێت، وەزیرەکە کلکی دەخوات، تامەسپ کە خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەرامبەر بەشاماران و دەیەوێت بمرێت، لە سەرەکەی دەخوات و پادشاش بۆ چاکبوونەوە لە لەشەکەی دەخوات. بەپێی پیلانەکەی شاماران وەزیر دەمرێت، پادشا چاک دەبێتەوە و تامەسپ زانایی و نهێنیەکانی شاماران وەردەگرێت".

تامەسپ بۆ ئەوەی کە ئەو زانستەش بگوازێتەوە بۆ دوای خۆی لە بەردەم ڕووباری دیجلە دادەنیشێت و دەست بە نووسین دەکات. کاتێ نووسینی خۆی تەواو دەکات بایەکی زۆر بەهێز هەڵی کردووە و هەموو کاغەزەکانی بردووە و کەوتۆتە ناو ئاوەوە. تاکە کاغەزێکی لە دەستی دا ماوەتەوە ئەو زانستەیە کە بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ گوازراوەتەوە.

**میتۆلۆژیا بناغەیە**

کاتێ مێژووی خۆمان سەرلەنوێ دەنووسینەوە ناکرێ ئەو مێژووە دابڕاو لە میتۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ بکەین. لەوانەیە میتۆلۆژی لە دیدی یەکەمەوە وەک بەرهەمێکی زانستی نەبینرێت، بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوە لە مێژووی هزر و سەرهەڵدانی ئاینەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە میتۆلۆژیا دابڕاو نییە لە ڕاستی و تەنیا بەرهەمی خەیاڵ نییە. بە پێچەوانەوە دوور نییە لە ڕاستیەوە ئەگەر بڵێین کە میتۆلۆژیا لێکدانەوەی هەندێ ڕاستیە، لەوە زیاتر میتۆلۆژیا خۆی لە خۆی دا زانستێکە نەک لەسەر بنەمای خەیاڵ بەڵکو لەسەر بنەمای پێشکەوتنی ماددیی.

ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتیانە لێ بڕوانرێت ع.ئۆجالانیش لە مێژووی پەکەکەدا و ئافراندنی تێکۆشانی ئازادی دا بایەخێکی زۆری بە مێژووی میتۆلۆژی داوە. کاتێ لێکۆڵینەوەی لە مێژووی ٥ هەزار کردووە نەک تەنیا پەرەی بە وشیاریی مێژوویی داوە، لە هەمان کاتدا ئەو خەباتەی دەستی پێکردووە و بەڕێوەی بردووە لەهەمان کات دا سەرچاوە زانستی و مێژووییەکانی زەمینەی ڕێنسانسی هێناوەتە ئاراوە. گەر ئەو پشتگیری و زانیاریانە نەبوونایە سەخت بوو کە تێز یان دیدێک بە ئاسانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت. لەم ساڵانەی دواییەدا لە سەرچاوەی مێژووی نەنووسراوی ژن دا دەگەڕێتەوە بۆ میتۆلۆژیا.

**راستی ژن دەگەڕێتەوە**

ئەو چیرۆکەی کە سەرەتا وەک چیرۆکێکی ڕۆژهەڵات دیارە، زۆر کۆڕی تری هەیە و شایانی لێکۆڵینەوەیە. وەک لەو چیرۆکەوە تێدەگەین کە شاماران گوزارەیەکی میتۆلۆژیایی. بناغەکەی میتۆلۆژیایەکی ئاریانییە و بەپێی ڕاستی ژنە. ئەوەش بۆ ماهیەتە مێژوویی و ڕۆژانەییەکەشی زۆر گرنگە. هەرچەندە لە لایەن زۆر میتۆلۆژیاوە دەزانرێت و پشتڕاستکراوەتەوە کە زەردەشتێتی ئاریانیە و مێژووی میتۆلۆژیای گەیاندۆتە ئاستی لوتکە، بەدەر لە میتۆلۆژیای هیندی، میتۆلۆژیای ئاریانیەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. لەو چیرۆکە شاکارە نیشانەی دوالیزمی مردن- ژیان، زانایی – نەزانی، باشی - خراپی هەیە. بەو خەسڵەتانەی لە میتۆلۆژییەکان دا باس دەکرێت پێگە و ئاستی ژن نیشان دەدات. دەکرێت بڵێین شاماران گوزارەیە لە ئاستی خوداوەندی. ڕێک هاوتای سەردەمی دەسەڵاتداری پیاو دێت کە بە زۆرەملێ بەهاکانی ژن زەوت دەکات. بۆ ماوەیەکی درێژ شاماران لە ژێرزەوی دا خۆحەشاردەدات بەڵام هێشتاش ژیان، مردن، زانستی لە دەست دایە. پیاو دێتە ئاستێکەوە کە بە زۆرەملێ بەهاکانی زەوت دەکات. خۆ بەخۆ ئەوەی کە لەئەنجام دا پێک هاتووە ئەوەیە. ئەو میتۆلۆژیایە

چیرۆکی تراژیدییانەی ململانێی زایەندی (ژێندەر)ە. بە لێکۆڵینەوە لە سەردەمی نیۆلۆتیک ( سەردەمی بەردینی نوێ) ئاشکرا دەبێت کە ئەفسانەی شارامان چەند نزیک بە راستیە. بە جوانی دیارە کە لە سەردەمی نیتۆلۆتیک و بەر لەوەش ژن بە کۆکردنەوەی میوە چەند کەڵکی گەورەی لە ئابووری گروپێک دا هەبووە. بە کۆکردنەوەی میوە ژن پێ دەنێتە قۆناغی کشتوکاڵ. لە سەردەمە بەراییەکان دا ژن خۆی لە هەمووان زیاتر رووەک بەکاردێنێ، رەگی بە کەڵک، لق و پۆپەکانیان، گوڵ و بەرەکانیان دەناسێ و کەڵکیان لێ وەردەگرێت. لە هەمان کات دا ئەزمونی لە ناسینەوە و ئاشنا بوون بە رووەکی زیانبەخش و ژەهراوییش پەیدا دەکات. ماددەی ژەهراوی و تیمار و چارەسەرکردن دروست دەکات.

### خوڵقێنەری گوزارەکردنە لە ژن

لە لایەکی تر زایین و خەسڵەتی بەخشینی ژیان بە کۆمەڵگەبوونی دایک لە کۆمەڵگەکەی دا لە هەموو شت مەزنتر دەبینێت. ئەو ژنەی ژیان دەبەخشێت، تیمار دەکات، لە مردن رزگار دەکات تا ئاستی خوداوەندێتی و پیرۆزی دەگات. هەر ژنە دەزانێت کە کاتێ کۆمەڵگەی چینایەتی پەرەدەسەنێت، پیاو چۆن ژن قەتیس دەکات، خۆی لەسەر زاڵ دەکات و لەناوی دەبات. ئەو ململانێیە زایەندییە و پەرەسەندنی دەسەڵاتدارییە لە میتۆلۆژیای سۆمەرییەکان دا زۆر ئاشکرا دیارە. رێکەوت نییە کە جێپەنجەی میتۆلۆژیا لەسەر هەر کاهینێک یان راهیبێکی یەهودی دیارە. لەبەرئەوەی سامی( یان کۆمەڵگە سیمیتیک) یەکەم ئایینی تاکخودابییە کە بەرێی ئایین ژن کۆیلە دەکەن. هەڵوێستی ماردۆک لە میتۆلۆژییدا، حەزرەتی ئیبراهیم، حەزرەتی موسا، حەزرەتی عیسا، حەزرەتی محەمەد دا هەڵوێستی ئەوانیشە بۆ ژن. لە دێرینترین میتۆلۆژییەکان دا دەزانرێت کە مار پیرۆزە، وەک میتۆلۆژییەکانی میسر. هند و یۆنان.

دەکرێت بە ژەهرەکەی و

> **لە سوپایەکی ناوەندی سەرکوتکار و هێرشبەر و قاتڵەوە بۆ دامودەزگای پاراستنی خۆیی گەلان**

سەرنجڕاکێشی جەستەی مارەوە ببەستینەوە. ژەهری مار ئەگەر بکەوێتە جەستەی مرۆڤەوە ٢٥ تا ٥٠ ساڵ کاریگەری هەیە. هەروەها ژەهری مار تەنیا کاریگەری کوژەری نییە، بەڵکو کاریگەری تیمارکەرانەی هەیە. ئەوە لە زانستی پزیشکی هاوچەرخیش دا دەبینرێت کە لەسەر دەرمانخانەکان و هەم دامودەزگا پزیشکیەکان هەیە کە مارێکە خۆی لە دارێک یان پەیکەرێکەوە ئالاندووە. هەڵبەتە رێکەوت نییە.

لە لایەکی تر کاتێ لێی بڕوانین لە میتۆلۆژیای سامی دا بە چاوێکی نزم سەیری مار دەکرێت، نەفرەتی لێدەکرێت، لە هەمان کاتدا شتێکی سەیر و بەدبەختیە کە ژنیش رووبەرووی هەمان مامەڵە دەبێتەوە. ئەو مامەڵەیە لە هەموو ئایینە تاکخوداییەکاندا تا رۆژی ئەمڕۆ لەبەرامبەر ژن پەیڕەو دەکرێت. کاتێ مار کەشتی پێغەمبەر نوح کون دەکات، کاتێ دایکە حەوا دەخەڵەتێنێ و سێوی دەرخوارد دەدەن، خودا نەفرەت لە ژن و مار دەکات.

دەکرێت لەدۆخی یەکەم دا بڵێین کە ئەو چیرۆکە لە سەردەمی نیۆلۆتیک تا رۆژی ئەمڕۆ هاتووە، بەڵام بە گۆڕانکارێکی زۆردا تێپەڕیوە. دووەمیش لەوانەیە ئەم چیرۆکە لە سەردەمی ناوین دا بەرهەم هێنرابێت. لە هەردووکیان دا ژن خەسڵەتی دایکایەتی، خۆشەویستی مرۆڤایەتی، هەستی ئاشتی پاراستن و تێکۆشان لە پێناوی دا هەیە.



لە باکوری کوردستاندا زۆر بڵاوە و لە هەندێک ناوچەدا وێنەکەی لە ژووری نوستنی کچی لاو و ژناندا هەیە!

# ڕۆژەڤا ل باشوور



ئازادیی کۆمەڵگە
زەروان توراقی
ژ لاتینی: کازم دهۆکی

## پیلانا تاریا ڕێفراندۆمێ و تاکە ڕێکا چارەسەرێ

د ناڤبەرا راست و درەوان دا جوداتیێن پیڤانێن ئەخلاقی دیار دبن. لەورە جڤاك د بنگەها خوە دا لسەر ڤان پیڤانا هاتیە دامەزراندن. ئیرۆ ل باشوورێ وەلات ڕەوشا گشتپرسیێ هەیە. ڕەوش هاتیە گۆهەرتن، وەکە چیرۆکا «شۆهرۆدەر» یێ فیزیاناس میناکا ڕەوشا وێ پشیکا د سندۆقێ دا «کا مریە ئان ساخە» یە، ئەڤ ڕەوشا دەرکەفتی دیمەنێ نەبەرپرسیاریا رایەدارانە. سەرەرایی هەموو هشیاری و ڕێنیشاندانێن ڕەوشەنبیری و سیاسەتزانێن کورد، دیسا ژی رایەدارێن باشوور لسەر بڕیارا خوە یا هشك کۆکن.

تشتێ بالکێش و پێدڤی کو دڤیا بهێتە زانین، داکۆکیا لسەر ڤێ مژارێ پێش کەفتی نە بتنێ یا رایەدارێن پ.د.ك یە، ئەڤە پرۆژەکە کو ب دەستێ کۆمەلەکا ل دژی خەتا «شیعی» دەست ب بەرنامەیەکێ کرینە کو بدەستێ سعودی برێڤە دچیت.

نۆکە ڕەوشا کو دەرکەفتی ئەڤەیە. پ.د.ك و سعودی کو پیلانا وان دگەل قەتەر ئەشکەرە بووی ئیدی دگەل هەڤدوو ب ئەشکەرە کار ناکەن. چونکی تورکیا لبەر ڕەوشا کوردستانێ نەدگەل سعودیێ، لێ دگەل قەتەرێ دگەل لنگەکێ ئیرانێ جی دگرن. ئەڤە مژارەکە کو کورد دڤێت ب جیدی سەرێ خوە پێڤە بێشینن. هەر ژ نها دا هەولدانێن دەولەتا تورك دەسپێ کریە. دناڤا ڤێ ڕۆژەڤێ دا تشتێ کو راست ناهێتە نیقاش کرن ژی ئەڤەیە کو مژار بابەتەکێ دیرۆکیە. کوردا ل باشوور راستیا لۆزانێ بباشی لێکۆلین نەکریە، یان ب گۆتنەکا دیتر، راستیا کوردان یا کو د سەرێ سەدسالا بیستان دا هاتیە پارچەکرن، ناهێلن ژ لایێ گەل ڤە باش بهێتە ناسکرن.

چونکە ڕەوش وەك کو وان گۆتیە کەسەك وسا دۆستێ کوردان نینە. د پەرگالا دەولەتێ دا یا بنگەهێن بەرژەوەندیێن کۆمپانیایێن دەولەتینە. ڤێ ڕەوشێ ژی ب وان ددەنە وندا کرن، تەنێ ڕەوشا کەرکوکێ بباشی بهێتە نرخاندن ئەو دێ هێتە زانین کا ژ بەر چ ئەو دەولەتێن کو لگۆری خوە دۆستێن کوردانن بۆچی دێ دوژمناتیێ دگەل کوردان کەن. د ڕەوشا نۆکەدا یاکو دیار دبیت، هێشتا هێزێن هەژمونکەر بڕیارا گۆهەرتنا پەرگالێ برەنگەکە بنگەهین نەدانە. یا کو پێدڤیە ڕاست بهێتە خوەندن ئەڤەیە.

ژبۆ کوردان یا هەری مەترسیدار ئەوە کو خوە ب دۆستاتیا هێزێن زۆردەست ڤە گرێ بدەن. لگۆری بەرژەوەندیان دکاریت تا ڕادەکێ ب هەڤدوورە کار بهێتە کرن، لێ یا جەوهەری ئەوە کو نەچارە دۆستانیا هەری بنگەهین تەڤلی گەلێن هەرێمێ بدەتە گرێدان. مژارا ڕەگەزی مژارەکە کو پێدڤیە ب هشمەندانە بهێتە چارەسەر کرن، دگەل ڤێ وەك تێگەها کو نها پ.د.ك ل سەر بنگەهێ سونەگەری و مەسەبی پێرەو دکەت، ژبۆ کوردان و هەموو گەلێن هەرێمێ ئاگرێ دۆژەهێ گور دکەت. ژخوە یا کو سعودی بەرهەڤیا وێ دکەت ژی ئەڤەیە. یا د پشت پەردا دا دهێتە ئامادەکرن دیارە کو پرۆژەیا خەتا سونەگەریێ یە. دەولەتا تورك د چ قۆناغەکێ دا واز ژ ڤێ نەئینا، نۆکە ژی دیارە یا دهێتە مەرەق کرن ئەڤەیە. دبیت پێشبینیەك وەك مژارا شەنگال و ڕۆژئاڤا بیت. ل وێ دەرێ دیت کو بەرناما ئاپۆیی وەکە تەڤنەکە ژیانێ هاتە ڕستن، کو هەمان پرۆژەیە کو لگۆری ڕەوشا پێدڤی یا ناڤچێ و گەلێن هەرێمێ یە. ئەم وەك کەس

و دەردۆرێن کو ب فکر و رامانێن ئاپۆیی ژیانێ دخوینن و دژین پێدڤیە هشیار بین، دەستهەلاتدار خوە ل سەر زراڤیا هەستێ جڤاکێ یا ڕەوا ئاڤا دکەن. نموونە هەستێ سەرخوەبوونێ وەک هەموو نەتەوان مافێ نەتەوا کوردە. بەس مژارا کو لێ هاتیە سۆرکرن نە ئەو مژارە کو نەتەوا کورد وەک ناسنامە پێ وەرە ناسکرن. تێ ژبۆ دەستهەلاتەک دیتر دهێتە پێشکێشکرن. پ.د.ک دڤێت دناڤا بازارا کو نەتەوە دەولەت لێ سەردەستن، هەبوونا نەتەوا کورد وەک مەتایەکێ بفرۆشیت. مژار ژلایێ دەستهەلاتێ ڤە ئەڤەیە.

ژبۆ کو بکاریت کالایێن خوە بێختە ڤێ بازارێ، حاکم یا هەڤپارەک بۆ وی پێدڤیە، دیارە ئەو ژی وەکە سعودی هاتیە دەستنیشان کرن. ئەم ڤێ نەوەک بەلگەیا فیزیکی، لێ تێ یا مە هەلسەنگاندنا ل سەر شێوازێ کارکرنا پ.د.ک یە. ئەوە کو مە بەر ب ڤێ نێرینێ پاڵ ددەت.

ڕۆژەڤا گەلێ کورد هاتیە داگیرکرن. حەتا کو داهاتیا گەلێ کورد کەفتیە ڕەوشا کو بکەڤیتە ژێر مەترسیێ. ژبەر چی؟ یێک ئەگەر هەیە، ئەو ژی ئەڤەیە؛ پ.د.ک وەک دەستهەلات دخوازیت ببیتە سەروەر و دەستهەلاتدار ل باشوورێ کوردستانێ بێ سەرەکە. ژبۆ کو بکاریت ڤێ هەڤسەنگیا کو نها هەیی خراب بکەت ئەو پێدڤی ب شەڕەکێ یە. دزانیت کو ب ڤێ هێزا کو ددەستێ واندا هەیە دکاریت وان ناڤچەیێن کو لژێر سەروەریا ی.ن.ک دایە ژ دەستێ وان دەربخیت و لسەر حاکم بیت. دگەل ڤێ هەرکەسێ کو بەحسا ناڤچەیێن «دابڕاو» دکەت هایا وی ژێ هەیە کو ژبۆ پ.د.ک ئەو ناڤچە ژمێژڤە هاتینە فرۆتن. نموونە شەنگال تێ یێک ژ وان نیشانانە.

کەسێ کو بخوازیت ڕەوشا نها یا پ.د.ک و گشت پرسێ فێم بکەت نەچارە ل سەر مژارا پەیوەندیێن ب سعودی ئاگەهدار ببیت و تێ بگەهیت. یا کو حەتا نۆکە نە ڕۆهن بۆ هەلویستێ دەولەتا تورک بوو؛ دەولەتا تورک وەسا بەراورد کربوو کو ئەو دێ ڕایەدارێن باشوور ب گەف و گوڕێن ڕێفراندۆمێ ژ حکومەتا ناڤەندیا ئیراقێ هندەک دەسکەفتان وەرگرن کو دەولەتا تورک ب ساناهیتر خوە د باشوور دا بدەتە بجی کرن. دەمێ کو دیت ڕەوش بەر ب لایەکە دیتر ڤە دچیت ئێدی بسەر خوەڤە هات، هەر وەکی کو د چەند داخویانیێن داوی دا دەرکەتی،

> **دەولەتا تورک کەتە ڕەوشەکێ کو وەک دەڕاسێ هەموو جڤین و بڕیارێ خوە یێن دەولەتێ لگۆری ڕێفراندۆمێ دانە پێش**

کو کارڤەدانەکە توند دانە نیشاندان. هەڤڕێ دگەل پێکهاتێن لەشکری د پراتیکێ دا ل شێلادزێ ب بۆمبەبارانێ گەلێ مە یێ سفیل شەهید کرن. ئەڤە وەکە هشیار کرنەکێ بوو. دەولەتا تورک کەتە ڕەوشەکێ کو وەک دەڕاسێ هەموو جڤین و بڕیارێ خوە یێن دەولەتێ لگۆری ڕێفراندۆمێ دانە پێش. ئەڤە ڕەوشەکە کو ڕایەدارێن باشوور تا نهۆ ژی نکارن حسابێ دگەل بکەن و ڕاستیا دەولەتا تورک ناس بکەن. بەری سالەکێ برێز موراد قەرەیلان د ئاخڤینەکە خوە یا د بارا یێکەتیا گەلێ کورد و پەیوەندیێن ب حزب و لایەنێن باشوور ب تایبەت دگەل پ.د.ک دابوو دەست نیشانکرن کو «هەموو جیهان سەرخوەبوونا باشوورێ کوردستانێ بپەژرینیت ژی ئاکەپە ناپەژرینیت» ئەڤ ڕاستی نها ب ئاوایەکە پراتیکی دەرکەفتیە.

لەوما مە چارەنڤیسا خوە یا ڕۆژەڤێ بخوە هەلبژارت. گەر مە بکاریبا ژ وێ ڕۆژێ تا نها نەهێلابا کو ڕۆژەڤا گەلێ مە ژلایێ ڤان دەستهەلاتێن سەرمایە خواز و پاوانکار ڤە وەرە دزین وان یێ نەکاریبا ڕەوشا باشوور بینن ڤێ ئاستێ. یا کو پێدڤی یە ئەم بگرینە بەر ڕەخنا ل باشوور ئەڤەیە. یا کو بۆ سەرەکە مژارا بژیویا ژیانێ و نانی بوو. نۆکە گەل ب چ هاتیە هلخەلەتاندن؟ ب ڤێ چاندا کو «ژبەر کو دەولەتا مە نینە، نانێ مە ژی نینە» ئەڤە درەوە کو وەکە ڕاستیەکێ هاتە ڕاسپاردەکرن. مژارا کو د ڕەوشا ڤی دەمی دا پێدڤیە بهێتە نیقاش کرن ئەڤەیە؛ کو بزانین ئەنجاما گشتپرسێ چ دبیت بلا ببیت دێ ژ بەریکا گەل و ژ داهاتێ وان هێتە دزین.

د ڕەوشێن وەسا ئالۆز دا پێدڤیە جڤاک هشیار بیت، ژبەر کو دەستهەلاتدار دزێیت هەری مەزن دکەن، حەتا کو وەلاتان دفرۆشن، نها ژی یا کو دڤێن ل باشوور پێک بینن ئەڤەیە. ژبۆ کو بکارن سەرێ نەڕەوابوونا لۆزانێ بدەنە گرێدان، ڤان یاریان ب هەڤکاریا کۆمەلەک ژ دەستەکدەرێن خوە دئینن

ڕۆژەڤێ. لەورا تا قۆناغەکێ مایتێکرن نەهاتنە کرن. حەتا چەند ڕۆژ مایین بۆ ڕێفراندۆمێ ژی دهاتە چاڤەڕێ کرن کو فرانسا پشتگیریێ بدەتە ڕەوشێ، لێ وەسا دەرنەچۆ. ئەڤە ژی بۆ مە ددەتە دیار کرن کو حەتا ئەم مژارا سایکس بیکو و لۆزانێ تێ نەگەهین و حەتا کو ڕێبەر ئاپۆ باش لێکۆلین نەکەین و نەخوینین و فێم نەکەین یا ڕاست ڕەوش هەر دێ بەر ب شاشیان ڤە چیت.

شەڕێ کو نها ل هەرێمێ و جیهانێ دهێتە مەشاندن. هەڤدوو جەڕباندنا هێزایە، کا کێ دێ کاریت هەسپێ خوە باشتر بدەتە بەزاندن، دخوازن وێ فێم بکەن. د ڤێ ناڤبەرێ دا هندەك هێز دخوازن جهێ کۆمپانیایێن دەولەتێ فرە بکەن. هندی کو ژ دەستێ وان بهێت دخوازن بزانن کا دگوڕکرنا شەڕی دا قازانجەك هەیە یان نە. نۆکە ئەڤە بگشتی ناهێتە پێشبینی کرن. ڕاستە شەڕەك هەیە کو ڕێبەر ئاپۆ ئەڤە وەکە دەسپێکا شەڕێ جیهانیێ سێیەم پێناسە کر کو ناڤەڕۆکێن وێ هەرکو دچیت زێدەتر زەڵال دبیت. لێ شێوازێ برێڤەبرنا ڤی شەڕی ب ئاوایەك دیترە، ژ ئەنجاما مەترسیا وێ یا مەزن بگشتی هەموو زیندەوەر دێ ژناڤ چن. گەر کو دەستهەلاتدارێن هەژمونگەر زانیبان ئەو دێ بسەر کەڤن، نۆکە ژمێژڤە ئەو چەکێ نەوەوی هاتبوون تەقاندن. یا کو ئەو ژی نکارن چارەسەر بکەن ئەڤەیە. لەوما هەر هێزەك دخوازیت سنورێن هەیی بهێنە پاراستن، دخوازن شەڕ بهێتە کۆنترۆل کرن. ژبۆ کو نەچار نەبن وێ مەترسیا مەزنا دۆژەهی ئەنجام بدەن. هەم هێزا وان و هەم لاوازیا وان مرنەکە کو نها ددەستێ وان دایە.

لەوما دەمێ کو ئەم هزر ل ڕاستیا شەڕێ ل هەرێما خوە و مافداریا خوە یا نەتەوی دکەین؛ بلا ئەم بزانین کو ئەو هێزێن کو ئەم نۆکە دکارین دگەل وان هەتا ئاستەکێ بەرژەوەندیێن گەل و وەڵاتێ خوە پێ بپارێزین، دبیت کو سبە نەئەو هێز بن. ئەزموونا کۆمارا مهابادێ و یا ١٩٧٥ ێ کو بسەر باشوردا هاتی و ئەنجامێن وێ، هێشتا ژی دبیرا هندەك کەسێن کو ل وی سەردەمی ژیاین دا مانە. دەمێ کو دهێتە زانیین زیان بەر هەرکەسێ دکەڤیت، دەستهەلاتدار باجا هەیی لهەڤ دابەش دکەن و هەسپێ خوە دهاژۆن و ل مەیدانا شەڕی دوور دکەڤن. حەتا کو موریکێن یاریێ لسەر هایدار دبن تنێ خوینا ب لاشێ وانڤە گرتی دبیتە پارا وان. لەوما هشیاربوون، خوەپاراستن و دناڤا هەر مەترسیەکێ دا ڕۆژەڤا خوە پاراستن ئەرکەکە کو پێدڤیە ئەم بشێوەکە ئاپۆیی ژێ هایدار بین.

گۆتنەکا کوردی هەیە دبێژیت «گا مر دەو بریا» نۆکە ناخوازن «گا» بمریت. د شەڕێ جیهانی یێ ١ و ٢ دا کورد و کوردستانێ دا وندا کرن. ژبۆ کو ژبۆ دەمێ بەرنامە و پڕۆژەیێن ڕۆژەڤا خوە نەبوو. لەوما ژی پاشڤە ما و دەما کو «گا» نەمر و هاتە پارڤەکرن، هێزێن کو وی دەمی نوینەراتیا گەلێ کورد دکرن دیتن کو ژبۆ وان تنێ خوینا وان یا ڕژیایی مایە، دەرفەت نەهاتە دان حەتا کورد خوینا خوە ژی پاقژ بکەت. ب گۆتنەکە دیتر کوردا هێشتا شینا مریێن خوە یێن وی دەمی ژی نەڕاکرنە. یێکێ کو دخوازیت ڤێ ڕەوشێ فام بکەت دکاریت بیرئانینێن «ئەبدولڕەزاق بەدرخان» بخوینیت. د دەسپێکا شەڕێ جیهانی یێ یەکەم دا بەهسا هێز و ڕەوشا کورد و پەیوەندیێن وان دکەت. دەما ئەو دهێتە خوەندن ڕەوشا نۆکە یا هەرێم و کوردستانێ وەکە خوەدیکەکێ دەردکەڤیتە پێش. یێن کو دخوازن وانەیان ژ دیرۆکێ وەرگرن نکارن وەکە هەستیاری نێزووکی ڕەوشێ بین. گەر کو تو نەکاری خوە ب کنفێ خوەڤە بگری، وی دەمی تو دبیە داردەستێ بیانیا.

لەورە وەك کو د دەما شەڕێ ل ڕۆژئاڤا کو پ.د.ك خەندەق ل دۆرا ڕۆژاڤا دکۆلان، گەلێ مە دروشمەك زۆڕ جوان دقیڕاند «کوردستان یەکە، پەرچە نەکە« ئەڤ دروشم ژبۆ ڤی دەمی پڕ ڕەوایە. ژبۆ کو ئەڤ گشتپڕسی ب ڤێ ڕەوشا هەیی پارچەبوونا کوردستانێ ڕەوا دکەت، حەتا کو پارچەیا باشورێ کوردستانێ ژی پارچە پارچە دکەت. ڕۆژەڤا کو پێدڤیە ئەم شۆپداریێ لێ بکەین دیارە کو بێ ناڤبەر دڤێت لسەر ڕاستیا نەتەوا دیموکراتیك کار بکەین. ئەڤ پڕۆژە وەکە شەمالکەکێ یە ژبۆ داهاتێ نەتەوا کورد و تەڤایا گەلان. لسەر ڤێ کار کرن وەکە عیبادەتەکا گرنگ یا سەردەمی یە. یا کو بکاریت بەرگریێ ل ژیانا ئازاد بکەت و بدەتە ئاڤاکرن هەڤاڵتی یا دنێڤبەرا گەلاندایە، هەر هێزەکە هەژمونگەر د ئەنجامێ دا دێ دەتە وندا‌کرن. وەکە ئیمپڕاتۆری، فاشیست، داگیرکەر، تنێ یێ کو ل تەنشت مە دمینن دیسا بهەمی جوانتی و بەدەویا خوە و ئێش و ئازارێن خوەڤە، گەلن.

بەرنامەیا نەتەوا دەموکراتیك هیڤی و داهاتێ گەلانە.

# دواهەمین شەوی خوداوەندێك



ئازادیی کۆمەڵگە
شڤان نەوزاد

ڕۆمانی (دواهەمین شەوی سەرۆک . ٢٠١٥بڵاوبۆتەوە)ی نوسەری جەزائیری (یاسمینە خەزرا.١٩٥٥ لەدایکبووە). هەڵبەت ئەمە ناوی خوازراوی خێزانەکەیەتی و ناوی ڕاستەقینەی خۆی (محمد مولسهول)ە، بەوەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی و لە دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لەساڵی(٢٠١٧) و بە تیراژی ٢٠٠٠دانە و ٢٢٩ لاپەڕە کەوتە بەر دیدی خۆێنەران.

## ڕۆژهەڵات و دیکتاتۆرەکانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کانگای دیکاتۆر و کارگەی بەرهەمهێنەری ستەمکارانە، لە مێژووی دێرینی ناوچەکە تا بزوتنەوە چەکدارییە سیاسییەکانی هاوچەرخ نەبووە کۆمەڵە دیکتاتۆرێکی بە ئایدۆلۆژیا جیاواز جیاوازی تێدا سەوز نەبوویێت و کۆمەڵە خۆێندۆستێکی بە ڕەنگی جودا جودا تێدا دەسەڵاتیان نەگرتبێتە دەست و نەتەوەکانیان ملکەچی خواستی تاریک و ویستی ڕەشی خۆیان نەکردبێت، زۆرم نەگووتوە ئەگەر بڵێم مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵات مێژووی چەکەرەبوون و لەدایک بوونی دیکتاتۆرەکانە، لێرەدا گرنگە ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی دیکتاتۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنبڕ نابێت و ماکی ئەم ستەمکارانە لە ناوچەکە وشک ناکات؟ یاخود ڕەگی دیکتاتۆرییەت تا کوێی هەناوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم جوگرافیا خوێنینە ڕۆچووە؟

نییەتی ئەم نووسینە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە نییە و لەم ڕانانەشدا جێگایەکی وەها بۆ ئەم مشتومڕە دەستنادات، بەڵام دەتوانین دەستوپەنجە لەتەک سیما دیارەکانی دیکتاتۆرییەتدا نەرم بکەین بەوەی کە بە گشتی ستەمکاری و ستەمکاران لە ڕۆژهەڵاتدا هەندێک دیاردەی هاوبەش و جێکەوتی لێکچو و ڕووی وەک یەک، پێکەوە خڕیان دەکاتەوە و وێنەیەکی گشتیمان لەسەر خودی کەسی دیکتاتۆر و سیستەمی دیکتاتۆرییەت پێدەڵێت، هەڵبەت ئەوەمان لە یادنەچێت لە مێژووی دێرینی ناوچەکە جوگرافیای سیاسی بەش بەش نەبووە و چەندین نەتەوە لە سایەی ئیمپراتۆریەتێکی ستەمکاریدا دەژیان، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئیمپراتۆری دابەشبونی جوگرافیای سیاسی و لەدایک بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بەتایبەت لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و تا هەنوکە، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتە سەحنەی تاراتێنی کۆمەڵە دیکتاتۆرەکان و چالاکی وەحشەتناکی و دڕندەیی دیکتاتۆری تێدا نمایش دەکرێت. بە پێودانگێکی گشتی گرفتی دیکتاتۆرییەت لە ناوچەکە هێندەی گرفتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژووییە، هێندە گرفتێکی سیاسی نییە، مەبەستمان لە گرفتی دەروونی و سایکۆلۆجی بەو مانایەی کە تاکی ڕۆژهەڵاتی هەڵگری ڕۆحی بەزین و خاوەن ئیرادەی تێکشکا و مەیلی کۆیلایەتی و عیشقی خۆبەدەستەوەدانە، وەک مارکس دەڵێت» ئەوان ناتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن، بەڵکو دەبێت بەڕێوە ببرێن».

بەوێنە کۆمەڵایەتییەکەی لە ڕۆژهەڵات و جڤاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا کۆمەڵگا بە مانای ڕۆحی بەرەنگاری هاوبەش و پرۆژەی ڕزگاری هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش لەدایک نەبووە

و ئەگەرەکانی دروستبوون و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکدەستی یەکگرتووی لەم چەشنە گەلەک لاواز و نادیدە بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ هۆکارە مێژووییەکەی بێتەپێشەوە کە بریتییە لە ڕیزبوونی یەک لەدوای یەکی زنجیرەیەک دیکتاتۆر و قۆزتنەوەی ئەم بۆشاییە گەورە کۆمەڵایەتییە.

**لەکودەتاوە بۆ کودەتا**

زۆرێک لە دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانی ڕۆژهەڵات بە کودەتا هاتوونەتە سەر کورسی دەسەڵات و دواتر کودەتاکانیان ناوناوە»شۆڕش«، تا ئێرە کێشە نییە، بەڵکو گرفتەکە لەوێدایە کە کودەتا بەسەر خۆشیاندا کراوە و بەکودەتا و شمشێر عەرشەکەیان جێهێشتووە، کودەتاکان بۆ بنبڕکردنی دیکتاتۆرەکان نەبووە و بۆ پایەماڵکردنی سیستمی ملهوڕی نەبووە، بەڵکو بۆ دووبارە دەستوپەنجەنەرمکردن بووە لەتەک دیکتاتۆرێکی دیکە و بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی پشتئەستور بە ئاگر و ئاسن، ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەیخوێنیتەوە کودەتای گەلی لیبیاییە بەسەر سەرۆکی ئەو دەمی لیبیا (موعەممەر قەزافی)، چارەنووسی تاریک و مەرگی قەزافی وەک یەکێک لە زنجیرە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنێت.

دواهەمین شەوی سەرۆک، دواهەمین شەوی ستەمکارێک لە ترۆپکدا، دواهەمین شەوی ملهوڕێکی پێرفێکت، دواهەمین شەوی خۆێنمژێکی بێچەنوچون، دواهەمین شەوی خودایەکە کە بە کودەتا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام لە ماوەی٢٤کاتژێردا خۆری ئاوابوو.

کۆتا شەوی سەرۆک مانیفێستی ڕۆحی سەکردەیەکی فاشیستە کە لە دوا ساتەکانی ژیانی یەکبینە بەرگرییەکی گەورە هەم وەک سەرۆک و هەم وەک شۆڕشگێڕ و قارەمانێکی ئەفسوناوی مێژوویی لە کورسییەکەی دەکات، سەرۆکێک لە نێوان شپرزە و یۆتۆپیادا، سەرکردەیەک لە نێوان کەتواری وێرانە و لێکترازا و وەهمی ڕزگاری و سەرکەوتنی سەرتاسەری هاتوچۆدەکات، نووسەر زیرەکانە دوا کاتژمێرە تراژیدیاکانی ژیانی قەزافی و هەڵتەکاندنی ڕژێمە تۆتالیتار و هاوکات وێنەی شۆڕشی گەلی لیبیایمان زۆر بە ڕوونی بۆ دەگوازێتەوە، لەبەرئەوە لەم تێکستەدا دەرک بەوە دەشکێنین نووسەر هێندە وەک پەیامنێرێکی تەلەفزیۆنی کە ڕاستەوخۆ دیمەنەکانی شۆڕشمان بە ڕوونی بۆ دەگوازێتەوە مامەڵە دەکات، هێندە وەک ڕۆماننوسێکی تەکنیکار و وردگەرا و ئاڵۆزکار بەدی ناکەین.

**سەرۆک وەک خودا**

مێژووی ژیانی دیکتاتۆرەکان و سیستمە چەوسێنەرەکان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە هیچ سیستمێکی دیکتاتۆری نەبووە خۆی بە سیستمێکی تۆکمە و بەهێز پێناسە نەکردبێت، خۆی بە سیستمێکی بێ نوقسان و پێرفێکت وێنا نەکردبێت، خۆی بە سیستمێکی ئەفسوناوی و ناوازە کە مەرهەمی ئاڵۆزییە سیاسی و دەردە کۆمەڵایەتی و قەیرانە داراییەکان نەناساندبێت، هاوکات خودی سەرۆک و کەسی یەکەمی ئەم سیستمە ئایدۆلۆژییەش بێگومان لە وێنە سیاسییەکەیدا دەبێتە خواوەند، دەبێتە پاڵەوانە ئەفسانەییە مێژوییەکان، دەبێتە کارێزمای چرکەساتە تراژیدیاکان، دەبێتە خوداوەندی سەرفرازی نەتەوەیەکی ستەمدیدە و سەرکەوتنی گەلێکی پەرتەوەزە. هەڵبەت ئەم وێنانەمان لە سیستم و سەرکردە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە ڕوونی بەرچاوکەوتووە و قەزافیش یەکێکە لە وێنەی ئەم سەرۆکانە، قەزافی خۆی بە خوداوەندی گەلی لیبیایی و سەرخەری پرۆژەی گەلی لیبیایی بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و مافی و مرۆڤ و دیموکراسی ناساندووە.


و لەم ڕۆمانەدا نووسەر گەلێک ناوازە ئەم قەزافییەی نێو واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ نمونە دەنووسێت» من موعەممەر قەزافیم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی ئیمانت بە هێز بێت، ڕزگاربوون لەسەر دەستی من دێت، نە لە باوبۆران و نە لە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون دەترسم، دەست لە دڵم بدەن بزانن چۆن بەسەر جوڵەی پەرتەوازەبوونی خائینان‌دا زاڵ دەبێت»، قەزافی لە ستایشی خۆی بەردەوام دەبێت» من موعەممەر قەزافیم ئەو ئەفسانەیەی لە پیاوێکدا بەرجەستە بووە، ئاسمانیش کەوا ئەستێرەی کەم بۆتەمە و مانگیش هێندەی دەمی نینکبڕێکی ماوەتەوە بۆئەوەیە کە من تاقە درەوشاوەی جێبایەخ بم، با چی ئەهریمەنە کۆنەکانیان بەریانبدەنە ئەو فریشتانەی پاسەوانیم دەکەن، بەڵام هیچ هێزێکی شەڕەنگێز ناتوانێت من لە پەیامەکەم پاشگەز بکاتەوە»، یان دەنووسێت» ئەو پیاوە وردبینە کە هەرگیز بەهەڵەدا

ناچێت، زادەی پەرجوم ، ئەو پیاوەی خەڵک بە کابرایەکی سەیروسەمەرەی لەقەڵەم دەدەن، کابرایەک کە وەک منارەیەکی ناو دەریایەکی سەرشێت قیتبۆتەوە و بەباسکی داگیرساوی تاریکی غەدر و کەڤەژیلکەی شەپۆلە هەڵچووەکان دەسرێتەوە...»هتد

## دیکتاتۆر و کۆیلەکانی

دیکتاتۆرەکان تر سنۆکترین بوونەوەرەکانی دونیان، ئەوان بەبێ ئەوانیدی ناتوانن بژین و بەردەوامبن، ئەوان بۆ ئەوەی بمێننەوە، پێویستی سەد دەر سەدی ڕۆحی و جەستەییان بەوانیدییە نەک هەر ئەمەندە، بەڵکو دیکتاتۆرەکان وزەی خۆیان لەوانەوە وەردەگرت و بە گەروی ئەوان هەناسە دەدەن، دەتوانین بڵێین ئەوە دیکتاتۆرەکان نین کۆیلەکان دروستدەکەن، بەڵکو ئەوە کۆیلەکانن زۆرداران دەخوڵقێنن، وەک کەنعان مەکیە دەڵێت» ئەوە سەدام نەبوو عێراقی دروستکرد، بەڵکو ئەوە عێراق بوو سەدامی دروستکرد».

قەزافی کوڕی کۆمەڵگای لیبیاییە، بە مانایەک ئەو بوونەوەرێکی دەرەکی یاخود پەرجویەکی ئاسمانی نییە، بەڵکو بەرهەمی هەزاران کۆیلەیە و لە هەناوی ئەوانیشەوە هاتۆتە دەر، ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەیخوێنینەوە و بەتایبەت لەسەر زاری یەکێک لە خزمەتکارەکانی قەزافی کە لەم ڕۆمانەدا نوێنەری سەدان خزمەتکاری تر و دەیان دەستوپێوەندی خەساو لەڕووی فیکر و داماڵدراو لە ئەخلاق و سڕ لە ئاست ویژدان، نووسەر دەنووسێت «میللەتێک پێویستی بە جەنابتە برای سەرکردە، خێزانەکەی من دڵۆپێکە لەو ئۆقیانوسە، بۆمن مایەی




بەختەوەریەکی تەواوە لەبارودۆخێکی وادا لەپەناتەوەبم (بارودۆخێ شۆڕشی گەلی لیبیا ساڵی ٢٠١١)».یاخود «وڵاتەکەمان هەرگیز سەرکردەیەکی منەوەر و باوکێکی دڵسۆزی وەک جەنابتی بەخۆوە نەدیوە، ئێمە کۆمەڵێک خەڵکی دەشتەکی و سەروسەکوت خۆڵاوی بووین، شایەکی تەوەزل ئێمەی کرد بە پەڕۆی سڕین، بەڵام جەنابت ئێمەت کرد بە میللەتێکی ئازادی وەها کە ئیرەییان پێدەبردین» یاخود «برای سەرکردە هێز و توانا لەناو دڵدایە نەک لەناو سکدا، من برسیبم یا تینو هەرچوار پەلیشم لێکرابێتەوە هێزی ئەوەم تیا دەبێت بەرگری لە جەنابت بکەم »، هەڵبەت لە چەندین شوێنی دیکەدا نووسەر کۆیلەکانی دیکەی سەرۆکمان پێ ئاشنا دەکات کە بوونەتە پەروانەی دەوری قەزافی، نووسەر لەسەر زاری یەکێک لە پاسەوانانی قەزافی کە موقەدەمێکی سەربازییە دەنووسێت:

.قەزافی :شەڕەکە دەدۆڕێنین

.موقەدەم:برای سەرکردە ئەوە لیبیایە تۆ دەدۆڕێنێت.

یان دەنووسێت» تۆ مێژووت نووسیوەتەوە سەرۆک» ، «تۆ دیکتاتۆرنیت تۆ ڕێک ئەوەت کرد کە دەبایە بتکردایە» ، «نەدەبوو وابکەیت سەرۆک تۆ زیاد لە پێویست باوەشت بۆ میللەت کردەوە،

تا بوو بە میللەتێکی تەوزەل و دەروون ڕەش»، «وەک چۆن ئێستا لە ڕوسیا خۆزگە بە سەردەمی ستالین دەخوازنەوە، نەوەکانی سبەینێش خۆزگە بە تۆ دەخوازنەوە...»هتد

## مەرگی چاوەڕوانکراو

دیکتاتۆرەکان دەزانن چۆن دەمرن، مەرگی چاوەڕوانکراو بۆ ئەوان شتێکی نامۆ نییە، ستەمکارەکانی دونیا خۆیان نەخشەڕێگای مەرگی خۆیان دەکێشن و پلانی مردنیان دادەنێن، بەکورتی تابلۆی خۆرئاوابوونیان بەدەستی خۆیان دەکێشن، قەزافی دەیزانی چۆن دەمرێت، ئەو کە بەردەوام گومانی لە لایەنگران و ترسی لە دۆستەکانی هەبووە، دەیزانی ئەگەرەکانی چرکەساتی کوشتنی بە دەستی گەلەکە،هەمیشە ئەگەری زیندوو و کراوەن، ئەو دەیزانی دروستکردنی ژیانێکی ناڕاست و درۆینە، مەرگێکی ڕاستەقینەی لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوە لەم تێکستەدا مەرگێکی ئامادەکراو بۆ قەزافی دەخوێنینەوە، قەزافییەک کە ڕوون دەیزانی دەکەوێتە دەست کێ و بۆ دەکوژرێت.

# ئیلینور ئۆستروم لە ڕۆژاڤا: خاوەندارێتی گشتی، ئابوری و فێمینیزم

ئازادیی کۆمەڵگە
دێریک وڵ
لە ئینگلیزییەوە: نەبەز سەمەد

ئیلینور ئۆستروم تاکو ئێستا یەکەم ژنە کە خەڵاتی نۆبڵی لە ئابوریدا پێبەخشراوە. بەداخەوە، ئۆستروم لە ساڵی ٢٠١٢دا مردووە و بەگوێرەی زانینی من ئەو هەرگیز سەردانی سوریای نەکردووە، بەڵام ئەو ئەگەر لە ژیاندا بووایە، ئەوا ئەو شۆڕشە بوێرانەی ڕۆژاڤای خۆشدەویست. وەک سەوزێک (ئەندامی پارتی سەوز، کە پتر گرینگی بە ژینگە و ئیکۆلۆگی دەدەن. ن.س) من ئاگادارم کە کورد و هاوپەیمانەکانیان لە ڕۆژاڤا، سێ کانتۆنە سەربەخۆکەی باکوری سوریا، بەتەواوی لە سیاسەتی سەوز بەئاگان. ڕۆژاڤا لەسەر بنەمای پرنسیپە سەوزەکانی وەک خۆ-بەڕێوەبەری، فێمینیزم، یەکسانی، فرەیی و ئیکۆلۆگی دامەزرێنراوە. ئەوانە ئەو پرنسیپانەن کە ئیلینور ئۆستروم بەبەهێزییەوە گەشەی پێداون. من ئارگومێنتی ئەوە دەکەم، شۆڕشی ڕۆژاڤا شۆڕشی ئۆسترومە.

ئیلینور ئۆستروم خەڵاتی نۆبڵی بردەوە، لەبەر ئیشەکانی سەبارەت بە کۆ-خاوەندارێتی. ئەو چەندین دەیەی لە لێکۆڵینەوەی خاوەندارێتی گشتی، سەرچاوە هاوبەشەکانی وەک دارستانەکان، سامانی ماسی، مافی خاوەندارێتی هاوبەشدا بەسەربرد.


دێریک وڵ

ئۆستروم ئارگومێنتی ئەوە دەکا، ئابوری پێویست نییە لە دوو جۆری خاوەندارێتی تاکمەند (تایبەت) و دەوڵەت بکۆڵێتەوە، بەڵکو گەرەکە لە فۆرمە یاساییە هەمەچەشنەکانی خاوەندارێتی بکۆڵێتەوە، لەوانە ڕێگەی فرە بۆ پشکداری بەرێی کۆ خاوەندارێتییەوە.(...)

من ئاگادارم لە ڕۆژاڤا زۆر سەرچاوەی کۆ خاوەندارێتی وەک خاوەندارێتی هاوبەش/گشتی هەن، ئەوە لە خۆیدا، ئۆستروم دڵخۆش و شادومان دەکا. ڕۆژاڤا خاوەندارێتی گشتی وەک ئەلتەرناتیڤێك بۆ سۆسیالیزمی دەوڵەت بەکاردەهێنێ. لە ڕۆژاڤادا زەوی، ژێرخان، و بیناکان لەلایەن تاکەکانەوە خاوەندارێتی ناکرێن، بەڵکو لەلایەن ئەنجوومەنەکانەوە ڕێکدەخرێن و بەڕێوەدەبرێن. ئەنجوومەنەکان دەتوانن ئەو کەلوپەلە گشتیانە بدەن بە تاکەکان بۆ بەکارهێنان. خاوەندارێتی گشتی وەک ڕێگەیەک بۆ تۆڕی سەلامەتی ئەوانەی بەبێ سەرچاوەن و هەروەها ڕێگەیەک بۆ زیادکردنی بەکارهێنانی کەرەستەی سەرچاوەکانی کۆمەڵگە دەبنیرێ. خاوەندارێتی گشتی هەروەها ڕوویکی ئیکۆلۆگی و ژینگەیی ناوچەکە لەخۆدەگرێ وەک ئاو، پارکەکان، ژیانی کێوی و سروشت و تەنانەت ئاژەڵانی کێڵگەکان.

ئیلینور ئۆستروم جەخت لەسەر پرنسیپی خاوەندارێتی دەکا لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ئیکۆلۆگی. ئەمە لە ڕۆژاڤا پراکتیس دەکرێ، کاتێك بینایەکی وەکو

ماڵ یان بازرگانی کە لەلایەن کەسێک یان کەسانێکەوە بەکاردەهێنرێ، ئەوا لە ڕاستیدا بەکارهێنەرانی دەبن بە خاوەنی ئەو بینایە بەڵام ناتوانن لە بازاڕی کراوەدا بیانفرۆشن. (...)

پێم وایە هۆکاری دیکەی قووڵتر هەن بۆ ئەوەی ئیلینور ئۆستروم شۆڕشی ڕۆژاڤای خۆشبوێ. ئۆستروم و ڤینسنت ئۆسترومی هاوسەری بەبەهێزییەوە جەخت لەسەر خۆ-بەڕێوەبەری لەسەر بنەمای کۆنترۆڵی دیمۆکراتیک دەکەنەوە. دیموکراسیی لیبراڵ بۆ ئەوان بەتاڵە لە بەشداریکردنی ڕاستەقینە. دووەم شۆڕشی ڕووسی ساڵی ١٩١٧ ڕاستگۆ نەبوو لەگەڵ بەڵێنەکەی بۆ پێدانی دەسەڵات بە سۆڤییەتەکان و ئەنجوومەنە کرێکارییەکان. هەردوو ئۆستروم، ڕەخنە لە توندوتیژیی ئەمریکا، هاوکات شۆڕشی ئەمریکای ساڵی ١٧٧٦ وەها دەبینن کە لەسەر بنەمای پرنسیپە ڕادیکاڵەکانی تۆم پاین و خۆ-بەڕێوەبەری دەوڵەت-شارەکانی چەرخێن ناڤین بونیادنراوە. لە ڕاستیدا، کاتێك ئێمە ئەوەمان دێتەوە یاد کە ئیکۆلۆگیستی جڤاکی و ئەنارکیستی ئەمریکی مورای بوکچین کاریگەری لەسەر شۆڕشی ڕۆژاڤا داناوە، ئەوا شایەنی ئەوەیە تێبینی ئەوە بکەین کە ئیدیالەکانی ئیلینور ئۆستروم زۆر هاوشێوەی ئیدیالەکانی بوکچینن.

ئۆستروم سیاسەتی دروشم ڕەتدەکاتەوە و هەوڵدەدا ئابوورییەکی سیاسی پراکتیکی لەسەر بنەمای کۆ-خاوەنداریتی، فرەیی و ئیکۆلۆگی بئافرێنێ. من پێم وایە زۆر لە تێگەیشتنەکانی ئۆستروم بۆ خەڵکی ڕۆژاڤا سەرنجڕاکێشن و دەیانەوێ لە ڕۆژئاڤادا خەبات بۆ ڕیاڵیزەکردن و بەدیهێنانیان بکەن.

ئیلینور ئۆستروم هەروەها ئابوریناسێکی فێمێنیستە. خەباتێکی زۆری کردووە لە ژینگەی ئەکادیمیدا بۆ سەرخستنی دۆزی ژن. ئۆستروم ئەگەر لە ژیاندا بووایە ئەوا بەڕێی سروشتی فێمێنیستی شۆڕشی ڕۆژئاڤاوە دەبزوێندرا. سیستەمێك کە ئامانجی تێکشکاندنی

> ## داعش "دەوڵەتی ئیسلامی" و ڕێکخراوە ئیسلامیستەکانی دی ڕق و کینەی مەزهەبی بۆ بونیادنانی ئەلتەرناتیڤەکانیان بەکاردەهێنن

باوکسالارییە بەڕێی سەرکردایەتی ژنەوە، ئەوا ئۆستروم هاوسۆز دەبوو بۆ شۆڕشی ڕۆژئاڤا.

شۆڕشێ ڕۆژئاڤا زۆر گرنگە. ئاخر ئەوە زۆر ڕوونە کە جیهانگەرایی نیو-لیبراڵ مۆنستەر (دڕندە) دەزێنێ. قەیرانی ئابوری و شکستی دارایی لەسەر بنەمای بیروڕای بێ بەڵگەی ناجەخت دەبێتە هۆی هێنانەگۆڕێی ڕق و کینە و نائارامی/نائاسایش. لە هەموو هەسارەکەماندا چ بیر لە دۆناڵد ترەمپ بکەینەوە یان لە مارین لی پێن ڕێبەرانی باڵی ڕاستڕەو نائارامی/نائاسایش بۆ بونیادنانی بزووتنەوەی سیاسی لەسەر بنەمای ڕەیسیزم بەکاردەهێنن. داعش (دەوڵەتی ئیسلامی) و ڕێکخراوە ئیسلامیستەکانی دی ڕق و کینەی مەزهەبی بۆ بونیادنانی ئەلتەرناتیڤەکانیان بەکاردەهێنن. بزووتنەوە سیاسییە توندڕەو و مەزهەبییەکان لە هەموو جیهاندا کێشەی گەورە بۆ نیو-لیبراڵیزم دروست دەکەن.

کوردان و هاوپەیمانەکانیان بەڕوونی فۆرمە تەسکەکانی ڕق و کینەی ناسیۆنالیزم ڕەتدەکەنەوە. پرۆژەی ڕۆژئاڤا بۆ دروستکردنی دیموکراسییەکی ژینگەدۆست کە بەها بۆ کۆمەڵە جوداوازەکان دادەنێ لەوانە کورد، عەرەب، ئەرمەنی، چیچانی... هتاد. بۆیە مۆدێلی ڕۆژئاڤا نەک تەنیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەڵکو بۆ هەموو هەسارەکەمان ئەلتەرناتیڤێکی کرۆکییە. ڕۆژئاڤا کاریگەرترین ئۆپۆزیسیۆنی سیاسەتی ڕق و کینەی داعشە. هەروەها ئەزموونێکی ئیکۆلۆگییە، بەڵام لە سەروو هەموو شتێکەوە ئەزموونێکی قووڵی دیموکراسییە، وەک ئەوەی کە لەلایەن ئیلینور ئۆسترومەوە پەسەند دەکرێ.

هیوادارم هەموو یەکێك لە ئێمە کە دەیەوێ جیهان لەسەر بنەمای دیموکراسی میللی کۆنترۆڵ بکرێ، نەک فۆرمەکانی کۆنترۆڵی نوخبەوە بەڕێوەببرێ، لە ڕۆژئاڤاوە فێرببێت. هەروەها گەرەکە ئێمە بەرگری لە ڕۆژئاڤا و لە کۆمیونیتییەکان بکەین لە تورکیا کە ئێستا لەژێر هەڕەشە و توندوتیژیی سوپای تورکیا دان. من دڵنیام کە ئەوە ئەرکێکە ئیلینور ئۆستروم بەشداری تێدا دەکرد و هەروەها دڵنیام ئیشەکانی ئۆستروم لەبارەی خاوەنداریتی گشتی و خۆ-بەڕێوەبەری زۆریان پێیە ببەخشن بۆ هەوڵدانەکانی ڕۆژئاڤا بۆ ئەفراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و فرەیی ڕاستەقینە.

# کۆمەڵگە لەنێو بەرداشی دەسەڵاتدارێتیدا



ئازادیی کۆمەڵگە
خەبات ئاندۆک

کۆمەڵگە شێوازی ژیانی مرۆڤە، قسە کردن لە سەر کۆمەڵگە قسەکردنە لەسەر مرۆڤ، بەدەر لە مرۆڤ لە زیندەوەری دیکەدا کۆمەڵگەبوون نییە. کۆمەڵگە کۆبوونەوەی مرۆڤە لە دەوری یەک و هەلومەرجی هەبوون و مانەوەی مرۆڤە. کۆمەڵگەبوون وەڵامی ئەو پرسیارەی مرۆڤە کە چۆن دەیەوێ بژی، تاکەکەسیانە یان پێکەوەییانە. کۆمەڵگەبوون و مرۆڤبوون دوو پەیڤی پەیوەستە بەیەکەوە و بێ یەک نابێت. راست نییە کاتێ دەگوترێت سەرەتا مرۆڤ دروست بووە و دواتر کۆمەڵگە. لە سەرەتای مرۆڤبوونەوە، کۆمەڵگەش هاوتەریب گەشەیکردووە، مێژووی مرۆڤبوون هاوکاتی دروستبوونی کۆمەڵگەبوونە. کۆمەڵگەبوونیش دەکرێت لە چەند خاڵێ سەرەکیدا گوزارەی لێبکەین:

**یەکەم:** کاتێ کۆمەڵگە پێناسە دەکەین سەرەتا دەڵێین کە کۆمەڵگە هەبوونێکی مێژووییە. بە کۆمەڵگەشەوە هیچ دیاردەیەک بێ مێژوو نییە. لە رووی بایۆلۆژیشەوە بۆ مرۆڤ بە هەمان شێوەیە. بۆ زمان، بۆ ئەقڵ و زانست، هتد. هەر دیاردەیەک مێژوویەکی خۆی هەیە. باس لە مێژووی سێ ملیۆن ساڵی پەرەسەندنی مرۆڤ دەکرێت، مرۆڤ لە پەرەسەندن و خرۆشانی گەردوونەوە دێت. بەو پێیە سەرەتای مێژووی مرۆڤبوون و کۆمەڵگەبوون لە سەرەتای دروستبوونی گەردوونەوەیە. کۆمەڵگەی رۆژی ئەمڕۆش کۆمەڵگەیەکی مێژووییە، کۆمەڵگەی سەرەتاش مێژوویەکی هەیە. بێ قسە کردن لەسەر مێژوو ناکرێت باس لە کۆمەڵگە بکرێت. بە سادەیی کۆمەڵگە هەبوونێکی مێژووییە.

**دووەم:** دەڵێین کە ئەقڵ-ژیری بۆ کۆمەڵگە پێویستە. کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ئەقڵ دا پەرەدەسەنێت ئەوەش بە ژیریەکی ئەنالتیک - شیکاری پەرەیسەندووە، بەو هۆیەوە، بەدەر لە مرۆڤ لە هەبوونەکانی دیکەدا شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیی نییە. مۆڵبوون و مێگەلبوون هەیە لە هەبوونەکانی دیکەدا، بەڵام وەک مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەماتیک بونیادنان و پێشخستن نەبووە، ئەو تایبەتمەندییەش بەهێزی ئەقڵ پەرەی سەندووە لە مرۆڤدا، پەیوەست بە ژیری هەستیاریەوە ژیری ئەنالیتیک- شیکاریی گەشەیکردووە و ئەوەشی کە مرۆڤ لە هەبوونەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە.

**سێیەم:** پێویستیەکی تری کۆمەڵگەبوونی مرۆڤ، زمانە. زمان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەورەترین شۆڕشە کە بەرپاکراوە، نەک زمانی ئاماژە-هێمایی و ئیشارەت بەڵکو زمانی دەربڕینی دەنگدار، لە مێژووی مرۆڤدا لە رووی بیۆلۆژیەوە پێویستی بە دوو قۆناغ هەبوو هەم قۆناغێکی پەرەسەندن و هەم لە ژیانی مرۆڤدا گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجام دا.

**چوارەم:** کەلتوری کشتوکاڵە. لەگەڵ ئەوەی کە پیشەسازی و کارگە و کاڵای جیاواز هێندە پێشکەوتووە، بەڵام هێشتاش مرۆڤایەتی لە هەموو دەڤەرێکی ئەم جیهانە بژێوی ژیانی و ئابوری لەسەر بنەمای کەلتوری کشتوکاڵی بەڕێوەدەبات، بۆ ئەو کەلتورەش ژیانی کۆمەڵگە مەحاڵە. بەڵام دەسەڵاتدارەکان خۆیان لەو کەلتورە دابڕی. دەسەڵاتدارێک نابینی کە کۆمیناڵ-هەرەوزی و کۆمەڵگەییانە بیر بکاتەوە و بژی. دەسەڵاتدارێک نابینی

کە ڕەگەزگەرا و دەسەڵاتخواز نەبێت. کۆمەڵگەیەک کە تەنیا لە ژن یان لە پیاو پێک هاتبێت، لە ریشەوە کۆتایی پێدێت. کۆمەڵگەبوون لە چوارچێوەی پەیوەندی راستی هەردوو رەگەز و هاوژیانی ئازاددا پەرەدەسەنێت، بەڵام ژن ئاراستەکارە و ژیان لە دەوروی ئەودا شێوە دەگرێت و ناوەندی ژیانیشە، لەسەر بنەمای ئەو خالانە دەکرێت، کۆمەڵگەبوون شێوە بگرێت.

ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو پێناسەیەی بۆ دەکەین چەند ناوی لێنراوە کە نزیکە لە راستی ئەو کۆمەڵگەیە، پێی دەڵێن کۆمەڵگەی رەگ، یان سەرەتایی یان راستەقینە. لەو کۆمەڵگەیەدا دەوڵەت و سەردەستی و بن دەستی نەبوو، دەسەڵاتخوازی، ڕەگەزگەرێتی و پارچەبوون نەبوو. نەک تەنیا لە نێو مرۆڤەکان یان رەگەزی جیاوازی مرۆڤدا، بەڵکو لەنێوان مرۆڤ و سروشتیش دا سەردەستی و بندەستی نەبووە. ژیان لە چوارچێوەی دیاردەیەکی هارمۆنی و یەکتەواوکەردا بووە، لەچوارچێوەی ژیانێکی دیموکراتیەک دا «بێ ئەوەی ناوی لێبنرێت» لەسەر بنەمای سروشتی خۆیان پێکەوە دەژیان. بەپێی ئەو پێناسەیە ئەو کۆمەڵگەیە وەک کۆمەڵگەی سروشتی دەکرێت پێناسە بکرێت. بە هۆی هەندێ فاکتەری جیاوازەوە کۆمەڵگەی چینایەتی ٥-٧ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە کۆمەڵگەی سروشتی دابڕا. واتە کۆمەڵگەی دابەشکاری و هەرەوەزی لەو ماوەیەدا لە لایەن ئایدۆلۆژیای پیاوسالاریەوە لەرێ لادرا، لە ڕێی کۆمیناڵبوون و کۆمەڵگەبوون دەرچوو. بەدوای ئەوەوە ئەو کێشانە هاتنە ئاراوە کە ئێستا مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنێت. پێشتر ئەو کێشانە نەبوو بەڵکو تەنیا کێشەکانی تێرکردن، زۆربوون و پاراستن هەبوون. ئەو سێ کێشەیە تەنیا کێشەی مرۆڤ نەبوون، بەڵکو کێشەی جۆرەکانی ئاژەڵان و ڕووەکیش بوون، کێشە هاوبەشەکانی هەموو هەبوونەکانە، بەڵام ئەو کێشانەی کە لە ماوەی ئەو حەوت هەزار ساڵەدا هاتۆتە ئاراوە کێشەی

**گرنگە ئەو چەمک و تێگەیشتنە باوە تێپەڕێنرێت کە لە پێوەری پێشکەوتن و دواکەوتندا هەیە لەسەر مێژوو و پرۆسەی کۆمەڵگەبوون**

هاوبەش نییە. ئەو کێشانەی کە ئێستا مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنێ تەنیا کێشەی مرۆڤ، مرۆڤ دروستی کردووە. لە نێو ئاژەڵان دا کێشەی رەگەزگەرێتی - سێکسیزم نییە. لە نێو ئاژەڵان و هەروەها لە نێو رووەکیش دا کێشەی دەسەڵاتخوازی نییە. بەڵام ئەو کێشانەی کە مرۆڤ لە مرۆڤبوون و کۆمیناڵی دەخات و لە دابەشکاری و پێکەوەیی دووردەخاتەوە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پەیوەندییەکی هیرارشی ساز ببێت، سەردەمێکی نوێیە کە پێی دەڵێین سەردەمی شارستانی ناوەندی یان سیستەمی هیرارشی – پلەداری و دەوڵەتی کە سیستەمی دەسەڵاتدارەکانە. پرسەکە ئەوەیە کە داخۆ لەو سەردەمەدا چەمکی کۆمەڵگەبوون و پێکەوەیی لەناوچوو؟. داخۆ لە قۆناغی ٧ هەزار ساڵەوە کۆمەڵگە چۆن ژیانی گوزەراند؟ دەکرێت بڵێین کە کۆمەڵگە لە راستی خۆی لایدا؟ لە کۆمەڵگەبوون دوورکەوتەوە؟ تەواو لە سروشتی خۆی دابڕا؟ بێ گومان نا. بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارەکان خۆیان لە کۆمەڵگە دابڕاند. لە کۆمیناڵی و هەرەوەزی و ژیانی سروشتی و مرۆڤبوون و کۆمەڵگەبوون دابڕان. هەڵبەتە هەرکەس دەسەڵاتدار و سەردەست نییە، بەڵام ژیانی کۆمەڵگە دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتدارییەوە، دەسەڵات ئەو کاریگەرییەی خۆی بەرێی رەگەزگەرێتی، دەسەڵاتگەرێتی، ئاینگەرێتی، برسیکردن، بێ ئیرادەکردن، کۆیلەکردن و رێبازی دیکە بەڕێوەدەبات.

گرنگە ئەو چەمک و تێگەیشتنە باوە تێپەڕێنرێت کە لە پێوەری پێشکەوتن و دواکەوتندا هەیە لەسەر مێژوو و پرۆسەی کۆمەڵگەبوون و پەرەسەندن. هەمیشە لەو پێوەردا ناوەندێتی ئەوروپا وەک بنەمایەک نیشان دەکرێت. خوێندنەوەیان بۆ مێژوو و کۆمەڵگە هەیە و بەپێی ئەو پێوەرە» هەموو شتێکی نوێ پێشکەوتووە و کۆنیش دواکەوتووە. مێژوو هەمیشە لە دۆخی پەرەسەندن دایە بەرەو قۆناغێکی پێشتر و هەرچی دیاردەکانی قۆناغەکانی چاخی دێرینە، کۆن و دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەیە».

ئەو خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکی ڕوانگەی دەسەڵاتدارێتیە و چەوتە. گەر لە دۆخی قەیران و گێژاوی ئێستای پەرەسەندنی مۆدێرنیتەی کاپیتالیزم بڕوانین، بە چی بڵێین پێشکەوتوو؟

دەکرێت پرسیاری پێوەرەکەی وەها بێت، داخۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگەبوون و هەموو دیاردەکانی تریش بەپێی وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە و سروشت یان نا؟. داخۆ جوڵە، هەڵسوکەوت، کردەی مرۆڤ بەپێی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە یان نا؟. دیاردەیەک بە پێی سروشتی مرۆڤ، پەرەبسەنێت، دیاردەیەکی پێشکەوتووە. شتێکی لە سروشتی مرۆڤدا بێ و مرۆڤ سەری خۆی پێوە قاڵ بکات و لێزیادبوونی تێدا ئەنجام بدات، لە خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا بێت، دەکرێت وەک پێوەرێکی پێشکەوتن ببینرێت. بەهەمان شێوەیە بۆ کۆمەڵگەبوونیش. ئەخلاق و سیاسەت دیاردەگەلێکی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. ئەوەشی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت ئەو پێوەرەیە. واتە ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا نایەت سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. ئەوە ڕاستیەکە هەمان کۆمەڵگەکان دەئافرێنرێن و بونیاددەنرێن، ئاماژەیەکی لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفەکانەوە کراوە و لە ژیانی ڕۆژانەش دا دەبینین ئەوەیە کە حەقیقەتی کۆمەڵگە حەقیقەتگەلێکە کە بونیاد دەنرێت، دەسەڵاتدارەکانیش دەیانەوێ لەو خاڵەدا کاریگەری لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە بکەن و بە پێی شێوازی ژیانی مرۆڤ یان کۆمەڵگە بونیاد دەنێین. بۆ نمونە شێوە بە ژیانی ژن، پیاو، منداڵ و کۆمەڵگە بە گشتی دەدات و کارێکی بونیادنان و دەستوەردانی زهنی لەسەر کۆمەڵگە دەکات. کۆمەڵگەی سروستیش دەیەوێ بە پێوەری ئەخلاق و وشیاری خۆی دەیەوێ شێوە بە مرۆڤ بدات. ئەوە بۆ کۆمەڵگەی بەراییش بە هەمان شێوە بووە و پاشماوە ئەرکۆلۆژییەکان بە زیادەوە ئەو ڕاستەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەی کە فاکتەرێکی

> **ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت حەقیقەتی ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵگە و مرۆڤە**

دەرەکی بەهێز نەبوو بۆ تێکدانیشی، بەڵام کۆمەڵگە بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی مرۆڤ و سروشت خۆی بە هێزی سروشتی و بزوێنەری خۆی، خۆی بونیاد دەنا. ئەگەر مرۆڤ بە هێزی شیکاری – ئەنالیتیکی نەبووایە کۆمەڵگەبوونی پێشنەدەخست. مرۆڤ هەوڵ دەدات ببینێ، لێی تێبگات و قاڵ بێتەوە، خۆی لە خۆی دا ئەو هەوڵی درککردن و بینینە، ئەخلاقی مرۆڤە، پێشخستنی کۆمەڵگە و پێکهێنانی ئەو درککردنە سیاسیبوونێتی بۆ چارەسەری پرسەکانی. نەک تەنیا بۆ کێشە سروشتیەکانی « تێرکردن، زۆربوون و پاراستن» بەڵکو بۆ هەموو ئەو کێشانەشی کە بە هۆی دەسەڵاتداری و پلەداری ڕووبەڕووی مرۆڤ و کۆمەڵگەش دەبنەوە. بیرکردنەوەی لە ڕێگاچارەی ئەو پرسانە، پرۆژە و پلانسازی دەکەوێتە خانەی ئەخلاقەوە، هەرچی کەوتنە جوڵە، نیشاندانی ئیرادە و بەشداری لە جێبەجێ کردن دا، دەکەوێتە خانەی سیاسەتەوە. تێبینی بکەن لە کۆمەڵگەی بەراییش دا ئەو کارانەی دەکرێت کاری بونیادنانە. دواتر کاتێ مێژوو بەسەر دووڕیانی کۆمەڵگەی سروشتی و دەسەڵات دا جیا دەبێتەوە، کۆمەڵگە درێژەی بە بونیادنانی خۆی دەدات وێڕای گوشار و فشاری شارستانی ناوەندی، بەڵام هێزی دەسەڵاتدار هەمیشە ویستویانە لەسەر کۆمەڵگە کارێکی ئاوەژووی بونیادنان بەڕێوەبەرن. ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت حەقیقەتی ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵگە و مرۆڤە، کە خۆی لە خۆیدا هەوێنی حەقیقەتی مرۆڤبوون و کۆمەڵگەبوونە. هەر دیاردەیەک لە مێژوودا تۆو و جەوهەری خۆی هەیە، لە کۆمەڵگە و مرۆڤ دا ئەو جەوهەرەش ئەخلاق و سیاسەتە. ئەخلاق و سیاسەت لە دەوڵەت دا نییە. بەر لەوەی دەوڵەت هەبێ ئەخلاق و سیاسەت هەبووە. دەوڵەت نەشمێنێت، ئەخلاق و سیاسەت هەر دەمێنێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەندێ دیاردە لە سەرەتاوە هەبووە و هەندێکی دیکە دواتر دروست کراوە. مرۆڤ و کۆمەڵگە بێ ئەخلاق و سیاسەت نابێت، بێ ئەوانە لە حەقیقەت و سروشتی خۆی دوور دەکەوێتەوە. ئەخلاق کۆمەڵگەبوونە، کۆمەڵگەبوونیش مەرجی هەبوونی

مرۆڤە. مرۆڤێکی بێ سیاسەت بوونی نییە و نابێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەبێ پێویستی بە کۆمەڵگەیە، بۆ کۆمەڵگەش جوڵە و کردە و هەوڵ پێویستە ئەوەش خۆی لە خۆی دا سیاسەتە.

بەهێزبوونی جۆری مرۆڤ تەواو گرێدراوی ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ ئاستی کۆمەڵایەتی بەستوویەتی، لاواز کردنی تاک، دڕندانەترین شێوازی بەکۆیلەکردن، ئەو ئاستەی تەنیاییە کە بەسەریدا سەپێنراوە، ئەو گۆشەگیرییەی کە تێیدا دەژی، کۆیلەکانی بەشێوەی مێگەلن. بازرگانە گوندیەکان و کارکەرانی شار دیسان کۆمەڵگایەکن، ناوەناوە یاخی دەبن و خۆیان وەبیردێتەوە، لەلایەکی تر تەنیایی فێرکەرێکی بێ وێنەیە، قۆناخی خەڵوەتگرتنی تەواوی پێخەمبەر و بیریارە بەناوبانگەکان ئەم راستییە نیشان دەدات. تاکێتی تاک (کەسێتی تاک) تادوایی زاراوەیەکی پڕ لە ناکۆکییە. لایەنێکی ڕووخسارەکەی لەدژی کۆمەڵگا هەر وەکو بڵێی لە زنجیرەکەی ڕزگاری دەبێ و بەسەربەستی دەگات، ئەو ڕێسایەی کە کۆمەڵگا پشت بەتوندوتیژی نەبەستێت بە ئەخلاق- ئاکار- بەناو دەکرێت. تاکڕەوی تاک فشار بۆ ئەم ئەخلاقە دێنێت. راستتر تاکڕەوی شارستانییەتی ئەوروپا لەگەڵ لاوازکردنی ئەخلاق گەشە دەکات. لەکاتێکدا پێشەنگایەتی کۆمەڵگا لەشارستانییەتی ڕۆژهەڵات بە بناخە دادەنرێت ، لە شارستانی ڕۆژئاوا تاک پێشەنگە، لەم پێناسەیەی تاکدا دوو ئەنجامی جیاواز دەردەکەوێت: لەکاتێکدا تاکی دەسەڵاتداری داگیرکاری بۆ پلە و نهۆمی ئیمپراتۆرییەتی بەرز دەبێتەوە و تاکی چەوساوە و ژێردەست لەنێو قووڵترین کۆیلایەتیدا دەژی، شتێکی ڕێکەوت نییە لەناو ئەو کۆیلایەتییە گشتگیر و قووڵکراوەی سیستەمی سەرمایەداری لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا بڵاویکردۆتەوە ڕووخساری دڕندانەی سەدەی بیستەمی لێبکەوێتەوە. سیستەمێک بەها مەعنەوییە بنچینەییەکانی لەدەست دابێت، هیچ شتێک نییە لەپێناو چاوچنۆکی و قازانج پەیڕەوی نەکات.

> **کەسانی ژنرۆتۆکرات بیریان لێکردۆتەوە کەچی لە کۆمەڵگە دابڕن، لە نێو کۆمەڵگەدا سەرەتا بە گەنجان دەستپێدەکەن چونکە ئەوانە سەرەتای هێزی ڕا و شکار بوون**

گرنگە کۆمەڵگە کار لەسەر راوەستاندنی کاریگەری دەسەڵات بۆ سەری بکات و خۆ لە هێرشە هەمەلایەنەکانی بپارێزێت، نەک تەنیا هێرشی جەستەیی بەڵکو مەعنەویش و زهنیش. کۆمەڵگە هەرتەنیا بەوەوە نەوەستێت بەڵکو بەدیلی خۆی بۆ چارەسەری پرسەکانیش بونیادبنێت، لە رووی تیۆری، ڕێکخستنی و کردەییەوە. چونکە سیستەمی دەسەڵاتداری و ئەوانەی بەڕێوەیدەبەن خۆپەرستن، بیر لە سنورەکانی دەسەڵاتی خۆیان دەکەنەوە کە چۆن فراوان بکەن، بۆ ئەوەش چاو دەبرێتە مەیدانەکانی کۆمەڵگە، دەسەڵاتدارەکانی بەرایی وەک کەسانی «ژنرۆتۆکرات- سەروەری پیرەپیاوان بەهۆی ئەزمونیانەوە» ئەوانە ئەو کەسانە بوو کە بیریان لە خۆیان. ئەو مرۆڤانە زهنیەتی دەسەڵاتداریان داڕشت بەڵام نەیانتوانی هەموو کۆمەڵگە بەو زهنیەتە ئاراستە بکەن چونکە زۆرێک لە مرۆڤەکان دەستیان لە ژیانی کۆمیناڵ- هەرەوەزی و کۆمەڵگەیی بەرنەداوە. شتی یەکەم کەسانی ژنرۆتۆکرات بیریان لێکردۆتەوە کەچی لە کۆمەڵگە دابڕن. لە نێو کۆمەڵگەدا سەرەتا بە گەنجان دەستپێدەکەن چونکە ئەوانە سەرەتای هێزی ڕا و شکار بوون، بە تێپەڕبوونی قۆناغ لەو هێزە بە ململانێیەکی بەردەوامی لەسەر بنەمای هەڵکشانی ژیری ئەنالیتیکی و لاوازبوونی ژیری هەستیاری لە پیاودا چینی دەسەڵاتدار دێتە ئاراوە کە هەزاران ساڵی خایاند. ململانێی دەسەڵاتداران راستەوخۆ لە بەرامبەر کۆمەڵگەیە. مەیل و داوای دەسەڵاتداری بوار و بەرهەمی تایبەتە. ئەو بوار و بەرهەمە تایبەت لە کۆمەڵگە زەوت دەکات و بەسەریشەوە دەبێتە دەسەڵاتدار. نەبێتە دەسەڵاتدار ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. ڕێبەر ئۆجالان دەڵێ» کۆمەڵگە بێ دەوڵەت هەیە، بەڵام دەوڵەتی بێ کۆمەڵگە بوونی نییە» واتە هەموو دەسەڵاتدارەکان

پێویستیان بە کۆمەڵگەیە، نەک لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگەییانە بیر دەکەنەوە یان دەیانەوێ کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکەن، بەڵکو بارن بە بەسەر کۆمەڵگەوە و دەیانەوێ هەمیشە کۆمەڵگە بۆ ئەوانە کار بکەن. گەورەترین و فراوانترین داگیرکەری یەکەم لەسەر زهنیەتی کۆمەڵگە بەڕێوەبراوە و لە کۆمەڵگەش دا یەکەم داگیرکەری و هێرشی زهنی لەبەرامبەر ژن بەڕێوەبراوە. تێبینی بکەن دەسەڵاتدارێک نابینی کە بە کۆمەڵگە بڵێ تۆ بەهێزی و دەتوانیت خۆت بەڕێوەببەیت، خۆت بپارێزی و پشت بە خۆت ببەستە، بەڵکو هەموو دەسەڵاتدرارەکان بە درێژایی مێژوو بە مرۆڤ و کۆمەڵگەیان وتووە تۆ بێهێزی و ناتوانی خۆت بەڕێوەبەریت. ئەوە بە ژنان دەڵێن، بەگەنجان و تەنانەت ڕۆژئاواییەکان بە ڕۆژهەڵاتیەکان دەڵێن ناتوانن خۆتان بەڕێوەبەرن. لە سەردەمی گریکەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەو دیدە لەبەرامبەر ڕۆژهەڵات هەیە کە « کۆیلەن، دڕندەن، لە دیموکراسی تێناگەن بۆ ئەوەی بە دەستی بێنن پێویستیتان بە ئێمەیە». خۆشی ئازاد دەبینن و لەوانەی دیکەش داوا دەکەن کە وەک نمونە چاویان لێبکەن، ئەمە تێگەیشتنی هەموو دەسەڵاتدارەکانە بۆ هەموو کۆمەڵگە چ لە ڕۆژئاوا بێ یان ڕۆژهەڵات تا ئێستا. نەک تەنیا ئەوەش بەڵکو گەمەیان بە ناسنامەی کۆمەڵگەش کردووە بۆ نمونە « دەڵێن کۆمەڵگەیەکی لیبرال، دەسەڵاتدار، کۆیلە، دیموکراتی، دژەدیموکراتی، فیوداڵ، ئاینی» چونکە ئەگەر لە کۆمەڵگە گەڕانایە کە بە سروشتی خۆیەوە بژی پێویست بەو ناوانە نەدەبوو. لە ڕاستی دا کە دەڵێین کۆمەڵگە مەبەست کۆمەڵگەیەکی سیاسی و ئەخلاقیە، کۆمەڵگەیەکی کە لەسەر جەوهەری خۆی مامەڵە دەکات. لیبرالیزم ناکرێت ببێتە شێوازی ژیانی کۆمەڵگە لەبەرئەوەی کە لیبرالیزم گەورەترین دوژمنی کۆمەڵگەیە،

**ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمیی سەرمایەداری لە زهنیەتی دەسەڵاتدارەکانەوە سەریهەڵداوە**

لیبرالیزمی ئایدۆلۆژیای فەرمی سەرمایەداریە. سەرمایەداریش پەرە بە سیستەمی کۆمەڵگەبوون نادات. سەرمادارى لە مێژووی مرۆڤایەتی دا زیاترین کاری لە دژی کۆمەڵگە کردووە. بە پەرشوبڵاوپێکردنی و لێکترازانی کۆمەڵگە، بە لەناوبردنی ئەخلاق، خۆی جێکەوتە دەکات. تاکڕەوێتی زەق دەکاتەوە لەسەر حسابی هەم تاکەکان خۆیان و هەم کۆمەڵگەش، بە دوای قازانجەوەیە و کۆمەڵگە بۆ ئەوە تەنیا ئامرازێکە. ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمی سەرمایەداری لە زهنیەتی دەسەڵاتدارەکانەوە سەریهەڵداوە. لە هەوێنی لیبرالیزم دا من منێتی هەیە، لە هەوێنی کۆمەڵگەدا کۆمیناڵی، یەکترتەواوکردن هەیە. دەستەواژەی « کۆمەڵگەی لیبرال یان فیوداڵ» دەستەواژەیەکی هەڵەیە. پێناسەیەکی بەپێی حەقیقەت نەبێت، دەرخستنی کۆمەڵگەیە لە حەقیقەتی خۆی. ئەو دەستەواژانە بە ئاگاییەوە دەکرێت بۆ لە هێزخستنی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگە. مەرج نییە تۆ کورسیت لە لای دەسەڵاتدارەکان نەبێ، بەڵکو کاتێ تۆ وەک ئەوان بیرت کردەوە، وەک ئەوان بپۆشی، وەک ئەوان قسە بکەی چ جیاواز نییە کە تۆ لە نزیکی ئەوان بی یان دوور، تەنانەت لە دژیشیان تێکۆشی و شەڕی بکەی، بەڵام کاتێ دید، کردە و تێگەیشتن وەک دەسەڵاتداران بێت، ئەوە دەکەویتە خانە و بازنەی ئەوانەوە. ڕۆح، هەست، بیرکردنەوەمان وەک دەسەڵات بێت ئەوە بێ گومان کردەوەمان جیاواز نابێت بەڵکو بەو پێیە دەبێت. دەسەڵاتداران سەرەتا ڕۆح، هەست و بیرکردەوەی کۆمەڵگەیان داگیرکرد. سیستەمێکی ئایدۆلۆژی زۆر پسپۆرانە بە دەزگایی کراوە و لە هەمان کاتیشدا ناهێڵن کە کۆمەڵگە دەزگای خۆی هەبێت. دەسەڵاتداری بەرایی زانیاری و خود وشیاری کۆمەڵگەیان داگیرکرد و ئەوەشیان بە لەناوبردنی مەعریفە و زانینی ژن دەستپێکرد، چونکە دەسەڵاتداری سیستەمێکی یەکدەستیە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا هیچ سەردەمێک بە قەت ئەم سەردەمە پەروەردە، تەندروستی و پاراستن یەکدەست نەبووە، بە هێندەی ئەم قۆناغە کۆمەڵگە بێ بەش نەبووە لە پاراستن و بەهێندەی ئەم سەردەمەش هێزی دەسەڵاتدار پڕچەک، بە چەکی ئەتۆمیشەوە. لەبەرئەوەی کە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی لەسەر بنەمای قۆرخکاری

و تاکڕەوێتیە، دابەشکار نییە بەڵکو هەژمۆنی و باڵادەست و ناوەندپارێزە. لە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەدا توانەوەی هەموو ڕەنگەکانی دیکە لە یەک رەنگدا خۆڕسکانە نەهاتووە، ئەنجامی ئەو زهنیەتی دەسەڵاتداریەیە. لە سیستەم دا لە زهنیەتەوە بگرە تا هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەیان لە دەستی خۆیان دا کۆکردۆتەوە، کۆمەڵگە بە خۆیەوە گرێدەدات و ناچاری خۆی دەکات، هەم زانینێکی چەوت بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ و لە ڕووی زهنیەوە داگیری دەکات.

دەبێ بۆ گۆڕانکاری لەو زهنیەتەدا سەرەتا مرۆڤ باوەڕی بە وزە و هێزی خۆی هەبێ بۆ گۆڕانکاری و وەرچەرخانی ڕیشەیی، کاتێ لە دۆخی هەنوکەیی کۆمەڵگە بڕوانرێت دەبێ بگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئازادی لەو شێوازەی ژیان دا نییە. سەرەتا دۆخەکە پێویستی بە چەند ئاماژەی گرنگ هەیە. ئۆجالان دەڵێ» دەبێ سەرەتا وەک مرۆڤی ئازاد لە خۆتان و دەوری خۆتان نەڕوانن، بەڵکو بەشێوەیەک لە خۆتان و دەوروبەرتان بڕوانن کە پێویستتان بە ئازادیە». ئەو ئاماژەیە هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆمەڵگەش وایە. کۆمەڵگەی سروشتی کە کۆمەڵگەیەکە بە سیستەمی دایک بەڕێوەبراوە، لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و سیاسی بوو، لەبەرئەوەی کە سەرقاڵ دەبوو بە پێشخستنی کۆمەڵگەوە، کۆمەڵگەیەکی ئازاد بوو، خۆی و کۆمەڵگەی لە یەک دۆخ دا دەبینی و پارچەی نەدەکرد، چەند زانیاری بدۆزیبایەوە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی دەخستەگەڕ، بەڵام لە ماوەی ٧ هەزار ساڵ دا بەردەوام دەسەڵاتداران بە مرۆڤیان وتووە لاوازە و پێویستی بە هێزێکی دیکەیە بەڕێوەیبەرێت، بەڵام زانست سەلماندوویەتی کە هێزی هەموو گەردوون لە مرۆڤدا خۆی نیشاندەدات. ئەو کارە هزری و زهنیانەی کە دەسەڵاتداران کردوویانە مرۆڤیان لە راستی و سروشتی خۆی دوورخستەوە،

> **هەموو کۆمەڵگە لە دۆخێکی وادا لە نێو تێکۆشانی خۆبووندان، ئەوەی لە هاندەری تێکۆشانی خۆبوونمانە، ئەخلاق و سیاسەتە**

ئەوەی دەبێ بکرێت چییە؟ بۆ ئەوەی کە ئازاد ببین پێویستمان بە ناسینی حەقیقەتی کۆمەڵگەی سروشتی هەیە. مەبەست ئەوە نییە کە بگەڕێینەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ و وەک مرۆڤی ئەو سەردەمە بژین چونکە هێشتاش لە مرۆڤ دا ئەخلاق و سیاسەت هەیە. ئەوەی ئێمەی هێنایە ئەم چۆڵ و چیایەش هەر ئەخلاق و سیاسیبونمانە و ڕاپەڕینمانە لە دژی نادادی، ژنێک کە بیەوێ لە ژیانێکی دادوەرانەدا بژی ئەوە لە ئەخلاقیبوون و سیاسیبوونی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە.

ئەگەر تا ئێستا گەلی کورد، ژنان لە دژی دەسەڵاتداران رادەوەستن ئەوە لە هەبوونی ئەخلاق و سیاسیبوونیانە. هەموو کۆمەڵگە لە دۆخێکی وادا لە نێو تێکۆشانی خۆبووندان. ئەوەی لە هاندەری تێکۆشانی خۆبوونمانە، ئەخلاق و سیاسەتە. مرۆڤ لاواز دەبێ، کاریگەری سیستەم لەسەری هەیە و تەنانەت خۆپەرستیشی لا دروست دەبێ بەڵام دەسەڵاتداران هەرگیز ناتوانن لە ریشەوە ئەخلاقبوون و سیاسیبوونی کۆمەڵگە لە ریشەوە هەڵکێشن. ئازادی شێوازی ژیانە بە پێی پێوەری ئەخلاق و سیاسەت. چەند کۆمین و دیموکراتی بن ئەوەندەش ئازاد دەبین. چەند خۆ لە دەسەڵاتدارێتی بشۆرینەوە و لێی دووربکەینەوە و لە پێشبڕکێکانی هەڵکشانی دەسەڵاتداری دوورپەرێز بین ئەوەندەش ئازاد دەبین. مرۆڤ دەبێت بگاتە ئاستێکی خودوشیاری و زانایی کە دەسەڵاتداران دەرفەتی ژیانیان بۆ نەمێنێتەوە، چونکە دەسەڵاتداران لەسەر بێهێزی و لاوازی کۆمەڵگە و مرۆڤ درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن، لەسەر ناوشیاری و بێڕێکخستنی کۆمەڵگە هەن. ئەوە بۆ ئازادی ژن لە ئاست ژهنیەتی باوکسالاری، هەروەها دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت نەتەوەکان و سەرمایەداری بە هەمان شێوەیە. مرۆڤەکان چەند ئازاد بن، دەسەڵاتداران بەهێندە دەمرن و لەناودەچن. ژن چەند ئازاد ببێت زهنیەتی دەسەڵاتدارێتی باوکسالاری هێندە هەڵدەوەشێت.

# کەتەلۆنیا و کوردستان لە پایزێکی گەرمدا



ئازادیی کۆمەڵگە
عەلی مەحمود محەمەد

لە ماوەی ١٧١ ساڵی رابردوودا، لە جیهان ١٠٨ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بە فەرمی و نافەرمی بە ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠٠٥ی کوردستانیشەوە ئەنجامدراوە، چاوەڕوان دەکرێت یەکەم هەفتەی پایزی گەرمی ئەمساڵیش دوو ریفراندۆمی پڕ لە کێشە و چون یەک و نزیک لە یەک لە کات و هەڵوێستی نێودەوڵەتی و دابەشبوونی بەرەکان لە کوردستان و کەتەلۆنیا ئەنجام بدرێت، کەتەلۆنییەکان دەیانەوێت بە کۆماری سەربەخۆوە بچنە ناو ساڵی ٢٠١٨ ەوە، وەلێ دەسەڵاتدارانی کوردستان کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و شێوازی دەسەڵاتداریەتییەکەیان تا ئێستا رانەگەیاندووە، نازانین بە چ جۆرە کەشتییەک دەمانبەنە جیهانی سەربەخۆییەوە.

خەریکە بە تێپەڕبوونی کات، چەمکی ریفراندۆم جێگای خەباتی چەکداری لە جیهاندا بۆ رزگاری و سەربەخۆیی بگرێتەوە، رۆژ بە رۆژیش ئەم چەمکە زیاتر شوێن پێی خۆی نەک بۆ سەربەخۆیی بگرە بۆ سەرجەم خواستەکانی مرۆڤایەتی بکاتەوە، ئەمرۆ لە سەرتاسەری جیهان سەدان پارتی سیاسی لە دەیان وڵات کار بۆ چەسپاندنی دیموکراسی راستەوخۆ دەکەن لە بری دیموکراسی نوێنەرایەتی مردوو کە نەیتوانیوە چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ بکات، ریفراندۆم یەکێک لە پایە گرنگەکانیەتی، مەسەلەی ریفراندۆم نەک تەنها بۆتە باو لەو وڵاتانەی تەنگەژەی ئابوری و سیاسیان هەیە و لە رووی پێکهاتەیی ئاینی و نەتەوەییەوە فرەیین، بەڵکە چەندین هەرێمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هەر لە کالیفۆرنیاوە بگرە تا بۆرتریکۆ تازەترینیشیان دورگەی گوامییە داوای ریفراندۆم دەکەن بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی، هەندێکیان بەهۆی دەوڵەمەندی و هەندێکی ترشیان بەهۆی پەراوێزخستن و داگیرکارییەوەیە، کەواتە تا دێت خواستی سیاسی لەسەر کاڵای ریفراندۆم زیاد دەکات و گەردەلولی ریفراندۆم رەشماڵی سایکیس بیکۆکانی رابردوو رادەماڵێت و لە رووی سیاسیشەوە دیموکراسی راستەوخۆ پەلاماری دیموکراسی نوێنەرایەتی دەدات، کە بەم گەڕ و گولییەی ئێستای ناتوانێت وەڵام بە خواستەکانی مرۆڤایەتی بداتەوە.

## ریفراندۆمی کەتەلۆنیا

بڕیارە یەکی ئۆکتۆبەر کەتەلۆنییەکان ((کەتەلۆنیا یەکێکە لە هەرێمەکانی ئیسپانیا، رووپێوەکەی ٣٢،١٠٦ کیلۆمەتر دووجارە و ژمارەی دانیشتوانیشی ٧،٥٣٩،٦١٨ کەسە لەوانە ١١٠٤٧٨٢ کەسیان بێگانەن کە دەکاتە نزیک ١٥٪، کۆی بەرهەمی نەتەوەیی لە ساڵی ٢٠١٢ ٢٥٥،٢٠٤ ملیار دۆلارە، قەبارەی ئابورییەکەی هاوتایە بە ئابوری پاکستان و کۆڵۆمبیا، داهاتی تاکی ٣٣،٥٨٠ دۆلارە لە ساڵێکدا)) بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و لە راپرسیەکدا دەنگ بە سەربەخۆیی هەرێمەکەیان یاخود مانەوە لە چوارچێوەی ئیسپانیا بدەن، کە هەر سێ پارتی کەتەلۆنی (چەپی کۆماری کەتەلۆنی Esquerra Republicana de Catalunya (ERC)، نزیکایەتی دیموکراتی کەتەلۆنی (راست Democratic Convergence of Catalonia (CDC))(١٧-١١-١٩٧٤دامەزراوە)، پارتی چەپگەرای کوبPopular Unity Candidacy (CUP) بڕیاریان لەسەر داوە لە پەرلەمانی هەرێمەکەیانەوە بە زۆرینەی ٧٢ دەنگ لە کۆی ١٣٥ کورسی پەرلەمانی هەرێمەکە، بە پاڵپشتی کۆمەڵێک پارت و گروپی دەرەوەی پەرلەمان کە زۆریان گروپی چەپگەرای دەستەبژێری بچوکن، لە بەرامبەردا پارتی گەلی دەسەڵاتدار (راستی پارێزگار) و سۆسیالست و پارتی راستگەرای سیودانۆس بە توندی دژی

ریفراندۆمەکەن، لەم نێوەدا لیستی پێکەوە دەتوانین پۆدیمۆس-شیوعی پشتیوانی لە پرۆسەی ریفراندۆم دەکەن و بە پرۆسەیەکی دیموکراسی دەزانن وەک تاکە پارتی نیشتمانی ناو پەرلەمان، وەلێ بەشێکیان لە گەڵ راگەیاندنی دەستبەجێی سەربەخۆیی نین و پێیان وایە پێویستە دەستوری وڵات بۆ ئەوکارە هەموار بکرێتەوە، ئەویش پێویستی بە سێ لەسەر چواری کورسییەکانی پەرلەمانە بۆیە محاڵە بەم نەخشە سیاسییەی ئێستاوە بێتە دی.

بڕیار وایە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە پەرلەمانی کەتەلۆنیا هەردوو یاسای راپرسی و پرۆژەی یاسای راپرسی بۆ مافی چارەی خۆنوسین پەسەند بکەن:

لێرەدا ئەوانەی دژ بە سەربەخۆین بەشداری دەنگدانەکە ناکەن و ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە بە نایاسایی دەزانن.

https://drive.google.com/file/ »
٠Bxrh_sv١paPsdFNiRDhrSndvTTA//d
«view

حکومەتی ئیسپانی بڕیاری داوە، ئەوەی بەشداری پرۆسەکە بکات بەهەر شێوەیەکە، بانگەشەکردن و رووانندنی مامەڵە،دەنگدان و بڕیاردان، لە هەموو شوێنە گشتییە حکومییەکان سزا بدات و لەکارەکانیان دووریانبخاتەوە، هاوکات هەڕەشەی راگرتنی بودجەشی لە هەرێمەکە کرد و کار گەیشتە سەر پەلاماری سەربازیش، وەزیری بەرگری ئیسپانیا دولوربس دی کۆزبیدال داوای لە سەرکردە سەربازییەکان کرد سەلامەتی و یەکپارچەیی ئیسپانیا بپارێزن، ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەی داگیرکردنی سەربازی و گەڕانەوە بوو بۆ سەردەمی دکتاتۆری فرانکۆ(١٩٣٦-١٩٧٥) لە بەرگی دیموکراسیدا، دوای پەلامارە تیرۆریستییەکەی بەرشەلۆنە وەزیری بەرگری ئیسپانی رایگەیاند ئێستا ئەوان لە ئینزاری چواردان، یەک هەنگاو ماوە بۆ ئینزاری ٥ تا ببێتە حوکمی عورفی لە وڵات، لە دوای سەردەمی جەنەراڵ فرانسیسکۆ فرانکۆوە یەکەمجارە سوپا بەو شێوەیە دابەش بکرێت، تەنانەت لە ١١ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٤ دا کە قاعیدە تەقینەوە خوێناوییەکانی مەدریدی ئەنجامدا کە ١٩١ کەس بوونە قوربانی و ١٧٥٥ کەسیش بریندار بوون، لە هەشتاکانیش کە سوپای ئیتای باسکی ٤٢٥ کەسی لە تەقینەوەیەکدا کوشت، کەچی لەوکاتانە حوکمی عورفی و هەڕەشەی سەربازی نەکراوە، ئێستا بە بەهانەی شەڕی تیرۆرەوە دەیانەوێت شەڕی کەتەلۆنییەکان بکەن، رۆژنامەی بایسی نزیک لە سۆسیالستەکان داوای لە کەتەلۆنییەکان کردواز لە ریفراندۆم بهێنن بەهۆی مەترسییەکانەوە، ئەمە هەڵوێستی سۆسیالستە ئۆپۆزسیۆنەکان بێت دەبێت دەسەڵاتدارە راستگەراکەی وڵات چی بڵێن؟، چاودێران پێیان وایە شۆفینیەتی حکومەت کە دەربڕی شۆفینیەتی نەتەوەی سەردەستە لە دوای دەسەڵاتی فرانکۆوە گەیشتۆتە پۆپە.

جگە لەوەی حکومەت هەڕەشە لە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی ١ی ئۆکتۆبەر دەکات، هاوکات لە ٦ی شوبات ئەرتۆر ماس و جوانا ئۆرتیغا دادگایی کران لەسەر ریفراندۆمە شکستخواردووەکەی ساڵی ٢٠١٤، لە مانگی ئازار لە ئەرتۆر ماس قەدەغە کرا بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە وەرگرتنی کاری گشتی (حکومی) دوور خرایەوە و سزای ٣٦٥٠٠ ئیرۆش درا.

**ریال و بەرشە**

ململانێی ریال و بەرشەلۆنە، ڕەنگدانەوەی ململانێی هەردوو پایتەختە،روحی ململانێی ئیسپان و کەتەلۆنیایە، ئەم ململانێ ٣٠٣ ساڵیە لە ١١ی ئەیلولی ١٧١٤ەوە تا هەنووکە بەردەوامە، لەو رۆژەوەی کەتەلۆنیا ئاڵاکەی هێنرایە خوارەوە لەسەردەمی فلیپی پێنج خرایە سەر ئیسپانیا و کۆتایی بە سەربەخۆیەکەی هێنرا دەستپێکردوە، کەتەلۆنییەکان ئەو رۆژە لە بیر ناکەن و هەر بۆیەشە ١١ ی سەپتەمبەر بە رۆژی سەربەخۆیی دەزانن.

لە ١٤ی نیسانی ١٩٣١ دا کۆماری کەتەلۆنیا تاک لایەنە راگەیەنرا فرانسیسک ماکیا کەسایەتی سەربەخۆی چەپ لە ساڵی ١٩٣١ لە لایەن پەرلەمان و حکومەت و دادگای لێپێچینەوەی کەتەلۆنیا دیاری کرا بە یەکەم سەرۆکی وڵات لە دوای ٢١٤ ساڵ داگیرکاری،لە ساڵی ١٩٣٢ لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی بەرەی گەل (سۆسیالست-شیوعی) لە ئیسپانیا، کەتەلۆنییەکان بە فەرمی ئۆتۆنۆمیان وەرگرت و زمانی کەتەلۆنیش بووە زمانی فەرمی وڵات.

وەلێ زۆری نەخایاند کاتێک سەرۆکی فاشیستی ئیسپانیا جەنەراڵ فرانسیس فرانکۆ کودەتای کرد لە ٨ی ئابی ١٩٣٦، حکومەتە چەپگەرا خاوەند ئۆتۆنۆمییەکەی کەتەلۆنیای هەڵوەشاندەوە و زمانەکەشیانی قەدەغە کرد، جوسیب سۆنال سەرۆکی یانەی بەرشەلۆنەی دەستگیر کرد و ئیعدامی کرد، دوای فرانکۆ و گەڕانەوەی سیستەمی پاشایەتی بۆ وڵات لە ساڵی ١٩٧٥ دا، لە راپرسی ساڵی ١٩٧٨ دا، ٩٠٪ی کەتەلۆنییەکان دەنگیان بە دەستوری دیموکراتی ئیسپانیادا، کە دان بە ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەکان و هەرێمەکان دەنێت لە ناویاندا کەتەلۆنیا لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی ئیسپانیا، ئێستا کەتەلۆنییەکان باجی

ئەم دەنگدانە دەدەنەوە.

ململانێ سیاسییەکان نێوان بەرشەلۆنەی داگیرکراو و ریالی داگیرکەر لە ناو یاریگاکانی تۆپی پێ ڕەنگی دایەوە تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٣ دا فرانکۆ هەڕەشەی توندی لە بەرشەلۆنە کرد کە نابێت بیباتەوە، هاوکات فرانکۆ هەڵدانی ئاڵای یانەی بەرشەلۆنەی قەدەغە کرد، وای لێهات بەرشەییەکان دەستەسڕی سپییان لە جیاتی ئاڵاکەیان بەرز دەکردەوە لە کاتی یارییەکانیاندا، بەم جۆرە چیرۆکی داگیرکردن و ژێر دەستەیی گەلێک لە یانەیەکی وەرزشدا ڕەنگی دایەوە، یاری یاری خۆیکرد بۆ سەربەخۆیی. ئێستا لە ١ی ئۆکتۆبەر لە دوا یاری سیاسی بەرشە و ریال دەبێت کێیان بیبەنەوە؟، تۆپ لە گۆڕەپانی بەرشەییەکانەوە دوا کاس لە ریال ببەنەوە.

### چوونەوە بەرەو ریفراندۆم لە پێناو سەربەخۆیی

کەتەلۆنییەکان بەوە ناسراون لە ناوچەکانی دیکەی ئیسپانیا رادیکاڵتر و چەپترن، خواستیان ئەوەیە لە سستەمی پاشایەتییەوە بگۆڕێن بۆ سستەمی کۆماری، بە پێچەوانەی سکۆتلەندییەکان خواستاری مانەوەن لە سستەمی پاشایەتی، لە هەمان کاتدا بزووتنەوە مەتڵەبییەکانی کرێکاران و خەڵک لەم هەرێمە بەهێزە.

لەم خولەی تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی، لە ساڵی ٢٠٠٩ ەوە کەتەلۆنییەکان خەریکی راهێنانن لەسەر ریفراندۆم لەپێناو سەربەخۆیی، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ساڵی ٢٠١١، ریفراندۆمی نا فەرمی لە ٥٥٠ شاری کەتەلۆنیا لە کۆی ٩٤٧ شارەوانی هەرێمەکە ئەنجامدران وەک راهێنان و ئەزمونێک بۆ پرۆسە گەورەکە، ریفراندۆمی نا فەرمی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەستبژێرەکان ئەنجامی دەدەن فەرمی نییە، تەنها ئەزمون و راهێنان و تاقیکردنەوەیە بۆ ریفراندۆمی فەرمی، کە حکومەت پێی هەڵدستێت، دەتوانین بڵێین راپرسیەکی پێشوەخت و راهێنانە بۆ ئەزموونی ریفراندۆمی فەرمی.

پەرلەمانی کەتەلۆنیا بۆ یەکەمجار لە ٢٣ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ ەدا بە زۆرینەی ٨٤ دەنگ لە کۆی ١٣٥ کورسی پەرلەمانی هەرێمەکە (Convergence and Union (CiU)) ٥٠ کورسی، Republican Left of Catalonia– (Catalonia Yes (ERC–CatSí) ٢١ کورسی Initiative for Catalonia Greens–United (and Alternative Left (ICV–EUiA) ١٠ کورسی، Popular Unity Candidacy– (Left Alternative (CUP) ٣ کورسی))، بڕیاری لە سەر بەڵگەنامەی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە رێگای ریفراندۆمەوەی دا بۆ کەتەلۆنیا، بەم شێوەیە چەپ و راست، کۆنزەرڤاتیف و شیوعی، ژینگەپارێز و پێشکەوتنخوازانی پارتە کەتەلۆنییەکان لە پێناو سەرخستنی پرۆسەکە رێک کەوتن و یەکیان گرت ،لەو ژمارەیە تەنها ٢١ دژ بوو، ٢٥یان بەشداری دەنگدانەکەیان نەکرد، دوای دەنگدانەکەی پەرلەمانی کەتەلۆنیا، ئەرتۆر ماس سەرۆک وەزیرانی راستگەرای کۆنزەرڤاتیفی هەرێمەکە بڕیاری ریفراندۆمی دا، ٩٢٠ شارەوانی لە کۆی ٩٤٧ شارەوانی پشتیوانی راپرسییان کرد. دوای ٢٠ رۆژ لە بڕیاری پەرلەمانی هەرێمەکە، هاووڵاتیان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

لە راپرسییەکە ٢،٣٠٥،٢٩٠کەس لە کۆی ٦،٣ ملیۆن دەنگدەر بەشدارییان کرد، بە پێی رۆژنامەی بایسی ئیسپانی رێژەکە دەیکردە ٣٧٪ی دەنگدەرانی کەتەلۆنیا،ێ بە پێی ئاماری حکومەتی کەتەلۆنیش بێت رێژەکە دەیکردە ٤١،٦٪ی دەنگدەران، لە سەرتاسەری کەتەلۆنیا، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ٨٤،٦٧٪ ی دەنگەکانی هێنایەوە، کە دەیکردە ٢١٩٨٧٠٧ کەس، لە شاری بەرشەلۆنەی پایتەخت رێژەکە دابەزی بۆ ٨٠،٤٣٥٪ ی دەنگدەران، بەشێوەی گشتی دەنگی بەڵێ لە لادێکان رێژەکەی زیاتر بوو لە شارەکان.

بەهۆی ئەوەی رێژەی بەشداربووان کەمتر بوو لە نیوە، ئەمەش بەهۆی بایکۆتکردنی لەلایەن پارتە نەیارەکانی سەربەخۆیی هەرێمەکەوە، بۆیە راپرسیەکە لە دوا ئەنجامدا شکستی هێنا، لە کاتێکدا لە هەردوو هەڵبژاردنی پێش راپرسیەکە و دوای راپرسیەکەی هەرێمەکە ژمارەی دەنگدەران ٤،١٣٠،١٩٦، ٣،٦٦٨،٣١٠ بوو، سەرباری ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا پەنابەران و هەڵنەگرانی ناسنامەی ئیسپانی مافی دەنگدانیان نییە، وەڵێ لە راپرسییەکە مافی دەنگدانیان بوو، دوای شکستەکە ئەرتۆر ماس سەرەک وەزیرانی کەتەلۆنیا وتی « وانەیەکە بۆ دیموکراسی»، راخۆی سەرەک وەزیرانی راستگەرای ئیسپانیاش وتی شکستێکی قوڵە، هەرچەندە پێشتر دانیان نەنا بە ریفراندۆمەکە، وەڵێ لە کۆتادا ئەنجامەکەیان قۆزتەوە و نەیانتوانی بێدەنگی لێبکەن و هەناسەی خۆشیان لەبەردەم ئەنجامەکەی هەڵکێشا.

لە ناوخۆی ئیسپانیا،پارتی گەلی راستگەرای دەسەڵاتدار کە لەو خولەی پەرلەماندا خاوەند ١٨٦ کورسی بوو، بە توندی دژ بە ریفراندۆمەکە بوو، پارتی سۆسیالست –ئۆپۆزسیۆن «چەپی ناوەند» خاوەند ١١٠ کورسی و دژ بە ریفراندۆمەکە بوو، چەپی یەکگرتوو (شیوعی –سەوز) ١١ خاوەند کورسی

لەگەڵ راپرسییەکەدا بوو،پارتی نەتەوەیی باسکەکان خاوەند ٧ کورسی پشتیوانی سەربەخۆیی کەتەلۆنییەکان بوون، بەشێوەی گشتی سەرجەم پارتە چەپ و پارتە هەرێمییەکانی باسک، بلنسیە، جالیکی و ئەندەلوسی پشتیوانی سەربەخۆیی کەتەلۆنییەکان بوون، بەمەش هێزە سیاسییەکان بوونە دوو بەرەی لایەنگر و نەیار، وەلێ پارسەنگ بەلای هێزەکانی دژدا دەشکایەوە.

دوای شکستی راپرسییەکە دوو هەڵبژاردن (ئیسپانی و کەتەلۆنی) ئەنجامدرا(لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کەتەلۆنیا، ١٨ی یۆنی پەرلەمانی ئیسپانیا لە ٢٠ی دیسەمبەری ٢٠١٥ و ٢٦ی یۆنی ٢٠١٦) و پارسەنگی هێزەکانی گۆڕی، لە ناوخۆی کەتەلۆنیا سەربەخۆخوازە دەسەڵاتدارەکان کە بە لیستی پێکەوە بەرەو بەڵێ (Convergence and Union CiU)) ) بەژدار بوون (( لیستەکە لە چوار پارتی سیاسی کەتەلۆنی پێک هات کە بریتین لە : Democratic Convergence (CDC (of Catalonia ٪٤١، Esquerra (ERC (Republicana de Catalunya ٪٢٧، Democrats of Catalonia ((DC ٪٥، Moviment d›Esquerres ((MES ٪٣، Independents٢٤٪ )، هەرچەندە هاوپەیمانیان دروست کرد و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی نا حیزبیان هێنایە ناو لیستەکەیانەوە، وەلێ ژمارەکەی کورسییەکانیان لە ٧١ کورسییەوە بۆ ٦٢ کورسی دابەزی، هاوکات دەنگەکانیشیان ٤،٨٢٪ دابەزی، لە بەرامبەردا دوو پارتی نەیاری راستی توند و چەپی رادیکاڵی توندی لایەنگری سەربەخۆیی دەنگەکانیان سەرکەوت، ئەوانیش پارتی هاوولاتیانی راستگەرای نەیار Citizens–Party of the Citizenry (C›s)ژمارەی کورسییەکانی لە ٩ کورسییەوە بۆ ٢٥ کورسی بەرز بووەوە رێژەی دەنگەکانیشی ١٠،٣٣٪ چووە سەر، هاوکات پارتی چەپگەرای کوپ لایەنگری توندی سەربەخۆیی ژمارەی کورسییەکانی لە ٣ کورسییەوە بۆ ١٠ کورسی بەرز بوەوە،رێژەی دەنگەکانیشی ٤،٧٣٪ بەرز بووەوە.

لەسەر ئاستی ئیسپانیاش هەردوو پارتی گەل و سۆسیالست ژمارەی کورسییەکانیان دابەزی (پارتی گەلی دەسەڵاتداری راست ٤٩ کورسی و سۆسیالست ٢٥ کورسیان لە دەستدا) و دوو هێزی دیکە بەناوی پۆدیمۆس چەپ و سیودانۆس راست هاتنە پێشەوە، کە یەکەمیان پشتیوانی پرۆسەی ریفراندۆم دەکات، بۆخۆشی لەسەر بنچینەی کۆبوونەوەی گشتی (دیموکراسی راستەوخۆ) بڕیارەکانی دەدا و کۆنگرەکانی دەبەستێت، دووەمیشیان سەرسەختانە دژە، هاوکات پارتی چەپی کۆماری کەتەلۆنیش بە هێنانی ٩ کورسی کەوتە پێش پارتی نزیکایەتی دیموکراسی کەتەلۆنی راستگەراوە کە ٨ کورسی هێنایەوە).

لە ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥، پەرلەمانی هەرێمی کەتەلۆنیا بە زۆرینەی ٧٢ دەنگ لە کۆی ١٣٥ کورسی پەرلەمانی کەتەلۆنیا، نەخشە رێگای سەربەخۆیی کەتەلۆنیای بۆ ساڵی ٢٠١٧ پەسەندکرد وەک لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پەیمان درابوو، بەمەش ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی بووە کاری یەکەمی حکومەتی کەتەلۆنی.

دوای ٣ مانگ لە هەڵبژاردنەکان، دوای ململانێیەکی توند، دەنگنەدانی کوپ بە ماس وەک سەرەک وەزیران بەهۆی سیاسەتی تەقەشوفی ئابوری پیادە کراو لەسەردەمی ئەو، مەترسی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن و پێک نەهێنانی حکومەت بووە رۆژەف، بەهۆی ئەوەی ١٠ کورسییەکەی کوپ لە نێوان سەربەخۆ خوازان و دژبەرانییەوە رۆڵی مەلیکی دەگێڕا، تا لە ٢٧ی دیسەمبەر رێکەوتن کرا بە مەرجی گۆڕینی ماس ،پەرلەمانی کەتەلۆنیا «کارلس بیجیدمنت»

بە سەرۆک وەزیرانی هەرێمەکە هەڵبژارد ،ناوبراو پارێزگاری پێشووی شاری جیرۆنا بوو، هەرچەندە ئەویش سیاسەتی تەقەشوفی ئابوری پەیڕەو کرد لەو شارە، کوپ لە بەرامبەر پشتیوانییەکەی لە حکومەتی کەتەلۆنی کۆمەڵێک دەستکەوتی بەدەست هێنا لەوانە (ئاسانکردنی مافی پەنابەری، کارەبای خۆڕایی بۆ هەژاران، بیمەی تەندروستی، جێبەجێکردنی یاسای خوێندن و. ...).

دوای پێک هێنانی حکومەت و بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانەوەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، لە ٩ی یۆنی ٢٠١٧ بڕیاری ریفراندۆمی دووەم درا لە ١ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ، سەربەخۆیش لە دوای سەرکەوتنی بەڵێ لە دەستپێکی ساڵی ٢٠١٨ ((پرسیارەکە کە بە هەر سێ زمانەکەی ناو کەتەلۆنیا چاپ دەکرێت « ئیسپانی و کەتەلۆنی و ئارانیس «

« چاپ دەکرێت و دەپرسێت « ئایا دەتەوێت کەتەلۆنیا لە شێوازی کۆماری کەتەلۆنیا سەربەخۆ بێت»، واتا بەرشەلۆنییەکان جەژنی سەری ساڵیان تایبەت دەبێت ئەمساڵ و دەیکەنە دوو جەژن.

پەرلەمانی کەتەلۆنی یاسای پەرلەمانی هەموار کردەوە بە شێوازێک هەر یاسایەک یەک خوێندنەوەی بۆ بکرێت و تێپەڕێنرێت بە گفتوگۆیەکی کەمەوە، کە

چەپەکان ئەمەیان پێ نا دیموکراسییە، ئەمەش بۆ ئەوەی یاسای راپرسی بۆ مافی چارەی خۆنوسین لە پەرلەمان دەرچێت، کە ماوەیەکی کەم ماوە بۆ یەکی ئۆکتۆبەر و ئەنجامدانی ریفراندۆم.

راپرسیەکان لە ئێستادا دەریدەخەن ئەمجارە زۆرینە لەنێوان ٦٤ بۆ ٧٠٪ی هاووڵاتیانی کەتەلۆنی بەشداری راپرسییەکە دەکەن، واتا نزیک بە دوو هێندەی جاری پێشوو، کە ئەمە خاڵی لاوازی ریفراندۆمی پێشوو بوو، شکستەکەش لە کەمی بەشداربووانەوە بوو، نەک رێژەی بەڵێ کە گەیشتە زیاتر لە ٨٤٪.

لایەنگرانی پارتە دژبەرەکان ریفراندۆم لە هەرێمەکە ئەمجارەش بایکۆت دەکەن و بەشداری دەنگدانەکە ناکەن، نموونە لەناو ئەندامان و لایەنگرانی ٣ پارتی نیشتمانی لە هەرێمەکە تەنها (پارتی گەل ٥،١٪، سیودانۆس ٧،٨٪، پارتی سۆسیالستی کەتەلۆنی ١٧٪) بەشداری راپرسیەکەی یەکی ئۆکتۆبەر دەکەن.

دادگای ئیسپانی هەر جۆرە ریفراندۆمێکی مولزەم و نا مولزەمی رەتکردەوە، سکاڵای یاسایی حکومەتی ئسپانیای پشت راستکردەوە، رایگەیاند راپرسی ناکرێت ،ئەمەش وا دەکات ریفراندۆمەکە لای ئیسپانییەکان نا یاسایی و لە دەرەوەی یاسا بێت، بۆیە ئیسپانییەکان دان بە ئەنجامی ریفراندۆمەکە نانێن، وەڵێ دوو شت رۆڵ دەگێرێت بۆ سەرکەوتنی راپرسی ئەمجارە، زۆری رێژەی بەشداری و بەرزی رێژەی بەڵێ، گرەوەکە لە ئەنجامەکەیە نەک هەڕەشەکانی ئێستا.

### نەیارانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کەتەلۆنیا

ئەوە نەبوو تەنها راستگەراکان و سۆسیال دیموکراتە خیانەتکارەکان دژ بە ویستی گەلی کەتەلۆنی بن لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بە مەلیکی ئیسپانیا فلیپی شەشەمیشەوە، پارتی گەلی پارێزگار و سۆسیال دیموکرات و لیبراڵەکان دژ بە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا خۆپیشاندانیان کرد، لایەنگرانی سەربەخۆییخوازانیان بە کودەتاچی ناو برد و رایانگەیاند کەتەلۆنیا ئیسپانییە رێگا بە جیابونەوەی نادەن، هەموو باڵەکانی لیبراڵی سەرمایەداری دژ بە سەربەخۆیی گەلانی کەتەلۆن و باسک و گالیس و بلنسیە و ئەندەنوسیان بۆ دامەزراندنی کۆمارەکانیان.

لەسەر ئاستی دەرەوەش نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا و پەیماننامەی ناتۆ دژ بە ریفراندۆمی کەتەلۆنیا وەستانەوە، یەکێتی ئەوروپا رایگەیاند ئەوەی جیا بێتەوە لە وڵاتێکی ئەندام لە داهاتوو بەشێک نابێت لە یەکێتی ئەوروپا و پەیمانامەکانی یەکێتی ئەوروپا نایانگرێتەوە، ناتۆش هەمان هەڕەشەی دووبارە کردەوە، نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئامادە نەبوو بەشداری لە پرۆسەکە بکات، هەموو کەتەلۆنیەکانیان تەنیا جێهێشت، چونکە بۆ بەشداری نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپرسی گەلان بۆ سەربەخۆیی پێویستی بە رەزامەندی وڵاتی ناوەندییە، ئەویش ئیسپانیا بە توندی دژ بەو بڕیارەیە و هەڵوێستێکی نەیارانەی توندی گرتۆتە بەر.

پێشتریش ئیسپان و یەکێتی ئەوروپا هەمان هەڵوێستیان لە هەمبەر هەوڵی باسکییەکانی ئیسپانیا گرتەبەر، ئەوە بوو لە ٢٥ ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٨، باسکییەکان ویستیان راپرسی ئەنجام بدەن، دوای ئەوەی ٣٤ پەرلەمانتاری هەرێمەکە بە بەڵێ لە بەرامبەر ٣٣ دژ و ٧ دەنگیان نەدا براوە دەرچوون لە ناو هۆڵی پەرلەمانی هەرێمەکەیان، بڕیاری ریفراندۆمیان دا ،وەڵێ دادگای باڵای ئیسپانی رێگای نەدا ریفراندۆم ئەنجام بدەن، دواتر دادگای ئەوروپی بۆ مافی مرۆڤیش لە شوباتی ساڵی ٢٠١٠ەدا پشتیوانی لە دادگای باڵای ئیسپانی کرد و ئەنجامدانی ریفراندۆمی رەتکردەوە، باسکییەکانیش پاشەکشەیان کرد لە داواکارییەکەیان، وەڵێ کەتەلۆنییەکان کۆڵیان نەدا، وێڕای هەموو ئاستەنگی و رێگرییەکان تا ئێستا مکوڕن لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و جیابوونەوە، ئەمەش دەرگا بۆ گەلانی دیکە وەک باسک و گالیسیا و بلنسیە و ئەندەنوسەکان و. .... دەکاتەوە، چاوەڕوانی کەوتنی پولی دۆمینەکە بن.

### کوپ و راپرسی

پارتی یەکبونی گەل لە ١٤-١٢-١٩٨٦ دامەزراوە، خاوەنی ٣٨٢ کورسی لە کۆی ٩٠٧٧ کورسی شارەوانییەکانی کەتەلۆنیا و ١٠ کورسی لە کۆی ١٣٥ کورسی پەرلەمانی کەتەلۆنیایە، ١٩١٢ ئەندامی هەیە دووەم بچوکترین پارتی هەرێمەکەیە لە دوای پۆدیمۆس لە رووی ئەندامگیرییەوە، ناوەکەی لە ناوی هاوپەیمانی یەکبونی گەل بە سەرۆکایەتی سلفادۆر لیندی سەرۆک کۆماری شیلیەوە ناو نراوە، رێکخستنێکی دژ بە سەرمایەدارییە، بڕیارە گرنگەکان بە دەنگدانی هەموو ئەندامان و کاندیدە هەڵبژێردراوەکانی دەدرێت، باوەڕی بە دیموکراسی تەشارکی هەیە، خەبات دەکات بۆ کەتەلۆنیایەکی سەربەخۆی سۆسیالستی ژینگە پاک، دژ بەوەیە موچەی تایبەت بدرێت بە سیاسییەکان و مرۆڤ لەسەر سیاسەت بژێت، چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی خەباتکاران لەپێناو ((سەربەخۆیی کەتەلۆنیا، داکۆکی لە

مافی کرێکاران، داکۆکی لە زەوی، زمان، ناسنامەی نیشتمانی، دژایەتی باوک سالاری))، کوپ بەهۆی خەباتی دژ بە سیاسەتی تەقەشوف بە زۆر دەرکردن لە ماڵەکانیان توانی لە ماوەیەکی کورتدا ڕێژەی دەنگەکانی لە ٠،٦٥٪ لە ساڵی ۲۰۰۷ ەوە کە بۆ یەکەمجار توانی ۲۰ کورسی شارەوانی بباتەوە، بەرز کردەوە بۆ ۲،۱٦٪ لە ساڵی ۲۰۱۱، ۷،۱٤٪ لە ساڵی ۲۰۱۵، بۆ پەرلەمانی هەرێمەکەش لە ۳،٤۸٪ی دەنگەکان و ۳ کورسی کە بۆ یەکەمجار چووە پەرلەمانی هەرێمەکەوە لە ساڵی ۲۰۱۲، بۆ ۸،۲۱٪ ی دەنگەکان و ۱۰ کورسی پەرلەمانی کەتەلۆنیا، هەڵبژێردراوانی ناتوانن دووجار خۆیان کاندید بکەنەوە، بەهۆی شێوازی بڕیاردانەوە و ڕێکخراوەییەوە پێیان دەڵێن زاباتێستە شارنشینەکان تشابایس، بەهۆی ئەوەی کەتەلۆنیا خاوەند کلتورێکی گەورەی ئانارشیزم و تەحەرری و تعاونی یە، بۆیە زەمینە لەبارە بۆ گەشەکردن و جێکەوتنی شێوازی کارکردنیان لە کۆمەڵگادا.

کوپ زۆر بە توندی پشتیوانی لە راپرسی و جیابوونەوەی کەتەلۆنیا دەکات، هاوکات بەشداری هیچ هەڵبژاردنێکی ئیسپانی ناکات و کاندید پێشکەش ناکات، چالاکی سیاسی ئەو لەناو جوگرافیای کەتەلۆنیا و ئەو هەرێمانەیە کەتەلنییەکانی تێدا دەژێن وەک فالیسیا.

بۆ ریفراندۆمی یەکی ئۆکتۆبەر. کوپ لە ژێر دروشمی (یاخی بوونەوە لە ئیسپانیا، مافی چارەی خۆنوسین، کۆماری کەتەلۆنیا) هەڵمەتی پشتیوانی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کەتەلۆنیای دەست پێکرد، بەرەو کۆماری کەتەلۆنیای سۆسیالستی، کوپ لەلایەن بەشێک لە چەپەکانەوە تاوانبار کرا بەوەی پاشکۆی دوو پارتە بۆرجوازییە دەسەڵاتدارەکەیە، بەتایبەت حیزبی سەرەک وەزیران کە پارتێکی راستگەرای پارێزگارە و سیاسەتی تەقەشوفی ئابووری سەپاند بەسەر گەلی کەتەلۆنیا.

کوپ لە کاتی دەنگدان بە کابینەی حکومەتی کەتەلۆنیا، سێ مانگ راگەیاندنی کابینەکەی دواخست، رایگەیاند دەنگدان بە ئەرتۆر ماس مردنی ڕێکخراوە، هاوکات دەنگدان بە نا مردنی سەربەخۆییە، بۆیە وەک ئاماژەمان پێ دا، سەرەک وەزیرانی گۆڕی و کۆمەڵێک دەستکەوتی لە پێناو هەژاران و قوتابیان و پەنابەران و خانەنشینان وەدەست خست لەبەرامبەر سازشی دەنگدان بە کاندییدی راستی پارێزگار، لەهەمان ڕێکەوتن رایانگەیاند تا سەپتەمبەری ۲۰۱۷ پێویستە ریفراندۆمی سەربەخۆیی بکرێت.

کوپ پێی وایە ،ئەگەر سەربەخۆیی ئەمجارە نەبێت، ئەوا بۆ دە ساڵی داهاتوو قسە و باس لەسەر سەربەخۆیی نابێت، بۆیە دەبێت بۆ بەدەستخستنی سەربەخۆیی لەگەڵ هەمووان رێ بکەین.

**پشتیوانانی ریفراندۆم و هەڵوێستە دژەکان لەسەری**

چالاکوانانی چەپی رادیکاڵ پێیان وایە، پێویستە چەپەکانی ئیسپانی پشتیوانی لە مافی ریفراندۆمی کەتەلۆنییەکان بکەن دژ بە سەرکوتی حکومەتی راستگەرای ئیسپانی، ئەوان دەڵێن ئیسپانیا کراوەتە زیندانی بۆ گەلانی بن دەستی ئیسپانیا.

دژبەرانی سەرمایەداری ئیسپانی و کەتەلۆنی داوا دەکەن پشتیوانی لە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بکرێت وەک مافێکی دیموکراتی و ویستی زۆربەی کەتەلۆنییەکان، هەرچەندە ئەوان رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا دەگرن کە سیاسەتی تەقەشوفی ئابووری پیادە دەکات و بەرژەوەندی هەژاران نا پارێزێت، هەرێمەکەیان کردۆتە تاقیگای دابەزاندن.

جگە لە پارتی چەپگەرای پۆدیمۆس و حیزبی شیوعی ئیسپانی کە لە لیستی پێکەوە دەتوانین یەکیان گرتووە، کە ئەمانیش دوو بۆچونیان هەیە، بەشێکیان لەگەڵ جیابوونەوەن، بەشێکی دیکەشیان لەگەڵ ئەوەن مافی زیاتریان بدرێتێ لەوەی ئێستا هەیە، وەڵێ هەموو لەسەر مافی ئەنجامدانی ریفراندۆم کۆکن، پۆدیم لقی کەتەلۆنیای پۆدیمۆس رایگەیاند پشتیوانی لە ریفراندۆم دەکات، جیاوازیان لەگەڵ هێزەکانی سەربەخۆیی ئەوەیە باوەڕیان وایە دەنگدان مولزەم نییە، هاوکات نارازین لە راگەیاندنی سەربەخۆیی یەکسەر دوای ریفراندۆم.

پۆدیمۆس و بەرەی چەپ(شیوعی- سەوز) داوای گۆڕینی دەستوریان کرد بەوەی بتوانن ریفراندۆم بکەن، کە ئەمەش خەونە بەهۆی هەڵوێستی دوژمنانەی پارتە نیشتمانییە راستگەرا و سۆسیال دیموکراتەکانەوە بە تایبەت نیو لیبراڵەکانی سیودانۆس لەسەر پرۆسەی ریفراندۆم و جیابوونەوە.

هاوکات سەرجەم پارتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەو گەلانەی خواستاری جیابوونەوە و پێک هێنانی کۆماری سەربەخۆن و دەیانەوێت رزگاریان بێت لەو ستەمە سیاسییەی پاشایەتی ئیسپانی خولقاندویەتی بۆیان پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکەن و بە وردی چاودێری دەکەن تا بە دوایدا هەنگاو بنێن.

کەتەلۆنییەکانیش لەلایەن پارتە ئیسپانی و ئەوروپیەکانەوە بەرەو ڕووی رەخنە لە کات بوونەوە گرترا لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، بە هۆی کێشەکانی تیرۆر لە جیهان و بەرز بونەوەی کێرڤی

پارتە پۆپۆلیستەکان و قەیرانی ئابووری و حکومەتی کەمایەتی دەسەڵاتدار و ئەگەری هەڵبژاردنی سەرانسەری لە ئیسپانیا، وەڵێ ئەوان مەبەست کەتەلۆنییەکانە کاتیان پێ درەنگە و ٣٠٣ ساڵی ژێر دەستەیی دەیانەوێت کۆتایی پێ بهێنن.

### سەرمایەدارانی کەتەلۆنی و سەربەخۆیی

بە پێی راپرسیەک کە رۆژنامەی بەناو بانگی بایسی ئیسپانی بڵاوی کردۆتەوە، ٧٤٪ی سەرمایەدارانی ئیسپانی ترسیان لە جیابونەوەی کەتەلۆنیا هەیە و پێیان وایە زیان بە ئابوری ئیسپانیا دەگەیەنێت، بە پێی هەمان راپرسی تەنها٤٣٪ی سەرمایەدارانی کەتەلۆنی لەگەڵ سەربەخۆیدان، بەهۆی بەرژەوەندییە ئابوریەکانیانەوە زۆرینە لەگەڵ مانەوەدان لە زیندانی ئیسپانیا.

کەتەلۆنیا هەرێمێکی پێشکەوتوو نزیک ٢٠٪ی ئابووری وڵات پێک دەهێنێت و ساڵانە ٨ ملیۆن گەشتیار تەنها خۆی دەکات بە شاری بەرشەلۆنەدا و ٧٥ ملیار دۆلار قەرزیان هەیە.

بەرشەلۆنییەکان چاویان لەوەیە دوای سەربەخۆیی، وڵاتێک پێک بهێنن باجی کەم بسەپێنێت بەسەر کۆمپانیاکاندا وەک وڵاتانی چەشنی ئێرلەندا، بەمەش سەرنجیان رابکێشێت بۆ خۆی.

فایناشنال تایمز لەسەر زاری سەرەک وەزیرانی کەتەلۆنیاوە نووسی راخۆی سەرەک وەزیرانی ئیسپانیا سەربەخۆیی ئابوری زیاتری داوە پێمان لە بەرامبەر ئەنجام نەدانی ریفراندۆم، کەتەلۆنیا پێنج یەکی ئابوری ئیسپانیا بەرهەم دەهێنێت، وەڵێ تەنها ٩،٥٥ بودجەی وڵاتی پێ دەدرێت، ئیسپانیا دەزانێت پولی دۆمینەکە لە کەتەلۆنیا راناوەستێت و هەرێمەکانی دیکەشی بە دوادا دێت، بەڵکانێکی دیکە لە باشوری ئەوروپا چاوەڕوانیان دەکات، بەڵکانی پارچە پارچە بوون نەک جینۆساید.

ئیسپانیا ئێستا ١٤مین هێزی ئابوری جیهان و چوارەمی ئەوروپایە، ئەوکات پلەبەندییەکەی بۆ شانزە دادەبەزێت و بەرشەلۆنەش لە نێوان ٤٢ ەمین و ٤٣ یەمین ژمارە خۆی دەگرێتەوە، هاوکات لەناو یەکێتی ئەوروپاش لە رووی نوێنەرایەتی و قەبارەوە دادەبەزێتە خوارەوە، سەنگ و هێزی جاران لە دەستدەدات.

### هەنگاوەکان بەرەو ریفراندۆم

حکومەت هەڕەشە لە هەموو بەرپرسان و کارمەند و کرێکارانی کەرتی گشتی دەکات، بەشداری لە ریفراندۆم بکەن لە کارەکانیان دوور دەخرێنەوە، لای خۆشییەوە کەتەلۆنییەکان ریفراندۆمێکی یاسایی تەندروست ئەنجام دەدەن و بڕیار وایە لە پێش پایز یاسای ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش یاسای پەرلەمانیان بەشێوەیەک هەموار کردۆتەوە، بە یەک خوێندنەوە یاساکە دەنگی لەسەر بدرێت، ئەوان دەزانن دوای جیابونەوە چی دەکەن، بەرنامەی راگەیاندنی کۆماریان هەیە تەنها لە دوای دوو مانگ لە ریفراندۆمەکە.

بۆ ئەوەی ناو ماڵ خۆیان رێکخەن و پێگە لەناوەوە بەهێز بکەن ،لە ١٤ی تەمموز سێ وەزیریان لە کابینەی حکومەتی خۆجێیی گۆڕی بۆ ئەوەی هێڵی سەربەخۆیی بەهێزبکەن، ئەوانەی دودڵن دووریان بخەنەوە،لە ١٧ی تەممووزیش سەرۆکی پۆلیسی هەرێمەکەیان ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە پێیان وابوو دوودڵە لە پشتیوانی ریفراندۆم، لە بری ئەو بیر سولەر کرا بە فەرماندەی پۆلیسی کەتەلۆنیا کەسێکی نەتەوەییە، فەرماندەی ١٧ هەزار پۆلیسی هەرێمەکە دەکات.

### رووداوە خوێناویەکە و ریفراندۆم

حکومەتی ناوەندی دەیەوێت تەقینەوە خوێناویەکەی کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ١٧ی ئابی بەرشەلۆنە کە ١٥ قوربانی و ١٢٦ بریندار لێکەوتەوە کە هاووڵاتی ٣٠ وڵات بوون بقۆزێتەوە بۆ رێگرتن لە ریفراندۆم، هەڵمەتی یەکگرتن بەرامبەر تیرۆری راگەیاند کە لە راستیدا هەڵمەتە بەرامبەر ریفرندۆم و سەربەخۆیی.

بڕیار وایە پادشای وڵات فلیپی شەشەم بەشداری رێپێوانی ناترسم لە بەرشەلۆنە بکات، کە ئەمە یەکەم جاریشە لە دوای گەڕانەوەی پاشایەتی بۆ عەرش لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بەشداری وایان هەبێت لە کەتەلۆنیا، وەڵێ پادشا و بەرپرسان ئەمجارە لە پێشەوەی رێپێوانەکە نین، ئێرە بەرشەلۆنەیە دوا بەشداری پادشایەتییە لە چالاکییەکانی، خاوەند ماڵ نییە و لە ریزی پشتەوەیە، سەرۆکی چەپگەرای شارەوانی بەرشەلۆنە رایگەیاند، نوێنەری رێکخراوەکان، کۆمەڵەکان ئەوانەی گرنگیان بە رووداوەکە دا، لە شۆفێری تەکسییەکانەوە بۆ دوکاندار و خاوەند چێشتخانەکان گوڵ فرۆشەکان لە پێشەوە دەڕۆن.

رێپێوانەکە بۆنی کۆتایی تەمەنی پادشایەتی لێدێت لە کەتەلۆنیا، کەتەلۆنییەکان نەترسانە وەک رێپێوانی ناترسین دوا بزمار لە نەعشی پادشایەتی دەدەن و بە سەرپەرشتی خەڵک بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆن.

# هەرجارە

# و

# ناودارێك



محەمەد شێخۆ

یەکێکە لە بەناوباگترین هونەرمەندەکانی بواری سترانبێژی کوردی، ناوەرۆکی زۆربەی گۆرانیەکانی شێخۆ گوزارشت لە تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلەکەی دەکات، بۆیە چەندین جار راپێچی کونجی زیندانەکان دەکرێت، تا ماوەیەکی زۆریش رۆژئاوای کوردستانی جێشهێشتبوو و لە باشوور و رۆژهەلاتی کوردستاندا لە ولاتی خۆیدا بە ئاوارەیی خەریکی ئافراندن و چرینی گۆرانییەکانی بوو. لەبواری زیندکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیشدا رۆلێکی مەزنی بینیوە.

شێخۆ لەسالی ١٩٤٨ لە خێزانێکی هەژار لە قامیشلۆ لەدایکبووە کە خێزانەکەی خەریکی وەرزێری بوونە، شێخۆ لە بەیروت دەستی بەفێربوونی وانەکانی میوزیک کردووە. محەمەد شێخۆ هەر لە مندالییەوە بۆ ئەوەی پالپشتی دارایی بۆ خێزانەکەی دابین بکات لە کێلگەکەی مامی هەمیشە خەریکی جوتیاری بووە و هەر ئەوەش وایکرد کە ناوبراو تەنها تا پۆلی شەشی سەرەتایی بخوێنێت.

شێخۆ لە ١٩ی ئازاری ١٩٨٩دا کۆچی دوایی کرد و گەنجینەیەکی مەزنی هونەری لە دوای خۆیدا بەجێهێشت. تا ئەمرۆش گۆرانییەکانی لە هزری گوێگران زایەلە دەدات و لە مێدیا کوردییەکان پەخش دەکرێن، لەوێنەی گۆرانییەکانی "ئەی لە گولێ" و "نەسرین"...........تد.



نەفرەت لە بکوژانی فیکریی ئازاد

شەهید د.سیروان

سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ، شۆڕشگێڕێکی ڕووناکبیر

د.سیروان ناوی (کاوە عەلی ساڵح)ە، ١٩٦٤ - ١٩٩٦